# کوردستان
ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ دا ■ شەممە ١٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ ٥ی ئاوریلی ٢٠١٤ ■ ژمارە ٦٢٩ ■ www.kurdistanukurd.com




### کاربەدەستانی ئێران لە بڕیارنامەی ئەم دواییانەی پارلمانی ئورووپا تووڕەن

کۆمەڵێک لە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر بە توندی ڕەخنەیان لە پەسندکرانی بڕیارنامەی پارلمانی ئورووپا لە بابەت پڕۆژەی پێوەندییەکان لەگەڵ ئێران‌و چاوەدێریی بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لەو وڵاتە گرتوە. مەرزیە ئەفخەم، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران، ڕۆژی هەینی ئەم بڕیارنامەی یەکیەتیی ئورووپای بە هەوڵێک بۆ «گرتنەبەری هەڵوێستی بڕیاردەرانەو درێژەدانی ڕەوتی مەزنی خوازیی» ڕۆژئاوا لە قەڵەم داو گوتی ئەوە بە مانای تێکدان‌و خراپ کردنی ڕەوتی ئەم پێوەندییانەیە کە لە ماوەیەدا دەستیان پێ کراوەتەوە. هاوکات کۆمەڵێک لە پێشنوێژەکانی نوێژی هەینی لە ئێران زۆر بە توندی بە گژ ئەم بڕیارنامەیەدا چوونەتەوە، بۆ نموونە محەممەدعەلی مووەحیدی کرمانی، پێشنوێژی هەینیی تاران گوتی: خەڵکی ئێران ئێزن نادەن بنکەی جاسووسییەکی دیکە سەر لە نوێ لە ئێران دابندرێتەوە

## سکرتێری گشتی حدک لە مەراسمی «ڕۆژی شەهیدانی کوردستان» لە هەولێر:

# ئێمە دەبێ بە خەبات‌و تێکۆشانمان ڕێز لە شەهیدانمان بگرین



لە ٦٧ ساڵەی شەهیدکرانی قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان‌و هاورێیانی، ڕێوڕەسمێکی تایبەتی لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو.

ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، لە مێژ ساڵە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کراوە. ئەمساڵ تێکۆشەرانی دێمکورات‌و بنەماڵەی شەهیدان وێڕای چوون بۆ سەر گڵکۆی شەهیدان‌و سەردانی پێشانگای وێنەی شەهیدان لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب، لە هەولێریش لە مەراسمێکی تایبەتی‌دا بەشدار بوون.

لە ڕێوڕەسمی هەولێردا کە لەلایەن دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێکهاتبوو، نوێنەرانی حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان‌و دەیان کەسایەتیی سیاسی، کولتووری‌و کۆمەڵایەتی بەشدار بوون.

لەم ڕێوڕەسمەدا بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی لە بارەی ١٠ی خاکەلێوەو بیرو ئەندێشەو ڕێگەو ئامانجەکانی پێشەوا قازی‌و سەرجەم شەهیدانی کوردستان پێشکەش کرد دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەم ژمارەی «کوردستان»دا بڵاو بۆتەوە.

## ڕوانینمان بۆ هەڵبژاردنی شارەداری‌یەکان لە تورکیە

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو(٣٠ی مارسی ٢٠١٤) هەڵبژاردنی شارەداری‌یەکان لە سەرانسەری وڵاتی تورکیە بەڕێوە چوو. بەوپێیە کە ئەم وڵاتە هەم حەشیمەتێکی بەرچاوی کوردی لێ‌دەژی‌و هەم دەگەڵ هەرسێ پارچەکەی دیکەی کوردستان هاوسنوورە، ئێمە بەبایەخەوە دەڕوانینە ئاڵوگۆڕە گرنگەکانی تورکیە کە یەک لەوان هەڵبژاردنەکانە. بۆیە بەپێویست دەزانین ئاوڕێک وەسەر ئاکامەکانی ئەم هەڵبژاردنەی دوایی بدەینەوەو هەڵسەنگاندنێکمان بۆی هەبێ.

وەک هەموو لا ئاگادارن براوەی یەکەمی ئەم هەڵبژاردنە حیزبی دادو گەشەپێدان، حیزبی سەرۆک‌وەزیری ئێستای تورکیە بوو. چاوەدێرانی سیاسی بردنەوەی ئەم هەڵبژاردنەیان بە سەرکەوتنێکی گەورەی ڕەجەب تەییب ئەردوگان‌و حیزبەکەی‌و بە هێمایەکی دڵخۆشکەر بۆ سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری‌دا لەقەڵەم دا کە قەرارە لە پاییزی ئەمساڵدا بەڕێوە بچێ. ئەوسەرکەوتنە ئەوکاتە گرنگتر دێتە بەرچاو کە وەبیر خۆمان بێنینەوە ئەردوگان‌و دەوڵەتەکەی‌و تەنانەت بنەماڵەکەشی لە چەند مانگی ڕابردوودا بە توندی کەوتنە بەر هێرشێکی گەورەی تۆمەتبارکردن بە گەندەڵیی ماڵی‌و چەند کاربەدەستێکی دەوڵەتەکەشی لەوپێوەندی‌یەدا ناچار بەکشانەوە لە پۆستەکانیان بوون. کەوابێ ئەو سەرکەوتنەو بەتایبەتی بەدەستهێنانی دەوری٧٪ زیاتر لەو دەنگانەی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ی شارەداری‌یەکان‌دا بەدەستی هێنابوون ئەوە نیشان دەدا کە دەگەڵ هەموو ئەو ڕەخنەو کەموکوڕی‌یانەش، سیاسەت‌و بەڕێوەبەریی حیزبی دادو گەشەپێدان هەروا جێگای پەسندی بەشێکی زۆرتر لە دەنگدەرانی تورکیەیە.

بەشداریی زیاتر لە٩٠٪ی ئەوانەی هەقی دەنگدانیان هەبوو لەوهەڵبژاردنەش‌دا جگە لەوەی نیشانەی ململانەیەکی توندی حیزبەکان‌و ئۆگریی دەنگدەران بە بەشداربوون لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان‌دایە، ئەوەشمان پێ‌دەڵێ کە شارەدارەکانی بەپێچەوانەی وڵاتە بەڵالێدراوەکەی ئێمە خاوەن دەسەڵات‌و سەڵاحیەتن‌و ئەو کەسەی پۆستی سەرۆکایەتیی شارەداری‌یەک وەردەگرێ دەتوانێ بەوجۆرەی بۆخۆی بەقازانجی هاونیشتمان‌و هاوشارەکانی خۆی دەزانێ خزمەتیان پێ‌بکاو کەس لەسەرەوەڕا دارولەلەی بۆ دیاری ناکا.

ل ٣



خالید عەزیزی: ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی بەرزڕاگرتنی ئەندێشەو بیری بەرزی پێشەوا قازی محەممەدە

٥



کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان

٧



نەورۆز بۆ ئێمە، نەورۆز بۆ ئەوان

٩



هەڵبژاردنی شارەوانی‌و شووراکان لە تورکیەو ئاکامەکانی

١٠



لە بەرەبەری ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردی‌دا، وەفایێک بۆ ژۆرنالیستێکی دەروەست!

١١




## کاردانەوە بە درێژ کرانەوەی مەئموورییەتی ڕیپۆرتنێری تایبەتی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران



کەمپینی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران، لە بەیاننامەیەکدا کە ڕۆژی ٨ی خاکەلێوە دەری کرد، یەکێک لەم هۆکارانەی یارمەتی درێژ کرانەوەی حوکمی مەئمووریەتی ڕێپۆرتنێری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بابەت مافەکانی مرۆڤ لە ئێرانی داوە، هاوکاری نەکردنی ئێران لەگەڵ میکانیزمەکانی مافەکانی مرۆڤ زانیوەو بۆ وێنە گوتوویەتی کە کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ئێستا ڕێگەی بە هیچ مەئموورێکی تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەداوە سەردانی ئەم وڵاتە بکەن.

هادی قائیمی بەڕێوەبەری ئەم کەمپینە گوتوویەتی کە بە درێژ کرانەوەی ئەم حوکمە، شووڕای مافەکانی مرۆڤ ئەم پەیامە بەهێزە بۆ ئێران دەنێرێ کە هەر بە تەنیا قسە کردن مەسەلەکە چارەسەر ناکا، بەڵکوو کۆمەڵگای جیهانی پێویستی بە دیتنی ئاڵوگۆڕی ڕاستەقینەو مانادار لە بابەت بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران هەیە.

لە لایەکی دیکەوە حوسێن نەقەوی وتەبێژی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی‌و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی، ئەحمەد شەهیدی بە بەکرێگیراوی زایۆنیستیەکان‌و ڕێکخراوی سیا زانیوەو گوتوویەتی شووڕای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە نوێکردنەوەی مەئمووریەتی ناوبراو، بەدوای بیانوو دیتنەوە لە ئێران دا دەگەڕێ.

شایانی باسە ڕۆژی هەینی ٨ی خاکەلێوە، شووڕای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ بە دەرکردنی بڕیارنامەیەک مەئمووریەتی ئەحمەد شەهید، ڕێپۆرتنێری تایبەتی مافەکانی مرۆڤی نوێ کردەوە.

وتەبێژی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی‌و سیاسەتی دەرەوەی مەجلیس، ئەحمەد شەهیدی وەک بەکرێگیراوی زایۆنیستیەکان‌و ڕێکخراوی سیا ناو بردوە.

# یادکردنەوە لە شەهیدانی کوردستان لە ١٠ی خاکەلێوە لە کوردستان و دەرەوەی وڵات

## کۆیە

### بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی ١٠ ی خاکەلێوە لەلایەن حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە



حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە بەڕێوەبردنی ڕێورەسمێک بەبۆنەی هاتنەوەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی، وێڕای بەرزنرخاندنی یادو بیرەوەریی شەهیدان لەگەڵ ئامانجو ڕێبازی شەهیدانی کوردستان پەیمانی بەڵێنو وەفای نوێ کردەوە.

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان دوانیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممە، ١٠ی خاکەلیوە لە هۆڵی کتێبخانەی زەیتوون لە پارکی سامی عەبدوڕەحمان لە شاری هەولێر ڕێورەسمێکی بەشکۆی بەبەشداریی نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی باشوور، باکوور، خۆراواو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەدیبانو چالاکانی سیاسیو مەدەنیی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستانو ژمارەیەک لە کادرو پێشمەرگەو بنەماڵە شەهیدەکانی حیزب بەڕێوە برد. لەو ڕێورەسمەدا وێڕای ڕێزگرتن لە یادو بیرەوەریی سەرجەم شەهیدانی کوردستان، لەسەر ئەو پێشنیارە جەخت کرایەوە کە ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستان بکرێ بە ڕۆژی شەهیدان لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا.

ئەو ڕێورەسمە بە سروودی « ئەی شەهیدان»و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێکرد. لەو ڕێورەسمەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەو بۆنەیە وتارێکی پێشکێش کرد کە دەقی قسەکان لە لاپەڕی ٥ دایە

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا ناوی ئەو حیزبو لایەنانە خوێندرایەوە کە بەو بۆنەیە پەیامیان بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ناردبوو کە بریتی بوون لە: مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستان؛ کوما جڤاکێن کوردستان (p.k.k)، مەکتەبی سیاسیی حیزبی ڕزگاریی کوردستان؛ مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دێموکڕاتی کوردستان؛ دەستەی سەرۆکایەتیی حیزبی ڕزگاریی کوردستان؛ مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆماری کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران؛ ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان؛ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان؛ حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان؛ کۆمیتەی ١٩ی ڕێکخستنی بەحرەکەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، پارتی یەکیەتیی دێموکراتی ( پەیەدە)و پارتی یەکیەتیی دێموکڕاتی سووریە. هەڵبژێردراون لە نێوەرۆکی پەیامەکان لە لاپەڕی ٦ دایە.

لەم ڕێورەسمەدا فیلمێکی دێکیۆمێنتی لە ژێر ناوی «کاروانی نەپساوەی ڕێگەی تێکۆشان» پێشان درا کە ئاوڕدانەوەیەک بوو لە تایبەتمەندییەکانی پێکهاتەی کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی کوردستان بەتایبەت شەهیدانی حیزبی دێموکرات.

دوابڕگەی ڕێورەسمی ١٠ی خاکەلێوە لە شاری هەولێر سروودی « شەهید بە خوێنی بە ناحەق ڕژاوت» بوو کە لەلایەن کۆرسی کۆڕی هونەریی حیزبی دێموکڕاتەوە پێشکێشکرا.

پێشنیوەڕۆی هەمان ڕۆژ تاجەگوڵێنەو چەپکەگوڵ لەسەر مەزاری شەهیدانی دیموکرات داندراو دواتر سەردانی پیشانگای وێنەی شەهیدان کرا.

شایانی باسە ئەو پیشانگایە کە بە وێنەی نیزیک بە ٥٠٠٠ شەهیدی کوردستان ڕازابۆوە، لەلایەن کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزبەوە کرابۆوە.

## نۆروێژ

بەبۆنەی شەستو حەوت ساڵەی ساڵرۆژی ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاوی، لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی نۆروێژو بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانو هەروەها نوێنەری حیزبە کوردستانییەکان سێمینارێک بۆ کاک مستەفا شەڵماشی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبو بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو.

ئەو سمینارە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب»و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە فیداکاریو خەباتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە پێناوی ئازادیی خاکو نیشتمان دەستی لەو ڕێورەسمەدا کاک مستەفا شەڵماشی باسێکی لەم پێوەندییەدا پێشکێش کرد.

کاک مستەفا قسەکانی بە پێشکەشکردنی چەپکەگوڵی وەفاداریی بۆ سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان دەست پێکردو لەبارەی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەو واتای ئەم ڕۆژە گوتی: ١٠ی خاکەلێوە بۆ ئێمە چ دەگەیەنیو بۆ هەوڵدەدەین لە هەر جێیەکی کوردستان بین، ئەوانەی کە لە بیری داهاتووی گەلەکەیاندان لە دەوری یەک کۆببینەوەو ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە یاد بکەینەوە. ڕاستە ١٠ی خاکەلێوە بەبۆنەی شەهید بوونی گەورەترین پێشەوای کورد، سەرکۆماری کورد لە قۆناغی تازەی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلەکەمان‌داو هاوڕێکانی ناودێر کراوە، ئەوەش ڕاستە کە پێشەوا قازی محەممەد، پێشەواو سەرۆکی حیزبی دێموکراتی کوردستانو سەرکۆماری کوردستان بووە، بەڵام لەبیرمان نەچێ پێشەوای کورد لە ڕاستی‌دا هێماو ڕەمزێکە بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە قۆناغی تازەی خەباتی سیاسی‌دا. پێشەوا سەرکۆماری کۆمارێک بووەو لە ڕاستی‌دا چرایەک بوو کە لە بەشێک لە کوردستان هەڵکرا، بەڵام وێنەی هەموو کوردستانی تێدا بەدی دەکرا.

کاک مستەفا شەڵماشی لە بەشێکی دیکەی باسەکەی‌دا سەبارەت بە بەشداریی ڕۆڵەکانی کورد لە پارچەکانی دیکە بۆ ئاوەدانکردنەوەی زیاتری کۆماری کوردستان گوتی: مامۆستای ئەو قوتابخانانەی کە بۆ یەکەمجار لە کوردستانو لە سەردەمی کۆماردا دامەزران، لە باشووری کوردستانەوە هاتبوون. هەروەها لە ریزەکانی دیکەش‌دا چ لە ریزی ئەدەبی، چ لە سیاسیو پێشمەرگایەتی، ئەفسەرە لاوەکانمان لەبیرمان نەچێ، چوار ئەفسەر شەهیدەکەی باشوور کە هاتنو لە پێناوی کۆماردا گیانی خۆیان فیدا کرد. ئەمانە هەموویان ئەوە دەگەیەنێ کە غەدر لە خۆمان دەکەین ئەگەر ئێمە ڕۆژی شەهید بوونی پێشەوا، بە ڕۆژی شەهیدانی هەموو کوردستان نەزانین.

کاک مستەفا شەڵماشی لە ئاستی وەڵامدانەوە بە دەی خاکەلیوەو هەروەها بەجێگەیاندنی ئەرکو وەزیفەکان سەبارەت بە ڕۆژی شەهید بوونی پێشەوا قازی محەممەد گوتی: ئەوەی کە ئێمە هەموو ساڵێ یادی دەکەینەوە، ئەوە بەشێکی زۆر بچووکە لە ئەرکی ئێمە کە هەرگیز لە بیری نەکەینو یادی بکەینەوە بە پانتاییەکی بەرفراوانو لە هەموو کوردستان، بەڵام بەشەکەی دیکەی ئەوەیە کە درێژەدەری ئەو ڕێبازە بین کە شەهیدانی دەی خاکەلێوە سەریان لە پێناوی‌دا بەخشی.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب بە وەبیرهێنانەوەی



چەند وتەیەکی پێشەوا قازی محەممەد کە دەفەرموێ: «بە شەهید بوونی قازی محەممەدێک، خەباتی گەلی کورد کۆتایی نایە، سەدان قازی محەممەد دێنە مەیدانی ئەو خەباتەوە»، گوتی: ئێمە دەبێ ئەوە بسەلمێنینو هەروەها پێشەوا دەفەرمێ: «داوا لە هەموو ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەکەم هیچکات فریوی زەردەخەنەی دژبەرانی کورد نەخۆن». سێهەم شت کە دەبێ باس بکرێ ئەوەیە کە دەفەرمێ: «تەنیا ڕێگای سەرکەوتنتان لە دوارۆژدا یەکگرتنتانە».

ئەگەر ئێمە ئەو سێ پەندەی پێشەوا قازی محەممەد لەبەر چاو بگرین، ئەرکێکی یەکجار بەرفراوانو گەورەمان دەخاتەسەر شان، یەکەمیان ئەوەیە کە ئەو ڕێبازە دەبێ درێژە پێبدەینو درێژەپێدانی ئەو ڕێبازەش تەنیا بە دروشم نابێ، ئێمە بۆ خۆمان وەک نەوەی ئێستا ڕێبازەکە درێژە بدەین. ئەرکی دووهەممان ئەوەیە کە بە نەوەکانی داهاتووشی بسپێرین. ئەو ئەرکە لەسەر شانی تاک تاکی ئەندامانی کۆمەڵگای کوردەوارییە لە هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەو ئەرکە ئێمە تەنیا لە کاتێک‌دا دەتوانین بە بەرفراوانی بەجێبگەیەنین کە خەبات لە چوارچێوەی بیرو بۆچوون، لە چوارچێوەی شێوەی کاری حیزبایەتی خۆمان‌دا قەتیس نەکەین، هەموومان بەر لە هەموو شتێک یەکتر بناسینو «اعتراف» بە یەکتر بکەین، تەنیا خۆمان نەناسین. دەکرێ لە حیزبو ڕێکخراوی جۆراوجۆردا بین، بەڵام هەموومان لە ڕێبازی پێشەوادا بین. مەرج نیە حەتمەن لە حیزبێکی تایبەتی‌دا بین تا ڕێبازی شەهیدان درێژە پێبدەین، تەنیا ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان درێژەدەری ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەد نین، هەموو ئەو حیزبو ڕێکخراوە سیاسییانەو تەنانەت ئەو کەسایەتییە سیاسیو ئەدەبیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییانەی کورد کە دەیانەوێ خشتێک لەسەر دیواری ئەو ئامانجانەی کە پێشەوا لە پێناوی‌دا شەهید بوو دادەنێن، درێژەدەری ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەدن. بۆیە یەکێک لە ئەرکەکانمان ئەوەیە کە ئێمە لە پێش هەموو شتێک‌دا نە هەوڵ بدەین ڕۆژەکان تاپۆ بکەین، نە شانازییەکانیش هەموو لەسەر خۆمان تاپۆ بکەین، بگرە ئێمە هەموومان یەکتر قبووڵ بکەین. ئەوە یارمەتی دەکا بە وەدیهاتنی دووهەم پەندی پێشەوا قازی محەممەد کە «تەنیا ڕێگای سەرکەوتن لە یەکگرتنتاندایە»!

لە کۆتایی باسەکەی کاک مستەفا شەڵماشی دا چەند کەس لە بەشدارانی سێمینارەکە پرسیارو راوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە باسەکە بۆ بەشداران خستەروو کە پرسیارەکان لەلایەن کاک مستەفا شەڵماشییەوە وەڵام درانەوە.

شایانی باسە کۆری سروودی ئەندامانی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە خوێندنەوەی دوو سروودی «ئەی ڕەقیبو سروودی شەهیدان» بەشداریی سێمینارەکەیان کردو خوێندنەوەی پەخشانێکی حیماسی لەلایەن حەکیم حوسێن زادەو کردنەوەی پیشانگایەکی وێنەی شەهیدان لەلایەن کاک حەمەدەمین فەرهادی چەند بڕگەیەکی دیکەی ئەو سمینارە بوون.

## دانمارک

کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی دانمارک بە هاوکاریی بەشی پەروەردەو یەکیەتیی ژنان بە کۆبوونەوە لە سەر گڵکۆی چەند تێکۆشەری دێرینی حیزب کە لەو وڵاتە سەریان ناوەتەوە، ڕێزیان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی حیزبو گەل گرت.

لەو کۆبوونەوەیەدا کاک ناسر پیرانی و کاک عەبدووڵڵا بەهرامی بە وردی لە سەر بەرزڕاگرتنی ڕۆژی شەهیدانو یادەورەیی شەهیدانی حیزبو گەل قسەیان کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا ڕەشید قازی بە



نوینەرایەتی کۆمیتەی حیزب و ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە دانمارک چەند قسەیەکی پێشکەش کرد و گوتی ئامادەبوونی هاوڕێیان لە سەر گڵکۆی شەهیدان بە مانای ریزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی شەهیدە نەمرەکان و زیندوو ڕاگرتنی جووڵانەوەی نەتەویو نیشتمانیمان لە پێناو گەیشتن بە ئامانجی بەرزی شەهیدەکانمانە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا بەشداران دەستەگوڵیان لەسەر مەزاری نەمران داناو سەردانی گڵکۆی چەند تێکۆشەرێکی دیکەی حیزبی دێموکڕات کردو وێڕای دانانی چەپکە گوڵ لە سەر مەزاری ئەو نەمرانە پەیمانی وەفاو بەڵێنیان لەگەڵ نوێ کردنەوە.

## ڤانکۆڤەری کانادا

ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٩٣ بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی دانیشتوی ڤانکۆڤێری کاناداو چەند لایەنی سیاسی و ڕێکخراوی کولتوریو؛ بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کردو، دواتر بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە و گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان ساتێک بێ دەنگی ڕاگیرا.

لەو کۆڕیادەدا پەیامی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەلایەن کاک سمکۆ هەمزەیی، ئەندامی کومیتەی حیزب لە ڕۆژئاوای کانادا خوێندرایەوەو پاشان لەلایەن کاک کاوە سوور، نوێنەری کۆمەڵەی یەکسانی لە باکوری ئەمریکا چەند قسەیەک سەبارەت بە ڕۆژی شەهیدان پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا ئەنوەر کەریمی، بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژئاوای کانادا باسێکی لە سەر کەسایەتیی پێشوای نەمر قازی محەممەد پیشکەش کرد. لە بەشێک لەو باسە دا ئەنوەر کەریمی وێڕای بیرهێنانەوهو ئاماژەدان بە کەسایەتیی فەرهەنگی، کومەڵایەتیو سیاسیی پیشەوای نەمر قازی محەممەد و ڕۆڵی نەمر پیشەوا لە دامەزرانی کۆماری کوردستانو هەروەها ئازایەتی و بوێری قازی محەممەد لە بەرامبەر جەلادەکانی ڕێژیمی شا لەو دادگا ناعادڵانە و فەرمایشیە دا کرد کە بۆ سەرۆک کۆماری کوردستان



وهاوڕییانی پێکیان هێنابوو.

شایانی باسە لە نێوئاخنی بەرنامەکانی ئەو کۆڕیادەدا کۆمەڵێک شێعرو پەخشانی حیماسی لەلایەن سمکۆ هەمزەیی، نادر قازی ناسراو بە خاڵە قازیو کاک مێهدی پێشکەش بە بەشداربووانی کۆریادی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان کرا.

## ستۆکهۆڵم

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شارۆچکەی› ئوپلاندس وێسبی› سەر بە شاری ستۆکهۆڵم بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەد، و هاوڕێیانی سمیناریکی بۆ دوکتور خالیدی خەیاتی، مامۆستای زانکۆ و کاک قاسمی قازی نووسەر و چالاکی سیاسی پێک هێنا.

ئەو سمینارە ک ڕۆژی ٩ ی خاکەلێوە بە بەشداریی دەیان کەس لە کوردانی دانیشتووی ئەو ناوچەیە بەڕێوە چوو، بە سرووودی ئەی ڕەقیبو ڕاگەیاندنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

لەو سمینارەدا کاک قاسمی قازی باسێکی لە ڕووداوەکانی سەردەمی کۆمارو هێندێک وردەکاریی ڕۆژانی پێش شەهیدکرانی پێشەوا قازی محەممەدو ڕەوتی دادگایی کرانی قازییەکان کرد.

لە بەشی دووهەمی سمینارەکەدا دوکتور خالیدی خەیاتی باسێکی لەسەر کوردەکانی تاراوگەو نەخشی ئەوان لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانو هەروەها دەوری حیزبەکانو ئەرکی ئێستایان چ لەبواری سیاسەتی جیهانیو ناوچەییو چ شێوازی هەڵسووکەوتیان دەگەڵ توێژی ڕووناکبیری کورد



کردو لێکدانەوەیەکی لەسەر پێوەندییەکانی نێوان حیزبە کوردستانییەکان پێشکێش کرد.

لە بەشی دیکەی ئەو سمیناردا چڵەگوڵی ڕێزو سپاس درا بە بنەماڵەی ئەو شەهیدانەی لە سمینارەکەدا بەشدار بوون.

## سوئێد - ئۆرێبرۆ

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ٩ی خاکەلێوە کۆڕیادێک بۆ یاد کردنەوەو ڕێزگرتن لە یەکەم سەرۆککۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە شاری ئۆرێبروو بەڕیوە چوو.

لەو ڕێورەسمەدا کە بە سروودی ئەی شەهیدانو ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی دەستی پێکرد، پەیامی کۆمیتەی ئۆرێبرووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن کەریم بابەکری خوێندرایەوەو لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا پەیامی بزۆتنەوەی گۆران پێشکێش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو کۆڕیادەدا مامۆستا ئاشق چالاکی سیاسیو ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان باسێکی پێشکێش کرد.

مامۆستا ئاشق لە باسەکەی‌دا هەڵسەنگاندنێکی لەسەر



ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەو پێویستی ڕۆژێک بە ناوی ڕۆژی شەهیدان کرد.

دوایین بەشی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بە دابەش کردنی ڕێزلێنانی کۆمیتەی ئۆرێبرووی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەسەر بنەماڵەی سەبەرزی شەهیدان کە وێنەی پێشەوا قازی محەممەد بوو.

شایانی باسە کە لە میانەی بەرنامەکە دا چەند هونراوەو سروود پێشکەش کران.

## ئۆستفۆڵدی نۆروێژ



کۆمیتەی ناوچەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو کۆمەڵەی کولتووری لە ناوچەی ئۆستفولدی نۆروێژ سەردانی بنەماڵەی شەهیدانیان لەو ناوچەیە کرد، چەپکە گولی خۆشەویستیو ڕێز لێنیان پێشکەش بە کەسو کاری شەهیدان کرد.

## سوئێد - لینشۆپینگ

لە شاری لینشۆپینگ یادی ١٠ی خاکەلێوە شەستو حەوتەمین ساڵڕۆژی لە سێدارەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان پێشەوا قازی محەممەد و هاوڕێیانی بە شکۆوە بەڕێوە برد.

ئەو سمینارە بە سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیبو ساتێک بێ دەنگی بۆ گیانی شەهیدانی حیزبو گەل دەستی پێکرد. پەیامی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن ئێقباڵ عەبدوڵڵاهی، ئەندامی کۆمیتەی بەرێوەبەری حیزب لە شاری لینشۆپینگ



خوێندرایەوە.

لە درێژەی سمینارەکەدا قادر نەبی‌زادە وتارێکی پێشکێش کرد کە وتارەکەی باسێکی لە چۆنیەتیی لەداردرانی شەهیدانی ١٠ی خاکەلێوەو باسێک لە سەر چۆنیەتیی دادگایی پێشەواو هەلو مەرج و باردۆخی ئەو کاتی تێدا هاتبوو.

شایانی باسە دواپین بڕگەی سمیناری یادی ١٠ی خاکەلێوە کردنەوەی پیشانگای شەهیدانی حیزب بوو کە نزیک بە ٣ هەزار وێنەی شەهیدان لە ساڵۆنی ڕێورەسمەکەدا خرابوونە بەرچاو.

# بەشداریی هەیئەتیکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی نەورۆز لە پارلمانی ئورووپادا

ڕۆژی ١٩ی مارسی ٢٠١٤ هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هاتبوو لە کاوە ئاهەنگەری نوێنەری حیزب بۆ کاروباری یەکیەتیی ئورووپاو سامان ئاراستەفەر ئەندامی کومیتەی بلژیکی حیزبی دێموکڕات، لە ڕێورەسمی نەورۆزدا بەشدارییان کرد کە لەلایەن نوێنەرایەتیی حکومەتی هەرێم لە بروکسێلو بە میوانداریێتی نیکۆلۆ رینالدی ئەندامی پارلمانی ئورووپا پێک هاتبوو.

ئەو ڕێوڕەسمە بە چەند قسەیەکی نیکۆلۆ رینالدی دەستی پێکرد.

ناوبراو ئاورێکی کورتی لە مێژووی نەورۆز دایەوەو خۆشحالّیی خۆی بە بۆنەوی بەڕێوەچوونی ئەم ڕیورەسمە لە پارلمانی ئورووپادا دەربڕی.

شایانی باسە لە درێژەی بەرنامەکەدا مارشی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و نەورۆز لێدرا و لە درێژەدا هونەرمەند هەژار زەهاوی بە دەفژەنینێکی جوان سەرنجی بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو بەرنامەکە بە شادی و هەڵپەڕکێی بەشداران کۆتایی پێهات.



# کاری تەبلیغی بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە،

بە بۆنەی ١٠ خاکەلێوە، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان لە زۆر شار و ناوچەی کوردستان لە لایەن دڵسۆزان ولایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کاری تەبلیغی(نووسینی دروشمی شۆڕشگێڕانە و بڵاوکردنەوەی تراکتی حیزبی) بەڕێوە چووە. ئەمەی خوارەوە ڕاپۆرتی کاری تەبلیغی لە هێندێک لەو شارو ناوچانەیە:

**پیرانشار:** شەقامی مەولەوی، سەقامی سەعدی، شەقامی سەید قوتب، شەقامی پازدەی خورداد، شەقامی ساحلی، پارکی شار، بازاری دینارفرۆشان، حەمامی سورخابی، مزگەوتی چوار یاری نەبی، کوچەی چنار، کوچەی چیا، کوچەی قەپان و چەند شوێنی دیکە.

**مەهاباد:** لەئاواییەکانی قزلقوپی، قەرەقشلاق، کۆنەدێ، گردیاقوپ، داشخانەو هتد.

**سەرپێڵی زەهاو:** بە بۆنەی١٠خاکەلێوە لە مەودای ٥٣ کیلۆمیتریی نیوان سەرپێڵی زەهاو تا ئەزگڵە کاری تەبلیغی کراوە. دروشمەکانی سڵاو لە شەهیدانی کوردستان، سڵاو لە حیزبی دیموکراتی کوردستانو قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی، ڕیگاتان درێژەی هەیە، بە زمانەکانی کوردیو فارسی لە شوێنە دیارەکان دەوروبەری ڕێگا، سەرنجی ڕێبوارانیان ڕادەکێشا.

**هەوشار:** **ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەوشار بە چالاکیی تەبلیغی بەبۆنەی ١٠ی خاکەلێوە، ڕێزیان لە یادو بیرەوەریی شەهیدانی کوردستان، بە تایبەت پێشەوا قازی محەممەد گرت.**

بەپێی ڕاپۆرتی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕات ڕۆژی شەممە، ١٠ی خاکەلێوە، ئەندامانو لایەنگرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە چەند ئاواییەکی ناوچەی هەوشار بە بڵاوکردنەوەی وێنەو دروشمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێزیان لە یادو بیرەوەریی پێشەوا قازی محەممەد، سەرکۆماری کوردستانو هەموو شەهیدانی دیکەی حیزبو گەل گرتوە.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتە ئەو ئاواییانەی چالاکیی تەبلیغییان تێدا کراوە بریتین لە:

نەیکەنی، قسقاپان، حەسەناواو ئەحمەداوای سەر بە شاری تیکاب لە ناوچەی هەوشار.

هەر لەو پێوەندییەدا تێکۆشەرانی دێموکڕات لە ئاوایی قوۆزلۆوش بەو بۆنەیە چالاکیی تەبلیغییان کردوە.

دریژەی:

# ڕوانینمان بۆ هەڵبژاردنی شارەدارییەکان لە تورکیە

ئەگەر لەڕادەی سەرانسەریی تورکیەدا حیزبی دادو گەشەپێدان لەم هەڵبژاردنەدا پێشکەوتنی باشی بەدەست هێناوە، لە ناوچە کوردنشینەکانیشدا حیزبی ئاشتیو دێموکڕاسی بە بەراورد دەگەڵ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ی شارەدارییەکاندا

**ئەگەر لەڕادەی سەرانسەریی تورکیەدا حیزبی دادو گەشەپێدان لەم هەڵبژاردنەدا پێشکەوتنی باشی بەدەست هێناوە، لە ناوچە کوردنشینەکانیشدا حیزبی ئاشتیو دێموکڕاسی بە بەراورد دەگەڵ هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٩ی شارەدارییەکاندا بەرەوپێش چووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەم دوو حیزبە لە ساڵەکانی دواییدا ڕەوتێکی ئاشتیخوازانەیان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە تورکیە گرتۆتە پێش، دەگەینە ئەو ئاکامە کە بەخۆشییەوە بەشێکی یەکجار زۆر لە بیروڕای گشتیی خەڵکی تورکیە بەپێچەوانەی ڕابردوو ڕوانینێکی دروستو تازەیان بۆ کوردو مەسەلەی مافو ئازادییەکانی لەو وڵاتە هەیە**

بەرەوپێش چووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییە کە ئەم دوو حیزبە لە ساڵەکانی دواییدا ڕەوتێکی ئاشتیخوازانەیان بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە تورکیە گرتۆتە پێش، دەگەینە ئەو ئاکامە کە بەخۆشییەوە بەشێکی یەکجار زۆر لە بیروڕای گشتیی خەڵکی تورکیە بەپێچەوانەی ڕابردوو ڕوانینێکی دروستو تازەیان بۆ کوردو مەسەلەی مافو ئازادییەکانی لەو وڵاتە هەیەو هەربۆیە پشتگیری لە سیاسەتی ئەردوگانو حیزبەکەی لەوبارەیەوە دەکەنو هەر لەوکاتەدا کوردەکانی باکوور کە بەشی زۆری دەنگەکانیان بە (ئاکەپە) و (بەدەپە) داوە پشتیوانی لە ڕەوتی ئاشتیو چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کورد لە تورکیە دەکەن.

ئێمە پێشوازی لەو ڕەوتە بەرەوپێشە لە تورکیە دەکەینو ئاواتەخوازین هەوڵوتەقەلای چارەسەری ئاشتیخوازانەی مەسەلەی کوردو ڕەوتی دێموکراتیزەکردنی کۆمەڵی تورکیە ڕۆژبەڕۆژ سەرکەوتنو پێشکەوتنی زیاتر بەدەست بێنێو ببێتە نموونەیەک بۆ وڵاتانی دیکەی ناوچە، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کوردیان لێدەژی.

# بەشداریی هەیئەتەکانی حیزب لە ڕێورەسمی نەورۆز لە دەرەوەی وڵات

**سۆئێد**

بەبەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ڕێورەسمی نەورۆز لە ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە، ٢ ی خاکەلێوە لە سەر بانگهێشتی ڕەسمیی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید هەیئەتێکی بەشی پەیوەندییەکانی کومیتەی سۆئێدی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێکهاتوو لە حەسەن ئەهوەنو کەیوان ئابین لە ڕێوڕەسمێکی گەورەدا بەشدارییان کرد کە بە بۆنەی جێژنی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی کوردییەوە ڕێک خرا بوو.

**دانمارک**

بە دەستپێشخەری چەند پارلەمانتاریک لە پارلمانی دانمارکو بەبەشداریی هەیئەتێکی کومیتەی دانمارکی حیزبی دیموکراتی کوردستان، پێکهاتوو لە ڕەشید قازیو ڕەحمان خۆش ئەبرو ڕێوڕەسمێک بەڕێوەچوو.

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئەم ڕێوڕەسمە لە لایەن پارلەمانتارانی کوردو دانمارکیی پارلەمانی دانمارک؛ میلۆ، نیکۆلای ویلمیسون وئوزلیم سارا چیچەک و بە هاوکاری تاژدین دۆستی گرووپی کوردیو دانماڕکی لە پاڕلمانی ئەو وڵاتە پێکهاتبوو.

**نۆڕویژ**

لە وڵاتی نۆرویژو لە چەند ناوچەیەکی ئەو وڵاتەو بەبەشداریی چالاکانەی کومیتەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆنەی نەورۆز بەڕێوە چوو.

کۆمەڵەی کولتووریی کوردی ڕۆمەریکە ڕۆژی هەینی، ١ی خاکەلێوەی ١٣٩٣ی هەتاوی بە بەشداری کوردان جێژنی نەورۆزی گرت.

کومیتەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی ژنان، لاوان و کۆمەڵەی کولتووریش ڕێورەسمێکیان بە بۆنەی نوێبوونەوەی ساڵی تازە لە ناوچەی ئۆستفۆڵد لە شاری فرێدریکستاد پێکهێنا.

لەو ڕێورسمەدا کە بە خوێندنەوەی شێعرێکی عەبدوڵاپەشێو دەستی پێکرد، پەیامی هاوبەشی کومیتەکانی حیزب، لاوان، ژنان و کۆمەڵەی کولتووری لەلایەن حەسەن غەمبارەوە پێشکێش کرا.

شایانی باسە هەر لە م ڕۆژە دا هەیئەتێکی دوو کەسیی کومیتەی ناوچەی ئۆستفۆڵد نادر ئەمینی و گوڵێ حەیدەری بەشداری ڕێورەسمێکی دیکەی کوردانیان لەم ناوچەیە کرد،، لەو ڕێورەسمەشدا نادر ئەمینی چەپکە گوڵێکو پەیامی کومیتە ناوچەی حیزبی پێشکەش بە ئامادەکارانی ڕێورەسمەکە کرد.

# پەیامی کومیسیۆنی کۆمەڵایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە



**بنەماڵەی ڕووسوورو سەربەرزی شەهیدان!**
**کادرو پێشمەرگە خۆشەویستەکان!**
**هاورێیانی بەرێز!**

ئەمرۆ وێرای بنەماڵەی شەهیدان لەو ڕێورەسمەدا لە دەوری یەک کۆ بووینەتەوە تا دەست لە سەر سینگو سەر لە پێناو لە بەرانبەر ڕووحی بێخەوشی شەهیدانی بە ئارەزوو نەگەیشتوو بە تایبەت ڕووحی پێشەوا قازی محەممەدی نەمرو یارانی ڕاوەستینو یاد لە خۆبردوویيو فیداکارییان بکەینەوەو وەفا بە عەهد بکەینو پەیمان لە گەڵ گیانیان نوێ بکەینەوەو بڵێین ژیانو خەبات بە گڕوتین بەردەوامەو ئەو مەشغەڵەی بە خوێنی خۆتان داگیرساندوەو بە داگیرساویش بگاتە دەستی نەوەی داهاتوو هەر وا گەشاوەیەو بە گەشاوەییش دەمێنێتەوە. ١٠ی خاکەلێوە لە لاپەڕەکانی مێژووی حیزبی دێمۆکراتدا بە ڕۆژیسەروەرانو سەربەرزان، شەهیدان، ناو زەد کراوە. بە ناوی ئەوانەی لاپەڕەکانی مێژووی گەلی کوردو حیزبی دیمۆکراتیان بە خوینی خۆیان نەخشاندوەو سەنەدی ڕەوایيو بوونی گەلێکی خاوەن شوناسوپێناسەی خۆی مۆر کردوەو بۆ ئەبەد چەسپاندوە. ئەوان فێری نەوەی نوییان کرد، کە بۆ مافی ڕەواوئینسانیی گەلەکەمان سەرلە رێ دابینو لەمەرگ نەترسێن بۆ ژیان، سەرمانو رووحمان بەرز ڕاگرینو لە بەرانبەر دەستی باڵای ناحەقیی سەرەڕۆیاندا سەر دانانەوێنینو بێدەنگ نەبین. لە پێشەوای ڕێبەرو گەورە پیاوی کوردو هاورێیانی فێری جوانمێریو نەتەوەخۆشەویستی بین چۆن بۆ گەل بژینو ئەگەر پێویست بوو بۆ گەلیش بمرین، ئەوە ڕەفتارو کردەوەی جوانمێرانەی ڕێبەرانو پێشەنگانی بزووتنەوە بووە. لە نێو ریزەکانی حیزبی دێمۆکراتدا ئەو نۆرمە جوانانە بوون بە نەریتێکی باو. مەرگ ناخۆشە بەڵام لە پێناو ئاسوودەیی بەختەوەریدا مەرگێک بۆ نیشتمان بێ سەد ژیانی بە قوربان بێ. هەر لە ١٠ی خاکەلێوەدا پێشەوا سەرکۆمارو یارانیان لە دار داران تا کێشەی نەتەوەیەک لە کوردستان بنبڕ بکەنو داوا ئینسانی وداخوازییەکانی پێشەواو گەلی کورد لە چاڵ بکەن، نەیانزانی مەرگی پێشەوا بۆ گەلی کورد، ئەگەر کۆستێک وخەمێکی گەورەبوو، بەڵام نەترەی لەش بووو، هێزو زیندوو بوونەوەیەکی دووبارەبوو. زەنگی وشیاربوونەوەبوو بۆ گەلی کورد کە دوژمنانی نەتەوەکەی باش بناسێ. لەو کاتەوە ٦٧ ساڵ تیدەپەرێ، گەلی کورد نە تەنیا لە داوای مافە ئینسانییەکانی پاشەکشەی نەکردوە بەڵکوو بۆ وەدیهێنانیان سوورترو پێداگرترو توندوتۆلتر بووەو لە پێناویدا بە هەزاران ڕۆڵەی کردۆتە قوربانی.

**بەشدارانی بەرێز!**

ئێمە لە کاتێکدا یادی شەهیدانی هەمیشە زیندووی گەلەکەمان دەکەینەوەکە حیزبی دێمۆکرات ٦٨ساڵە خەبات دەکا، بۆ ئەوەی گەلەکەمان بە ئاواتو ئامانجەکانی بگاو ڕووحی نەسرەوتووی شەهیدانیش ئارام کاتەوەو مزگێنی سەرکەوتنیش بە بنەماڵەی شەهیدان بدا، وەفاداریو ئەمەگناسی خۆی لە گەڵ قازی محەممەد سەرکۆمارو هاورییانی کە جوانمێرانەو ئازایانە چوونە بن داری ئێعدام نوێ بکەینەوەو ڕابگەیەنین.

**هاورێیانی خۆشەویست!**

کۆماری ئیسلامی زیاتر لە ٣٥ ساڵە بە ئاشکرا لە پەنا مەسەلەی کورد ڕادەبرێ ئاورێک لە حەقوحووقووقی گەلێکی خاوەن مێژوو ناداتەوەو هەمیشە زوڵمو ستەمی پێ ڕەوابینیوەو وەک بێگانە سەیری کردونو کوشتاری لێ وەرێ خستوونو ئەشکەنجەو ئێعدامی کردون وماددەهۆشبەرەکانی لە نێو لاوەکانی دا برەو پێ داوەو بێکاریو هەژاری لە نێو خەڵکدا زۆر کردوەو زیندانی لە ڕووناکبیرانی کورد ئاخنیوەوناعەداڵەتی کردۆتە پیشە. بەڵام سەرەرای برەوپێدانی ئەو هەموو دیاردە نەخوازراو دزێوانەو زەختو فشاری لە ڕادە بەدەر، گەلی کورد بە تایبەت لاوانی بەهەستی کورد بە نیسبەت مەسەلەی کورد بێ تەفاوەت نەبوونولەکارو چالاکی نەوەستاونو گەلەکەیان لە بیر نەچۆتەوەو بە پێچەوانە هەر دەرفەتێک بێتە پێش دەیقۆزنەوەو بە قازانجو بەرژەوەندی گەلی کورد کەڵک وەردەگرن. لەلاوانی کوردیش هەر ئەوە چاوەروان دەکرێ.

لەم ڕۆژەدا واتە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان، جارێکی دیکە لە بەرانبەر هەر شوێنێک پێشمەرگەی لێ تێپەریبێ، هەر شارو گوندێک وموو چەوکێوو دەوەنو لێرەوارێک کە تەرمی شۆڕەسوارێکی لە خوێن گەوزیوی شەهیدی لێ نێژرا بێ، هەروەها لە بەرانبەر قورسو قایم ڕاوەستانو بەردەوامی خەباتو چالاکی پێشمەرگەکانی کوردستان سەری نەوازش دادەنوێنینو پێیان دەڵێین ڕێگاکەتان درێژە دەدەین تا سەرکەوتن.

**سلاو لە گیانی پاکی سەرقافڵەی شەهیدان قازی محەممەدی نەمر!**
**سڵاو لە گشت شەهیدانی ڕێگای ئازادی!**
**سڵاو لە بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدانو زیندانیانی سیاسی!**

**١٠ی خاکەلێوەی١٣٩٣**
**کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتی**

سەرنج بدەن!

« کوردستان» هەموو ژمارەیەک هەڵبژاردەیەک لەو راپۆرتو هەواڵانەی لەلایەن ئەندامانو لایەنگرانی حیزب، یان خوێنەرانی ئەم رۆژنامەیە بە راگەیەنەکانی حیزب دەکەن لەم لاپەڕەیەدا بڵاو دەکاتەوە. داوا لە خوێنەران دەکەین لەگەڵ راپۆرتو هەواڵەکانیاندا وێنەی پێوەندیدار بە بابەتەکەش بنێرن.

## هەڕەشەی ڕێژیم لە خەڵکی شارەکانی کوردستان لە ڕێی کورتەنامەوە

بۆ پێشگیریی لە پێشوازیی نەتەوەییو حەماسیی خەڵک لە نەورۆز، لە ژمارەیەک لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە مانگێک بەرلەهاتنی نەورۆزەوە پەیامێک بە زمانی فارسی لە ڕێی کورتەنامەوە بۆ ڕێژەیەکی بەرچاوی خەڵک بە تایبەتی بنەماڵەی پێشمەرگەکانو بەندییە سیاسییەکان، ڕەوانە کرابوو. دەقی پەیامەکە بەم جۆرە بوو:

« شهروند محترم! طبق خبر واصله، جنابعالی تحت تاثیر تبلیغات سوءو ضد امنیتی رسانەهای وابستە بە بیگانگان قرار گرفتەاید. در صورت ارتباط با رسانەهای خارج از کشور برابر مواد مندرج در قانون مجازات اسلامی مجرم شناختە شدە و با شما برخورد قانونی خواهد شد.»

(هاوولاتی بەڕێز! بە گوێرەی زانیارییەکان، بەڕێزت کەوتوویە ژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی چەوتو دژە ئەمنییەتیی راگەیەنەکانی سەر بە بێگانە. ئەگەر پیوەندی بە ڕاگەیەنەکانی دەرەوەی وڵات بگری، بە گوێرەی ماددەکانی قانوونی سزای ئیسلامی، بە تاوانبار دەناسرێیو بە پیی قانوون هەڵسوکەوتت لە گەڵ دەکرێ.)

**لەیلاخ ٢٥ لە سنەوە**

## پێشوازیی ئەنجومەنی شاخەوانیی مەهاباد لە نەورۆز

بە بۆنەی هاتنی نەورۆزو بۆ پێشوازی لە ساڵی نوێ، ڕۆژی هەینی ١٣٩٣/١/٨، لە سێکانیان، ڕیوڕەسمێکی شادیو هەڵپەڕکێ لە لایەن ئەنجومەنی شاخەوانیی مەهاباد بەڕێوە چوو کە نزیک بە ٣٠٠٠ کەس لە خەڵکی شاری مەهاباد تێی دا بەشدار بوو.

**مەهاباد لە لایەن سیروانەوە**

## بەڕێوەچوونی پێشانگەیەکی جلوبەرگو خشڵی ژنانە

لە ڕۆژانی ١٣٩٣/١/١ تا ١٣٩٣/١/٩ پێشانگەیەکی جلوبەرگو خشڵی ژنانە لە لایەن خاتوو لەیلا نوورانی بە هاوکاریی شووراو شارەوانی (شهرداری)ی مەهاباد بەڕێوە چوو کە لە گەڵ پێشوازییەکی گەرمی خەڵکی شار و میوانانی نەورۆزیی ئەو شارە بەرەوڕوو بوو.

**

## گێڕانی فۆڕمی بەکرێگیراوی بۆ ڕێژیم لە نێو خەڵکدا

دوو کەس بە ناوەکانی ر.ق و م، خەڵکی گوندی مەلا شێخ، ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە، فۆڕمی ئەندامبوون لە سوپای پاسدارانیان بە نیو خەڵک دا گێڕاوەو داوایان لە خەڵک کردوە ببن بە ئەندامی سوپای پاسداران. لە فۆڕمەکە دا هاتوە کە هەر کەس ببێت بە ئەندامی سوپا، بیمە دەکرێنو مانگانەش ٤٥٠هەزار تمەنیان پێدەدرێ. بەڵام ئەم داوایە هیچ پێشوازیی لێنەکراو تەنیا خۆسووککردنو ڕووڕەشی بۆ ئەو دەستوپێوەندە خۆفرۆشەی ڕێژیم مایەوە.

(تێبینی:

ناوی تەواوی ئەو دوو بەکرێگیراوە لای «کوردستان»و ئۆرگانە پێوەندیدارەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەیەو بە مەبەستی لەقاودانو ڕسواکردنیان، لێکۆڵینەوە لە سەر پێشینە و کاروکردەوەکانیان دەکرێ.)

**تەرخان لە سەردەشتەوە**

**

## ژینگەو ئاوهەوای مەهاباد لەڕۆژانی سەرساڵ دا

لە گەڵ دەستپێکی وەرزی بەهار، زۆربالندەی کۆچەری ڕوویان کردوەتە تالاوی کانیی برازان لە مەهاباد. هەر بۆیە ئیدارەی ژینگەپارێزی مەهاباد تیمی تایبەتیی بۆ پێشگیری لە ڕاوی ئەو باڵندانە لە نزیک تالاوی کانیی برازان ٢ لە سەر کێوی شاخەرەش جێگیر کردوە.

**سورەییا لە مەهابادەوە**

*

لە شەوی هەینی(٨ی خاکەلیوە) هەتا شەوی شەمە لە سەر یەکشەمە ١٠ی خاکەلێوە، بایەکی توند لە مەهاباد هەڵی کرد، لە زۆر جێگا بووە هۆی شکانی دارتێلەکان و لە ناوجەی جۆراوجۆری مەهاباد بەرق، بڕا. نزیکەی ٦ جار بەرقی گەڕەکەکانی باغی شایگان و موکوریان و فەجر و باغی سیسە بە هۆی شکانی دارتێلەکان و وێککەوتنی سیمەکان بۆ ماوەی کاتژمێرێک تا دوو کاتژمێر بڕا. ئەم گژەبایە بووە هۆی شکانی شووشەی پەنجەرەی هێندێک ماڵ و لقوپۆپی زۆر دار و درەختی ئەو شارە شکاون.

**هاوژین لە مەهابادەوە**

*

لە شەوی یەکشەممە لە سەر دووشەممە ١٠لەسەر ١١ی خاکەلێوەوە، بارینی بەفر لە مەهاباد دەستی پێکردوە و ئەمە لە حاڵێک دایە کە ١١ ڕۆژ لە بەهار تێپەڕ بووە و هەواش زۆرساردی کردوە. لەمبارەیەوە خەڵک بە تایبەتی ئەوانەی کاری باغداری و کشتوکال دەکەن، نیگەرانن لە سەرمابردنی باغاتی میوەکانیان.

## کوشتنی بە کۆمەڵی ئەسپو ئێستیری کاروانچییان

ڕۆژی ٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٣، هێزەکانی پاسگای ئالوەتان، لە نزیک گوندی ئالیەمەران، ١٦ سەر ئەسپو ئێستری کاسبکارانو کاروانچیان دەگرن، ئەوە لە حاڵێک دابوو کە کە ئەو کاروانچییانە هیچ بارێکیان پێ نەبوو. چەکدارەکانی ئەو پاسگایە دوای دەستبەسەرداگرتنی ئەو وڵاغە بارییانە،لەو پەڕی دڵڕەقیو بێبەزەیی دا لە نیوان وندەکانی ئالوەتان و کاولانی، دەیاندەنە بەر دەسرێژو دەیانکوژن.

**هەژار لە ناوچەی سەردەشتەوە**

**

## دیسان تەقەی هێزەکانی ڕێژیم لە کاسبکارێک لە ناوچەی بانە

ڕۆژی ١٢ی رەشەمە، هێزەکانی حکوومەت لە ناوچەی بانە لە نێوان ئاواییەکانی بەردەبووک و گەورەدار، تەقەیان لە ماشێنی کاسبکاران کرد. لە ئاکامدا شۆفیری یەکێک لە ماشێنەکان بە ناوی ڕەحیم رەحیمزادە، کوڕی عەبدوڵلا خەڵکی بلەسەن بریندار بوو.

**قەڵاتەرەشی لە ناوچەی بانەوە**

## جاشە مەنگورەکان خۆشیی خەڵکیان بۆ تێک نەدراو لێدانێکی باشیشیان وێ کەوت

شەوی ساڵی نوێ لە شاری مەهاباد، لە جەزیرەو چوارڕای ئازادی هەڵپەڕینو خۆشی نواندن بە بۆنەی هاتنی نەورۆز بەڕێوە چوو. ئەم خۆشینواندنە هەتا کاتژمێر ١٠ی شەوی خایاند. پاشان جاشە مەنگورەکان هاتن بۆ ئەوەی بڵاوە بە خەڵک بکەن، بەڵام لە گەڵ بەرهەڵستی خەلک بەرەوروو بوون و لێدانێک باشیان وێ کەوت. ئەوان بە سەرشۆڕی کشانەوە و خەڵک لە سەر شادیکردن و هەڵپەرکیی خۆیان بەردەوام بوون. پێویستە ئەمەش بە ئاگاداریی خوێنەرانتان بگەیەنم کە لە ناوچەی چۆمی مەجید خان، بە تایبەتی لە ئاواییەکانی قەرەگۆل و سەرچنار، لە هەر ماڵێک ئاگرێک کرابۆوە و هەموو کەس بە بۆنەی نەورۆز جێژنی گرتبوو.

**موحسین لە مەهابادەوە**

---

**درێژی هەواڵو راپۆرت**

# بەڕێوەچوونی بەشکۆی جێژنی نەورۆز لە کوردستان سەرەڕای هەموو ڕێگریو بەربەستەکان

**خەڵکی کوردستان بە هۆگریو تامەزرۆیی زۆرەوە جێژنی نەورۆزیان بەرز ڕاگرت.**

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەکردنەوەی ئاوری نەورۆز و بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمێکی تایبەت بەم بۆنەیە پێشوازیی لە ساڵی نوێی کوردی کرد.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە بەبەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کادرو پێشمەرگەو ئەندامانی حیزبو بنەماڵەکانیان بەڕێوە چوو، پێشوازی لە ساڵی نوێ کرا.

لە ڕێورەسمەکەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە پەیامی نەورۆزیی خۆیدا هیوای خواست کە لە ساڵی نوێدا بە هەوڵو تێکۆشانو هیممەتی هەموو لایەک هەنگاو بۆ وەدیهێنانی خواستو مافە نەتەوایەتییەکان هەڵبگیرێ.

لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای هەموو ڕێگریو بەربەستەکان جێژنی نەورۆز لە کوردستان بە شکۆیەکی تایبەت بەڕێوە چوو.

هەر لە ڕۆژانی بەر لە نەورۆز کۆمەڵێکی زۆر لە چالاکانی مەدەنی بە نووسینی نامە بۆ ناوەندە بەرپرسیارەکان داوای وەرگرتنی مۆڵەتیان کردبوو، بەڵام ئەو داوایانە ڕەت کرابوونەوە؛ لەگەڵ ئەوەی هەر لە حەوتوویەک بەر لە نەورۆزەوە هێزە ئینتیزامیو ئەمنییەتییەکان چاویان لە خەڵکی سوور دەکردەوە، بەڵام ڕێوڕەسمی چوارشەممەسووریو نەورۆز



لە هەموو ناوچەو شوێنەکانی کوردستان بەشکۆیەکی کەم وێنەوە بەڕێوە چوو.

بەپێی ئەو ڕاپۆرتو هەواڵانەی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕات بە ماڵپەڕی کوردستانو کوردی گەیاندوە، لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان سەرەڕای پێناخۆشبوونی هێزە ئەمنییەتیو هێزە ئینتیزامییەکان، ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بەڕێوەچوون. لە هەندێک ناوچە هێزەکانی دەوڵەت هەوڵی تێکدانی ڕێوڕەسمەکانیان داوەو لە هەندێک شوێنیش هێزە ئینتیزامییەکان هەر لە دوورەوە چاوەدێریی وەزعەکەیان کردوە.

لە گوندی «نێ»ی سەر بە شاری مەریوان ئاپۆرای خەڵک بە کردنەوەی ئاگری نەورۆز و خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی ‹‹ئەی رەقیب›› و سروودی شۆڕشگێڕیی وەک «هۆ کاکی پێشمەرگە» بونە



چقڵی چاوی دوژمنانی ئازادیو بە شایی و هەڵپەڕکێ پێشوازییان لە ساڵی نوێی کوردی کرد.

لە گوندی «نەیسانە»ی سەر بە شاری نەوسوودیش ڕێوڕەسمێکی بەشکۆ لە کەشو هەوایەکی تەواو حیماسیدا بەڕێوەچوو.

ئەو ڕێوڕەسمەش بە خوێندنەوەی سروودی شۆڕشگێڕی دەستی پێکردو بە شێعر و پەخشانی شاعیرانو خاوەن هەستان درێژەی پێ درا، جێژنەکە بە شاییو هەڵپەڕکێ لە دەوری ئاگر بەردەوام بوو.

ڕاپۆرتەکانی دیکەی کۆمیسیۆنی تەشکیلات باس لەوە دەکەن کە لە پیرانشار لە پردی کۆنەخانێ ئالایەکی گەورەی کوردستان هەڵکراوە، لە گوندی سووتووی ناوچەی بانە ئاگرێکی گەورە کراوەتەوەو لە دێهاتی دەوروبەریش چوونەتە سووتوو، و لەو ڕێوڕەسمەدا سروودی شۆڕشگێڕی گوتراوەتەوە.

لە ڕەبەت سەرەڕای ئەوەی کە هێزێکی زۆر لە پارێزگای ورمێوە هێنرابوویە ئەو شارەو، ئێوارەی نەورۆز لە عەسرەوە دوکانو بازاڕیان بە خەڵک داخستو، هاتوچۆی ماشێنیان لە نێو شار قەدەغە کردبوو، بەڵام خەڵکی ئەو شارە بە کردنەوەی ئاور لە بەرزاییەکان پێشوازیی گەرمیان لە نەورۆز کرد. بەڵام لە گوندی وەرگێل هێزە ئەمنیەتییەکان جێژنەکەیان لە خەڵک تێک داوە و چەند کەسیان بانگ کردۆتە ئیدارەی ئیتلاعات کە لە نێویاندا چەند کەسیان ئەندامانی شوورای دێ بوون.

هەروەها لە نێو شاری شنۆو لە ناوچەکانی حەسەننووڕانو نەڵۆس، لە بەرزایییەکان، ئاگری نەورۆز کرایەوەو خەڵک بەتایبەتی لە دەوری ئاگر کۆبوونەوەو بە گۆرانیو سروودی کوردیو بە هەڵپەڕکێ بە پێشوازی نەورۆزەوە چوون، هەروەها لە بەرزاییەکانی بانەش ئاگری نەورۆز کرایەوە.

شایانی باسە کە ئەندامانی تەشکیلاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هەموو ناوچەو شوێنە ناوبراوەکانو لو شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستان کە ئاگری نەورۆز کراوەتەوەو جێژنو ڕێوڕەسم بەڕێوەچوون، چالاکانە بەشدارییان تێدا کردوەو ئەرکو وەزیفە پێ سپێردراوەکانیان بەجێ گەیاندوە.

# کارناواڵی نەورۆزیی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ناوچەی پشدەر

کومیتەی پشدەری حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی نەورۆز جێژنێکی بەشکۆی بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی حیزب و میوانانی بەشدار لەو جێژنەدا بەڕێوە برد.

لەو کارناواڵەدا کە ڕۆژی هەینی، ٨ ی خاکەلێوە لە نیزیک شاری قەڵادزێو بەبەشداریی سەدان کەس لە ئەندامانی حیزب، کەسانی میوان لە ڕۆژهەڵاتو باشووری کوردستان بەڕێوە چوو، دوای خوێندنەوەی پەیامی کومیتەی پشدەری حیزب لەلایەن بێستوون ئازەریو لە درێژەی بەرنامەکاندا؛ کاک مستەفا مەلوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بەو بۆنەیەوە بۆ

لە گەڵ کۆماری ئیسلامی وەک دوو نموونەی بەبایەخی ئەو هاوپێوەندییە ناو برد.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا تیشکی خستە سەر هەڵوێستە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکڕات لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانو یەکیەتییو برایەتیی هەموو هێزە سیاسییەکان لە کوردستانی بە زامنی سەرکەوتنو وەدیهاتنی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد زانی.

باس لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەباتی کورد بۆ بردنە پێشێی پرسی نەتەوەیی خۆی لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستان، هەڵسەنگاندنی کارنامەی دەوڵەتی حەسەن



بەشداران دوا.

کاک مستەفا لە قسەکانیدا دوای پیرۆزبایی ساڵی نوێ ئاورێ لە خەباتو تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دایەوەو؛ تیشکی خستە سەر هەڵوێستو ئامانجە سیاسیو نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکڕات.

مەلوودی لە بەشێکی قسەکانیدا گرینگیو بایەخی زۆری بە هاوهەڵوێستی، هاوپێوەندیو هاوخەباتیی خەڵکی باشووری کوردستانو هێزە سیاسییەکانیان لەگەڵ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو، بەشداریی بارزانییەکان لە کۆماری کوردستانو هێزی پشتیوان بۆ بەربەرەکانی

ڕووحانیو خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕات بۆ پرسە سیاسییەکانی ئێستای ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەند تەوەرێکی دیکەی قسەکانی کاک مستەفا مەلوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕات لەو کۆبوونەوە بەربەرینە بوو.

لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا برووسکەو پەیامی پیرۆزبایی لایەنە سیاسییەکانی بانگهێشتکراو بۆ ئەو کارناواڵە خوێندرانەوەو جێژنەکە بە سروودی شۆڕشگێڕیو شاییو خۆشیی بەشداران چەند سەعاتێک درێژەی پێ درا.

### خالید عەزیزی:

# ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی بەرزڕاگرتنی ئەندێشەو بیری بەرزی پێشەوا قازی محەممەدە

## دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە، یادی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی‌دا

**میوانانی بەڕێز!**
**خوشک و برایانی ئازیز!**
**نوێنەرایەنی ڕێکخراو و حیزبو سازمانە سیاسییەکان!**

هەموو لایەکتان پڕ بە دڵ بەخێرهاتن دەکەم بۆ ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لەسێدارەدانی ڕەئیسی جمهوری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد، ڕۆژی شەهیدانی کوردستان. هەروەها جێگای خۆیەتی لێرەوە لەو ڕۆژەدا کە یادی یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان دەکەینەوە، ڕێزو ئیحترامی خۆمان بە هەموو بنەماڵەی شەهیدان لە هەموو بەشەکانی کوردستان پێشکەش بکەین، پێشکەش بە بنەماڵەی ئەنفالکراوەکان، شەهیدانی هەڵەبجە، هەمووی ئەو کوردە تێکۆشەرانەی کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە ڕێگاو ڕێبازی پێشەوای کوردان، سەرۆک کۆماری کوردستانو هەموو سەرکردە شەهیدەکان کە گیانی خۆیان بەخت کردووە.

هەروەها جێی خۆیەتی ڕێزو ئێحترامی خۆمان پێشکەش بە بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، ئەو بەشەی کوردستان کە ڕەئیس جمهوری کوردستانی تێدا لەسێدارە درا، ئەو بەشەی کە هەر ئێستا (ئازادیخوازان) لە زیندانەکان لەسەر ڕێبازی کوردایەتیو ڕێبازی پێشەواو هەموو سەرکردەکانی کورد لە زیندان دان. لەڕاستی‌دا یادکردنەوەی پێشەوا قازی محەممەد، پێشەوای حیزبی دێموکراتو سەرکۆماری کوردستان کە لە سێدارە درا، ڕەنگە باشترین فورسەت بێ ئاوڕێک بدەینەوە سەر کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەدو پڕۆژەی سیاسی قازی محەممەد.

ئەو دەوڵەتە مەرکەزییانەی کە کێشەیان لەگەڵ کورد بووەو مافی کوردیان بە ڕەسمی نەناسیوەو خەباتو تێکۆشان لەپێناو سەقامگیرکردنی مافەکانی خۆمانیان بەسەر ئێمەدا تەحمیل کرد، (بوون بە هۆی

> **لە سەردەمێکدا کە نەخوێندەواری لەوپەڕی خۆیدا بووە. هونەری پێشەوا قازی محەممەد ئەوە بوو چۆن تنوعاتی کوردستان ڕێک بخا لەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دسەڵاتی کۆماری کوردستان بوو بە عەشیرەت و بە فیئۆداڵو بە گوندیو شاری، لە سەردەمێکدا کە شارستانییەت لەنێو کورددا زۆر زەعیف بوو. چۆن ژنان بەشدار بکا، لە سەردەمێکدا کە ژنی خوێندەوار ڕەنگە بە قەرای قامکی دەستان بان**

ئەوە) ڕێگایەکی دوورو درێژو کاروانێکی دوورو درێژ ببێ بە مێژووی ئێمە. لەو ڕێبازەدا ئەگەر بڵێین لە سەردەمی مۆدێرن بە پێشەوا قازی محەممەد دەستی پێ‌کرد، لە ڕۆژی لەسێدارەدانی خۆی‌دا، پێشەوا مەجالی هەبوو هەڵ بژێرێ. دەیتوانی بە جۆرێک لەگەڵ حکوومەتی ئەوکات، تەعامول بکا کە گیانی خۆی بپارێزێ، بەڵام پێشەوا کە دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو، پێشەوا کە ئاڵاهەڵگری کوردایەتیو بووژانەوەی ناسۆنالیزمی کورد بە شێوەیەکی مۆدێرن بووو بە حەق لە کۆماری کوردستان‌دا نەهادینەی کرد، چۆن کۆمارەکەی یەکەم دەسکەوت بوو نەهادینەی کرد، بە شەهیدبوونی خۆی ڕێگایەکی بۆ تەواوی تێکۆشەرانی ڕێگای کوردایەتیو ڕزگاریی کوردستان دامەزراند کە بەدوای ئەودا لە هەموو پارچەکان‌دا نەسلاونەسل بەدوای یەکدا ئەو ڕێگایە بەردەوام بچێتە پێشێ.

لە مێژووی پڕ تێکۆشانی نەتەوەی کورددا ئێمە زۆر سەرکردەمان هەبوون کە بە بەخت کردنی گیانی خۆیان یا بە قارەمانەتیو تێکۆشانی خۆیان، مێژوویان بۆ ئێمە دروست کرد. دڵنیام مێژووی ئێمە بە بێ ئاوڕدانەوە لەو کەسایەتییانە زۆر بەتاڵ دەبێ. بۆیە ئێمە بە ئیفتخارەوە ئاوڕ لە مێژووی خۆمان دەدەینەوە کە کەسانی وەک پێشەوا قازی محەممەد، مەلا مستەفای بارزانی، شێخ مەحموود، شێخ سەعید، سمکۆی شکاک، شیخ ڕەزا، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندیو دەیان سەرکردەی شەهید کە گیانی خۆیان بەخت کردووە، تیێ‌دا بوون. هەر لە تەنیشت ئەوان، ئەو سەرکردانە، سەرکردەی دەیان هەزار کادر و پێشمەرگە بوون کە لە خەباتو تێکۆشانی ئێمە بۆ ڕزگاریو مێژوویان بۆ تۆمار کردووین. ئێمە نازانین سبەینێ چ ڕوودەدا بەڵام دەزانین لە ڕابردوودا چ ڕووی داوە، پێناسەی ئێمە هەتا ئێستا بە ڕابردوومان پێناسە دەکرێ. کە ئاوڕ دەدەینەوە بەسەر خەبات و تێکۆشانی خۆمان، دەقیقەن ئاماژە بەوانەیە. چێهرەکانی ئێمە جێگای ئیفتخاری ئێمەن. ئەوەی کە ئێستا بە خۆشییەوە لە هەرێمی کوردستان دەیبینین، کەم‌و زۆر حکوومەتی کوردی جێ کەوتووە، ئەوەی‌کە لە باکووری کوردستان لە نەتیجەی خەباتو تێکۆشانی هەموو لایەکدا ئەقڵییەتی وتووێژ لەگەڵ یەکتر بۆ چارەسەری کێشەی کورد دەبێ بە ئەمری واقع، ئەوەی‌کە لە سووریا ڕوو دەدا و کورد تێ‌دەکۆشێو بەرەو ئەوە دەچێ‌مەجال نەدا مەوزوعی کورد لە پەراوێز بکەوێ، تێ‌دەکۆشێ مەسەلەی خۆی بێنێتە گۆڕێ، ئەوە ئیدامەی ئەو کاروانەیە، ئیدامەی ئەو فیداکارییەیە کە ڕێبەرانو سەرکردەکانی ئێمە لە ڕابردوودا کاریان بۆ کردووەو گیانی خۆیان بۆ بەخت کردوە. ئەگەر کاتی خۆی کۆمار رووخاو هیواو هومێدی کوردان بۆ ماوەیەک لەژێر تەئسیراتی ڕووخانی کۆمار، سێبەری بەسەردا دێ، کاتێک قازی محەممەد ئێعدام دەکرێ، ئەوانەی بڕیاری ئێعدامی قازی محەممەدیان دا پێیان وابوو بە ئێعدامکردنی قازی محەممەدو ڕووخانی کۆمار ئەو جووڵانەوەیە کۆتایی پێ‌دێ. لەدەستدانی قازی محەممەد، لەدەستدانی مەرحوومی بارزانی، شیخ ڕەزا، شێخ سەعید، شێخ مەحمود، سمکۆی شکاک، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر شەرەفکەندی، هەموویان لە جێگای خۆی‌دا بەتاڵییەکی گەورەیە لە جووڵانەوەی کورددا. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەوانە کە بوون بە سەمبول، بوون بە مێژوو، بە هێمای خۆیان، بە گیان بەختکردنی خۆیان، میلیۆنها کوردیان ڕژاندە نێوخەباتو تێکۆشانو شەقام. بۆیە میللەتێک خاوەنی ئەو ڕابردوویە بێ، خاوەنی ئەو ڕێبەرانە بێ، کە بەدوای ئەوان‌دا ئەو کاروانە بەردەوام چۆتە پێشێ، دڵنیام لە هەموو بەشەکانی کوردستان بە مرووری زەمان بە ئەقڵییەتێکی سەردەم، بە تەجرووبە وەرگرتن لە ڕابردوو، بە بەرچاوڕوونییەکی زۆرتر بۆ داهاتوو دەتوانێ بە مافەکانی خۆی بگا.




پێشەوا قازی محەممەد کە لەگەڵ کۆمەڵەی ژێ‌کاف دەست بەکار دەکاو دوایە بەوە دەگا کە کۆمەڵەی ژێکاف وەک جووڵانەوەیەکی فکری کە ئەرکی بووژاندنەوەی هۆوییەتی کوردییە، ڕەنگە لە مەیدانی سیاسیی‌دا ئاوا بە ڕاحەتی وەڵامدەر نەبێ، بۆیە زۆر ژیرانە، زۆر زیرەکانە بە خوێندنەوەی وەزعی مەوجوود لە سەردەمی ئەو وەختی شەڕی دووی جیهانی، بە خوێندنەوەی وەزعی مەوجوود لە گۆڕەپانی ئێران‌دا حیزبی دێموکرات دادەمەزرێنێو حیزبی دێموکرات هەر بۆ حیزبایەتی دانامەزرێنێ، بۆیەی دامەزراند دەوڵەتی کوردیی لەسەر دروست بکا. ئەگەر ئێمە ئاوڕێکی کورت وەمێژووی چەند ساڵەی تێکۆشانی پێشەوای کوردان بدەینەوە، [بۆمان] دەردەکەوێ لە ماوەیەکی کورتدا زۆر کاری کرد. زۆر شتی هێنا گۆڕێ.

پێشەوا قازی محەممەد لە سەردەمێکدا بیرۆکەی دروستکردنی دەوڵەتی میللیی کورد دێنێتە گۆڕێ کە لەو بەشەی کوردستان نەخوێندەواری لەوپەڕی خۆی‌دا بوو. کۆمەڵگایەکی عەشیرەتی فیئۆداڵی بوو. بەڵام ئەو وەختی پێشەوا قسە لە تێئاتر دەکا، لە کتێبخانە ، لە دانانی سینەما، قسە لە دانانی [ڕێکخراو]ی یەکیەتیی لاوانو یەکەتیی ژنان دەکا، قسە لە دامەزراندنی مەدرەسە بە کوردی دەکا، لە ناردنی ئەفسەر بۆ دەرەوە و پەروەردەکردن دەکا، قسە لە پەروەردەکردنی مامۆستای کوردی دەکا، ئەوە قسەی نزیک بە حەفتا ساڵ پێش ئێستایە. بەشێکی زۆری دامەزرانی حیزبی دێموکراتو دامەزرانی کۆماری کوردستان لە ڕاستی‌دا دەگەڕێتەوە سەر کەسایەتی پێشەوا قازی محەممەد.

لە مێژوودا نە تەنیا مێژووی ئێمە، مێژووی میللەتانیش کەسێکو چەند کەس میللەتێکیان دروست کردەوە بە دامەزراندنی سەرەتایەکو دوایە ئیدامەی پەیدا کردووە و کاروانێک لەسەری بەردەوام چۆتە پێشێ. پێشەوا قازی محەممەد لە ماوەی سەرکردایەتی خۆی کە حیزبی دێموکراتی دامەزراندووەو دوایە کۆماری کوردستانی ئیدارە کردوە، لەڕاستی‌دا لە چەند بواردا زۆر ژیرانە جووڵاوەتەوە. لە سەردەمێک‌دا کە نەخوێندەواری لەوپەڕی خۆیدا بووە. هونەری پێشەوا قازی محەممەد ئەوە بوو چۆن تنوعاتی کوردستان ڕێک بخا لەو بەشەی کوردستان کە لەژێر دسەڵاتی کۆماری کوردستان بوو بە عەشیرەت و بە فیئۆداڵو بە گوندیو شاری، لە سەردەمێکدا کە شارستانییەت لەنێو کورددا زۆر زەعیف بوو. چۆن ژنان بەشدار بکا، لە سەردەمێک‌دا کە ژنی خوێندەوار ڕەنگە بە قەرای قامکی دەستان بان. چۆن ئیدارەی حکوومەت پێک بێنێ، لە سەردەمێک‌دا ڕەنگە بەدوای خوێندوار گڕابایەی، لەو حکوومەتەدا دیسانەکە زۆری بۆ وەگیر نەکەوتبایە. هونەری ئیدارەکردنو دامەزراندنی حکوومەت بەشێکە لە تکنیکەکانی پێشەوا قازی محەممەد.

پێشەوا قازی محەممەد لەسەر ئەساسی باوەڕ بە ڕوحی ڕزگاریی نەتەوەیی، کاتێک قسە لە هەڵدانی ئاڵا دەکرێ، کاتێک قسە لە دامەزراندنی کابینە دەکرێ، کاتێک تەعامول لەگەڵ حکوومەتی وەختی ئازەربایجان دەکا کە نایهەوێ کۆماری کوردستان وەک بەشێکی سەربەخۆ بێ، بەڵکە بەشێک لە ئازەربایجان بێ، کاتێک پێشەوا قازی محەممەد ئیستقباڵ لە مەرحوومی بارزانیو هاوڕێیانی دەکا کە ئەوان تەجرووبەی شەڕو شۆڕشیان هەبوو، دەرک دەکا کە وجوودی ئەوانو حزووری وان لەپاڵ ئەرتەشی کوردستانو هێزی پێشمەرگەی کوردستان پێویستەو لە تەنیشت ئەوەش‌دا ڕوحی هاودەردیو هاوبەشیی نەتەوایەتی لەنێو کورددا کە لە پارچەیەکی دیکەدا لێیان قەومابوو، (بەهێز دەکا). هاتنە حکوومەتی کۆماری کوردستان، ئەوان کە لەوێ میوان نەبوون، لەوێ ژێنەراڵ بوون، ئەفسەر بوون، بڕیاردەر بوون، لە ئیدارەی وڵات‌دا بوون. ئەوەش بەرزیی ڕووحی نەتەوایەتی پێشەوای کوردان قازی محەممەد نیشان دەدا لە ناوچەیەکی چووکە کە ئەو فورسەتەی بۆ هەڵکەوتبوو.

پێشەوا هەر لە سەرەتاوە بۆ دامەزراندنی حکوومەتی خۆی لەگەڵ زۆر ئاستەنگی جیدی ڕووبەڕوو بوو، ئەوەی لە هەمووان ئەساسی‌ترو گرنگتر بوو، ئەوە بوو کە چۆن ئازەربایجانیەکان لە باکۆو ئازەربایجانییەکان لە تەورێز، تێیان بگەیەنێ کە حکوومەتی کوردستان واحیدێکی سەربەخۆی کوردییە. لەوێ‌دا دیپلۆماسییەکی زۆر بە هێزی بە خەرج دا. ئەو ناوچەیە ناوچەیەک بوو کێشەی زۆر لەسەر بوو. بە ژیریی خۆیو بە چۆنیەتیی تەعامول لەگەڵ ئازەرییەکان بەشێک لەو کێشانەی ئەو وەختی چارەسەر کردو کۆماری کوردستان توانی لەو مەنتەقەیە دامەزرێنێو ئازەربایجانییەکانیش هێندێک تێ‌بگەیەنێ، کە ئەگەر ڕووحی هەماهەنگیو هاوکارییان لەگەڵ حکوومەتی کوردستان هەبێ، ئەوانیش دەتوانن موشکیلاتی خۆیان جێبەجێ بکەن.

قازی محەممەد کاتێک سۆڤیەتی پێشوو بەدوای موعامەلە لەگەڵ تاران پشتی تێ‌کردو کاتێک حکوومەتەکەی لەئاستی معادلاتی نێونەتەوەیی تاڕادەیەک تەنیا مابۆوە و کاتێک بەشێک لە سەرۆک عەشیرەتەکانو فیۆدالەکان بەداخەوە ڕەفیقی نیوەڕێی سەرۆک کۆماری کوردستان بوون، هەوڵی‌دا لەڕێگای وتووێژ لەگەڵ حکوومەتی تاران، حکوومەتی تاران تێ‌بگەیەنێ. ئەگەر بە کۆماری کوردستانیش ڕازی نین، دەکرێ حەللێکی دیکە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بدۆزرێتەوە. هەمووی ئەو هەوڵو تێکۆشانانەی قازی محەممەد دیفاع لە بەرژەوەندیی نەتەوایەتیی کورد بووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەعامولی خۆی لەگەڵ سۆڤیەتەکان، لە تەعامولی خۆی لەگەڵ ئازەرییەکان، لە تەعامولی خۆی لەگەڵ حکوومەتی قەوامولسەڵتەنە لە تاران.

بەداخەوە ئەوکات بەرەی غەرب لە ئەمریکاو ئینگلیس هەڵوێستێکی دۆستانەیان بەرامبەر قازی محەممەد نەبوو، دەنا هەموو ئەوانەی‌کە لە نزیکەوە قازی محەممەدیان بینیوە، ئاوا تاریفی قازی محەممەد دەکەن: پیاوێکی خوێندەوار لە ناوچەیەکی نەخوێندەوار، مامۆستایەکی ئاییینی لیبراڵ، لە شوێنێک کە دەبێ چۆن مەزهەبو ژیان تێکەڵ بکا لە ئیدارەی وڵات‌دا، قازییەکی قابیلی ئیحترام لەنێو کۆمەڵانی خەڵک، لە ژووری کارەکەی کتێب بە زمانی فەڕانسەوی، ئینگلیزی، ڕووسی، عەرەبی، فارسیو تورکی و ... دانراوە کە ئەو وەختی ڕەنگە کتێب خوێنو خەڵکێک کە بەدوای کتێب‌دا دەچوون لە کوردستان، زۆر کەم بایە. لە هەمووی ئەوانە گرنگتر کاتێک لە بیرو بۆچوونەکانی قازی محەممەد دەکۆڵرێتەوە، نەتیجەگیری ئەوەیە ئینسانێکی دێموکرات بووە. قازی محەممەد هەموو تەعامولی لەگەڵ سۆڤیەتی سابیق بوو کە حکوومەتێکی کۆمۆنیستی بوو، هەموو تەعامولی لەگەڵ ئازەربایجان بوو کە دەسەڵاتێکی کومونیستی بوو. موزاکراتەکەی لەگەڵ حکوومەتی تاران بوون کە دەسەڵاتی شایەتی بوو. خەڵکی دەوروبەری بەشێکی فیئۆدال و عەشیرەت بوو، بەڵام قازی محەممەد دێموکرات بوو. هەر ئەقڵییەتی دێموکراتیی قازی محەممەد بوو کە حکوومەتەکەی وەها ڕەنگاوڕەنگو جوانو موتەنەوع کردبوو کە پیاو و ژن و عەشیرەت و فیئۆدالو خوێندەوار و شاریو دێهاتی بە هەموو چینو توێژەکانی لەوێ‌دا جێیان دەبۆوە.

ئێعدامی پێشەوا قازی محەممەدو دادگایی پێشەوا قازی محەممەد بۆ خۆی نوختەیەکە، ڕووداوێکە کە بۆ هەموو ئێمە

ل ٦

**درێژەی:**

# قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٠ خاکەلێوە، یادی لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەددا

جێگای وردبوونەوەو پێداچوونەوەیە. لە دادگای حکوومەتی پێشوودا کە دەنێردرێ‌و محاکمەی دەکەن قازی محەممەد چۆن لە ئیدارە وڵاتدا بە شەهامەت بوو، چۆن بۆ دیفاع لە پێشکەوتن بە شەهامەت بوو، چۆن لەپاراستنی ڕوحی دێموکراسی‌و دێموکراتی حکوومەتەکەی بە شەهامەت بوو، چۆن لە وەرگرتنی کوردەکانی پارچەکانی دیکە بە شەهامەت بوو، لە زیندانیش‌دا بەشەهامەت بوو، لە دادگادا بە شەهامەت بوو. قازی محەممەد دادگای خۆی تەبدیل بە دادگای حکوومەتی پەهلەوی کرد، تەبدیل بە دادگایی ئەو کەسانە کرد کە لەوێ ژێنەڕاڵ بوون، ئەفسەری حکوومەتی ئێران بوون‌و خڕ ببوونەوە محاکمەی بکەن. دیفاعیاتی قازی محەممەد زۆر بەرزە، زۆر پیرۆزە، زۆر ڕێگا نیشاندەرە.

جێی خۆیەتی لە ڕۆژێکی ئاوادا پەیامامان بۆ هەموو ئەو حکوومەتانەی کە کێشەیان لەگەڵ کورد هەیە، بە تاران‌و بە بەغداو بە دیمەشق‌و بە ئانکارا بڵێین: ئەشکەنجە، زیندان، ئێعدام، سێدارە، ئەنفال، کیمیاباران‌و کۆمەڵکوژی‌و (کارەساتی) هەڵەبجە و هەمووی ئەوانە لە جووڵانەوەی کورددا ڕاستە کەسایەتییەکانی ئێمەو ڕێبەرانی ئێمە و خەڵکێکی زۆری ئێمەی تێدا فیدا بووە بەڵام هەرگیز ڕێگاچارە نیەو ئەو میللەتە سابیتی کرد کە بەوانە بە چۆک دانایە. ڕێگاچارە هەر گوفتوگۆ، دیالۆگ، مەنتق، یەکتر قبووڵکردن، بەشداری پێدانی یەکتر لە جیاتی ئینکاری یەکتر و وەلانانی یەکترە. ئەوە دەقیقەن ئەقڵییەتی پێشەوا قازی محەممەدو بەدوای ئەودا ئەقڵییەتی هەموو سەرکردەکانی کورد بووە. لە دەورانی مەرحومی بارزانی‌یەوە بگرە هەتاکوو سەردەمی دوکتور قاسملووو دوکتور شەرەفکەندی.

جێگای خۆیەتی لە ڕۆژێکی ئاوادا ئەو پەیامەمان هەبێ بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی لە دەوروبەری ئێمەن، بە تورک‌و فارس‌و عەرەب، بەوانەی لە مەرکەز دانیشتوون‌و قبووڵی واقعییات ناکەن، [ چی‌دیکە]، کێشەی کورد هەر وەک تەهدید بۆ خۆیان نەبینن، مەسەلەی کورد وەک فورسەتیش بۆ خۆیان ببینن. تەجروبەی عێراق [ پێمان دەڵێ] ئەگەر هەرێمی کوردستان سباتی زۆرتر پەیدا بکاو دەوری زۆرتری هەبێ، گەشەی هەرێمی کوردستان‌و ئەقڵییەتی لەگەڵ یەک حاوانەوە و میکانیزمی یاساو قانوون دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێ بۆ دروستکردنەوەی عێراق لەسەر ئەو ئەساسە.



**قازی محەممەد چۆن لە ئیدارە وڵاتدا بە شەهامەت بوو، چۆن بۆ دیفاع لە پێشکەوتن بە شەهامەت بوو، چۆن لەپاراستنی ڕوحی دێموکراسی‌و دێموکراتی حکوومەتەکەی بە شەهامەت بوو، چۆن لە وەرگرتنی کوردەکانی پارچەکانی دیکە بە شەهامەت بوو، لە زیندانیش‌دا بەشەهامەت بوو، لە دادگادا بە شەهامەت بوو. قازی محەممەد دادگای خۆی تەبدیل بە دادگای حکوومەتی پەهلەوی کرد**

لە ئێران کورد بە درێژایی مێژوو هەوڵی داوە ئەگەر ئێعترافی پێ‌بکەن‌و لەگەڵ خۆیانی بخەن‌و بەشێک بێ بۆ گەشەی ئێران. سیاسەتی قازی محەممەد لە سەردەمی کۆماردا کە لەگەڵ قەوامولسەڵتەنە واریدی موزاکرە بوو، دەقیقەن هێنانەگۆڕی ئەوە بوو و دوای ئینقلابیش ئێمە هەر ئەوەمان هێنا گۆڕێ‌و ئێستاش هەر لەو باوەڕە داین. کێشەی نەتەوایەتیی میللەتێک کێشەیەکی سیاسییە. بە شەڕو شۆڕش و ئێعدام‌و ئەشکەنجە و بۆمباران، چارەسەر ناکرێ. ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو ڕۆژە هەر دێ. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێستا دوای ٦٧ ساڵ دوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، ئەو بیرۆکەی کە پێشەوا قازی محەممەد لە ناوچەی موکریان بە پایتەختی مەهاباد هێنایە گۆڕێ، زۆر لەوێ تێپەڕیوە، زۆر شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی داگرتووە، زۆرێک لە شارو دێیەکانی کوردستانی ئێرانی داگرتوە. ئەگەر ئەووەختی لە سەردەمی ژیانی پێشەوا قازی محەممەد لە ئیلام‌و کرماشان‌و بەشێک لە سنە نەیاندەزانی کۆمار چیە هەرچەند خەڵک لەوێ پێوەندییان پێوە دەگرت، ئێستا بیرۆکەی کۆمارو ڕێبازی پێشەوا قازی محەممەدو سیمای سەرکۆماری کوردستان، لە بیرو هۆش‌و ئەندێشەی دەیان هەزار کوڕو کچی شەیدای کوردایەتی ڕۆژ بە ڕۆژ لە حاڵی گەشە دایە. ئەوەش تەجروبەیەکی دیکەیە کە مافی میللەتێک، داوای میللەتێک بە ئێعدام‌و شەهیدکردنی ڕێبەرانی ئەو میللەتە ناکرێ لەبەین بەرێ.

١٠ی خاکەلێوە هەرچەند کە لەلایەن حیزبی دێموکرات بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان دانراوە، ڕۆژی بەرزڕاگرتنی ئەندێشەو بیری بەرزی پێشەوا قازی محەممەدە، ڕۆژی یادی پێشەوا قازی محەممەدە، پێشەوایەک هەروەک ئاماژەم پێ‌کرد بە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بە بەشداریی بارزانییەکان لەو جووڵانەوەیە، زۆر سنووری تێپەڕاند و تەنەووعێکی گەورەی بەخۆ دا. بۆیە ئێمە ئارەزوو دەکەین ئەو ڕۆژە لە هەموو بەشەکانی کوردستان، وەک ڕۆژی ڕێزگرتن لە پێشەواو هەموو سەرکردەکانی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کوردو هەموو شەهیدانی ئەو ڕێبازە، بە ڕۆژی شەهیدان پێناسە بکرێ. ئەو ڕۆژە دەکرێ ببێ بە ڕۆژێک هەموو بنەماڵەی شەهیدان لە هەموو بەشەکانی کوردستان خۆی تێدا ببیننەوەو ببێ بەو ڕۆژە ئێمە هەموو لایەکمان بەیەکەوە، بە ئاوڕدانەوەیەک بە ڕابردوو، بە ئاوڕدانەوەیەک بە ڕۆژی شەهیدانمان نوقتەی وەسڵ بەینی نەسڵی ئێستا و نەسڵی ڕابردوو دروست بکەین و ئەوە دەتوانێ هەنگاوێکی باش بێ بۆ داهاتووی بەهێزکردنی هەموو هێما و پێناسەکانی نەتەوایەتیی خۆمان. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی یادکردنەوەی پێشەوا قازی محەممەدو هەموو سەرکردەکانی جوڵانەوەی کورد بۆ جارێکی دیکە تەئکید دەکاتەوە لەسەر هەنگاونانەوە و کاری بەکۆمەڵ‌و هەموو لایەک بۆ یەکڕیزیی بنەماڵەی کوردی. کورتە ئاوڕدانەوەیەک لە هێندێک لە بیرۆکە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکا کاتێک چاو لە کۆماری کوردستان‌و قازی محەممەد دەکەی، چۆن هێندێک لە نێو ڕیزەکانی کۆماردا بەداخەوە ئەمەگناس نەبوون بۆ بەرژەوەندییەکانی کۆماری‌و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی ئێمەو ئەوە زەرەر و زیانێک بوو. ڕاستە ئێستا ٦٧ ساڵ دوای لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد ئێمە زۆر قۆناغی ناخۆشمان تێپەڕاندوەو زۆر دەسکەوتی گەورەمان وەدەست هێناوە، بەڵام بە مانای ئەوە نیە لەوپەڕی گەشبینی‌و خۆشبینی کە هەموو لایەک هەمانە کە ئێستا نیازمان بە یەکگرتوویی ڕیزەکانی خۆمان نەبێ. هەر لە هەرێمی کوردستان سەرەڕای دەسەڵاتی حکوومەت‌و پاڕلەمان‌و هەڵبژاردنی ئازادو بەشداریی هەموو لایەک، دیسانەکە یەکگرتوویی هەموو لایەک، تەزمین دەکا کە هەرێم چۆن تەعامول بکا لەگەڵ مەرکەز و چۆن گیروگرفتەکانی خۆی چارەسەر بکا.

لە ڕۆژئاوای کوردستان ئەو دەسەڵاتەی کە پێک هاتووە، هیوادارین ببێ بە دەسەڵاتێکی واقعیی نەتەوەیی. هەموو لایەک تێی‌دا بەشدار بن و بە بەشداریی هەموو لایەک ئەو مەترسییە کەم بێتەوە. لە باکووری کوردستانیش هەر هیوایەکی وا دەخوازین.

لە کۆتاییدا بۆ جارێکی دیکە سڵاوو ڕێز بۆ گیانی پاکی پێشەوا قازی محەممەدو هەموو ڕێبەرانی جووڵانەوەی کوردو هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان‌و بۆ جارێکی دیکەش ڕێزو ئیحترامی تایبەتی بۆ بنەماڵەی شەهیدان لە هەر جێگایەکن. هیواردارم لە داهاتوودا، ئێمە شەهیدمان نەبێ بەڵام ئەگەر شەهیدیشمان بوو، ئێمە نیشانمانمان داوە دەتوانین بە خەبات‌و تێکۆشانی خۆمان ڕێز لە شەهیدانمان بگرین و ڕێگایان بەردەوام بچێتە پێشێ. ئێوە هەر ساغ و سڵامەت بن، بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان هەر سەربەرز بن، بۆ هەموو لایەکتان هیوای تەندروستی و بۆ دۆزی کورد لە هەموو پارچەکان هیوای سەرکەوتن دەخوازم.

هەر خۆش بن.

## بەشێک لە پەیامی حیزبە کوردستانییەکان بۆ ڕێوڕەسمی ڕۆژی شەهیدانی کوردستان

کۆمەڵێک لە حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسییەکانی چواربەشی کوردستان کە لە ڕێوەڕسمی ساڵیادی لەداردرانی پێشەوا قازی محەممەددا کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر پێکی‌هێنابوو، بەشداربوون، کە لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان لە هۆڵی زەیتوونی کتێبخانەی پارکی سامی عەبدوڕەحمان لە هەلێر پێک هات، بە ناردنی پەیام ڕێزیان لە شەهیدانی ١٠ ی خاکەلێوە، گرت.

**کۆما جڤاکێن کوردستان ( کەجەکە) لە پەیامێک‌دا بۆ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی ساڵیادی شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەد نووسیوتی:**

کۆماری کوردستان کە بە سەرۆکایەتیی نەمر قازی محەممەد دامەزرا، کۆمارێکی دێموکڕات‌و خۆبەڕێوەبەر بوو کە لە تەمەنی کورتی ١١ مانگی‌دا توانی ببێتە مۆدێلێکی پێشکەوتووی خۆبەڕێوەبردن‌و نواندنی ئیرادەی ئازادیخوازی.

کۆما جڤاکێن کوردستان دەڵێ ئاپۆ هەمیشە پێشەوا قازی محەممەدی وەک ڕێبەرێکی بوێرو پێشەنگ بەیاد دێنێتەوەو پەیوەستبوونی خۆی بە فەرمایشتەکانی پێشەوا دەربڕیوە.

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی شیوعیی کوردستانیش لە پەیامەکەی خۆی بەو بۆنە نووسیویەتی:**

ڕووداوی لەداردرانی پێشەوا قازی محەممەد جگە لە لایەنی ماتەمینی‌و دڵتەنگی وەک یەکێک لە یادو بیرەوەرییە تاڵەکان، هاوکات بە درێژایی ئەوم ٦٧ ساڵە بووەتە یەکێک لە هۆکارو پاڵنەرە گرینگ‌و کاریگەرو بنەڕەتییەکان لە تێکۆشان‌و بزووتنەوەی نەتەوەیی‌و نیشتمانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌و بەردەوامیی ئەو بزووتنەوەیە لە پێناو وەدەستهێنان و بەرجەستەکردنی مافە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکان.

**مەکتەبی سیاسیی حیزبی ڕزگاریی کوردستانیش لە بەشێک لە پەیامەکەیان‌دا دەنووسێ:**

سڵاو لەو سەرکۆمارەی کە ئامادە نەبوو لە گەلەکەی خۆی داببڕێ، بێباکانە پەتی سێدارەی هەڵبژاردو گیانی خۆی پێشکێش بە نیشتمانەکەی کرد.

لەو پەیامەدا وێڕای دەسخۆشی کردن لە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێشوازی لە ناودێر کردنی ڕۆژی ١٠ ی خاکەلێوە بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان کراوەو تێی‌دا هاتوە کە خەڵکی کوردستان جێی خۆیەتی هەموو ساڵێ بە شکۆوە لەو ڕۆژەدا یادی پێشەوای خۆیان، یەکەمین سەرۆک کۆماری کوردستان بکەنەوەو، هەروەها بۆ گەیشتن بە لوتکەی ڕزگاری‌و سەربەخۆیی ئەو ڕۆژە بکرێ بە ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوە بۆ خوێنی شەهیدان‌و درێژەدان بە ڕێباز و کاروانە پیرۆزەکەیان.

**«مەکتەبی سیاسیی بزووتنەوەی دێموکڕاتی گەلی کوردستان»**یش لە پەیامی تایبەتیی خۆی بەو بۆنەیەوە جەختی کردۆتەوە کە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژێکی دیرۆکی‌یە لە تێکۆشانە بێ پچڕانەکانی گەلی کورد.

لەو پەیامەدا هاتوە کە لە سێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، کیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال‌و لەداردرانی شێخ سەعیدی پیران‌و کوشتنی ڕێبەرانی دیکەی کورد سەلمێنەری ئەوەن کە دوژمنانی گەلەکەمان لە هەر شوێنێک بن یەک ئامانجیان هەیەو ئەویش نەگەیەشتنی گەلەکەمان بە مافە ڕەواکانی.

**کومیتەی ڕێکخستنی بەحرەکەی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان»یش لە برووسکەی ماتەمینییان‌دا بۆ یادی پێشەواو شەهیدانی کۆماردا نووسویە:**

لە یادی ٦٧ ساڵە شەهیدبوونی پێشەوا قازی محەممەدو هاوڕێیانی کە بە ڕۆژی شەهیدانی کوردستان ناودێر کراوە، سەری ڕێزو نەوازش بۆ گشت شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردو کوردستان دادەنەوێنین.

کومیتەی ناوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران یەکێکی دیکە لەو لایەنە سیاسییانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە پەیامی بۆ ڕێوڕەسمی ١٠ی خاکەلێوە ناردبوو. لەو پەیامەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە دەستکەوتەکانی ئەمڕۆ لە ئاکامی خەبات‌و قوربانیدانی ڕابردوویەو قازی محەممەدو ڕێبەرانی دیکەمان بوونەتە ڕەمزی تێکۆشان‌و بەرخودان لە پێناو ڕزگاری‌و ژیانێکی باشترو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەکەمان.

**لە پەیامی «نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەولێر» یش** ئاماژە بەوە کراوە کە بێگومان ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژێکی مێژووییە بۆ گەلی کوردو ئەرکی سەرشانی هەموو خەڵکی نیشتمانپەروەرە کە ئەو ڕۆژە بکاتە هێمایەک بۆ بەرنگاربوونەوە لە بەرامبەر ڕێژیمە دیکتاتۆڕ و داگیرکەرەکانی کوردستان‌و؛ پێویستە ڕێز لە خەبات و ڕێکۆشانی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان بگیرێ‌و ئێمە وەک کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەری ڕێزو نەوازش لە ئاست هەموو شەهیدانی سەربەرزی گەلەکەمان دادەنەوێنین.

**ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستانیش** لە پەیامی خۆی بۆ ئەو بۆنەیە کە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ناردوە، وێڕای ئاماژە بە کەسایەتیی پێشەوا قازی محەممەدو بیری ڕوون‌و کردەوە جێی شانازییەکانی پێشەوا، نووسیویەتی کە ڕۆڵی پێشەوا لە خزمەتی ئامانج‌و خواستە نەتەوەیی‌و نیشتمانییەکانی کوردو کوردستان و تۆمارکردنی مێژوویەکی پڕ لە شانازی لە پەرتووکی دیرۆکی خوێناویی‌و پڕ لە فیداکاری‌و قوربانی ئەو سەرۆکەی کورد تا ڕادەی بەخشینی گیانی لە پێناوی ئەو ئامانج و ویستە نەتەوەییانەدا، پێمان دەڵێ کە قازی تەنیا سەرۆکی حیزبێک‌و موڵکی تایبەتیی لایەنێک‌و پارچەیەکی کوردستان نیە، بەڵکوو خەمخۆرێکی بە مشووری هەموو خەڵک‌و خاکی نێو سنووری هەموو کوردستانە.

# کاروانی نەپساوەی ڕێگای تێکۆشان



قادر وریا



«گەلێک ئازادیی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدا». خەباتی پڕ لە قوربانیدانی نەتەوەی کورد بە گشتیو کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕاستیی ئەم وتەیەی د.عەبدولرەحمانی قاسملوو، دەسەلمێنن.

مێژووی قوربانیدان لە پێناوی سەربەستیو ئازادژیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ دوور. بەڵام لە مێژووی نوێدا، کاروانی گیانبەخشینو سەردانان لە ڕیی سەربەستیی کوردستانو سەربەرزیی کورددا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی، لەدایکبوونی کۆمەڵەی ژێکافو حیزبی دیموکراتی کوردستانو جمهووریی کوردستانی بە خۆوە دیت.

هەر لە سەردەمی حوکومڕانیی کۆماردا، دایکی نیشتمان شایەدی گیانبەخشینی ژمارەیەک لە ڕۆڵەکانی بوو. محەممەدی نانەوازادە جێگری وەزیری بەرگریی کۆمار یەک لەوان بوو. دواتر، کووژانەوەی مۆمی تەمەنی جمهووریی کوردستان، تۆڵەستاندنەوە لە دامەزرێنەرانو بەڕێوەبەرانی ئەو دەوڵەتە نەتەوەییەو بەوەجترین ڕۆڵەکانی، لە گەڵ دابوو. لە سەقز، لە ٢٦ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ی هەتاوی، سێدارەی بێداد بۆ ١٢ شۆڕەسواری کۆمارپارێز هەڵخرا. عەلی بەگی شێرزاد (فەرماندەری هێزی بۆکان، لە گەڵ ١١ ئەفسەرو پێشمەرگەی ئیفتیخاریی جمهووریی کوردستان (ئەحمەد خانی فاروقی، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەممەد خانی دانیشوەر، محەممەد خانی فەیزووڵلا بەگی، حەسەن خانی فەیزووڵلا بەگی، ئەحمەد خانی شەجیعی، عەلی خانی فاتیح، عەلی ئاغای جەوانمەردی، شێخ سەدیق ئەسعەدیی یازی بلاغی،شێخ حەمەدەمین ئەسعەدیی کەسنەزانیو ڕەسووڵاغای جەوانمەردی) دەبن بە پێشەنگی کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان. دوو حەوتوو دواتر، قازی محەممەد پێشەوای حیزبی دیموکراتی کوردستانو سەرکۆماری کوردستان، دەبێتەوە پێشەوای گیانبازی. لە سەفەری هەرمانی قازی محەممەد دا، کە لە تاریکو ڕوونی ١٠ی خاکەلێوەی١٣٢٦هەتاوی(٣٠ی مارسی١٩٤٧ی زایینی) دەست پێدەکا، ئەبولقاسمی سەدری قازی، برای پێشەوا قازی ونوێنەر لە پارلمانی ئێران و، حەمەحوسێن خانی سەیفی قازی ئامۆزای پێشەواو وەزیری بەرگریی کۆمار،هاوڕێیەتی پێشەواکەیان دەکەن.

قازی محەممەد بە داکۆکییە پڕشانازییەکەی لە مافەکانی نەتەوەکەیو بە چوونی سەربەرزانەی بۆ سەر داری بێداد، هەر وەها بە وتە مێژووییەکەی لە دواساتەکانی ژیانی دا، ناوێکی هەتاهەتاییو ڕێگایەکی بێکۆتایی بۆ خۆی ڕەنگرێژ کرد:

«من زیندووم و دوژمن مردوون
ئێوە من ئێعدامم کردوون
کەی لە پاش من بێخەم دەبن
هەر کوردێک یەکێکە وەک من
مردن لە ڕێگەی نیشتمان
سەربەرزییە بۆ گشتمان»

**

لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوییەوە،کاروانی نەپساوەی ڕێی تێکۆشان بە سەرقافڵەیی سەرکۆماری شەهیدی کوردستان، ڕێگای سەفەری گرتووەتە بەر، سەفەر بەرەو خۆر، بەرەو خۆری ئازادی.

**«هەر کاروانێ،**
**بۆ پڕشنگی خۆر بڕوانێ،**
**کەم بن یا زۆر،**
**دەگەنە خۆر.»**

**

چرای تەمەنی کۆماری کوردستان،قیبلەی ئاواتی کوردی هەموو پارچەکان، کوژایەوە. بەڵام خەبات و قوربانیدان لە پێناوی ئامانجەکانی ئەم کۆمارە دا نەوەستا و ئاڵای تێکۆشان لە دەستی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بە شەکاوەیی مایەوە. خەباتکارانی دیموکرات تووشی ژیانی نهێنی و چوونە بەندیخانەو پەڕەوازەیی بوون، بەڵام هەر کۆڵیان نەدا و دەستیان بەرنەدایەوە.

**

ڕاپەڕینی چەکدارانەی ٤٦-٤٧(١٩٦٧-١٩٦٨) لە سەردەمێک دا بە سەر تێکۆشەرانی حیزبی دیموکرات دا سەپا، کە شای ئێران، خاوەنی گەورەترین ئەرتەشی ناوچە بوو و بە خەیاڵی خۆی ئێرانی کردبووە دوورگەی هێمنی و سەقامگیری.بۆ ماوەی نزیک بە ١٨ مانگ ئەم بزووتنەوەیە لە ڕووبەرێکی بەرین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بووە مایەی نیگەرانیی ڕێژیمی شایەتی. نرخی شەکاوە ڕاگرتنی ئاڵای بەرخۆدان و دڕدانی تاریکی، نرخی بە گژاچوونەوەی ئەم ئەرتەشە پۆشتەو پەرداخەی ناوچە، شەهید بوونی دەیان کادر و بەڕێوەبەر و پێشمەرگەی بە ئەزموون بوو. کاروانی شەهیدان، بە دەیان ناوی پڕشنگداری دیکە درێژ بۆوە. مەلا ڕەحیم وێردی، سولەیمان موعینی، عەبدوڵلا موعینی، مەلا مەحموود زەنگەنە، باپیر شکاک(نحۆ)، مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە، مینە شەم، ساڵەح لاجانی، سەید فەتاح و کۆمەڵێک ناوی دیکە تێکەڵ بە ئەستێرە هەرگیز ئاوانەبووەکانی جیهانی نەمری دەبن.

**

«ئەوانەی گیانیان دەدەن بۆ ژیان، ژیان تاجی ژین دەنێتە سەریان. هەر کەس بیهەوێ ڕێزی ژیان بگرێ، ژیان بە وەفایەو ناهێڵێ بمرێ.»

حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە مێژساڵە، بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی ئازیزترین ڕۆڵەکانی نیشتمان کە شەهیدەکانن ، بیری لە ناودێر کردنی ڕۆژێک بە ناوی «ڕۆژی شەهیدانی کوردستان» کردەوەتەوە. بۆ ئەم ڕۆژە، ١٠ی خاکەلێوەی لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵ بۆ ناودێرکردن بە ڕۆژی شەهیدان بە گونجاوتر زانیوە، چونکە خاوەنی بەرزترین پلەو پایەی فەرمیو سیاسیو نەتەوەیی کورد، واتە سەرکۆماری کوردستان، لەم ڕۆژە دا شەهید بووە.

نزیکەی نیو سەدەیە حیزبی دیموکراتی کوردستانو لە گەڵ ئەم حیزبەدا خەڵکێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا یادی شەهیدانی کوردستان دەکەنەوە. لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەدا درێژەدەرانی ڕێگای شەهیدانو بنەماڵە سەربەرزەکانی شەهیدان، دەچنە سەر گلکۆی شەهیدانو وەفاداریی خۆیان بە ئامانجەکانو ڕێگاکەیان دووپات دەکەنەوە.

**

لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیو داسەپانی شەڕێکی نابەرامبەر بە سەر خەباتو خۆڕاگریی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستاندا،گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تووشی زۆرترین قوربانیی گیانیو ماڵیی بۆوە. ژمارەی ئەو خەڵکەی لە ڕەوتی هێرشو پەلاماری هەواییو زەوینیی ڕێژیمی ئێران دا، گیانیان لە دەست داوە، بە نزیکەی پەنجا هەزار کەس مەزەندە دەکرێ. شارەکانی سنە، نەغەدە، مەهاباد، شنۆ، سەقز، کامیاران، پاوەو ژمارەیەک شاری دیکە، ئەو کاتەی بە دەست هێزەکانی بەرەی خەڵکەوە بوون، جارێک یا چەند جار بوون بە ئامانجی پەلامار لە زەویو ئاسمانەوەو، دانیشتوانیان ئاگرو ئاسنیان بە سەر دا بارا. دانیشتوانی دەیان گوند لە گەڵ کوشتاری بە کۆمەڵ بەرەوڕوو بوون. قاڕنێ، ئیندرقاش، قەڵاتان،سۆفیان، سەروکانی، هەڵەقووش، دیلانچەرخ ،کەرێزە، حەسەنلۆلان، قەرەگۆل، سەوزی، سەرچنار، خەلیفەلیان، شێخ مارف، چەقەڵ مستەفاو چەندین گوندی دیکە، تامی تاڵی کارەساتو قەڵاچۆی گەورەو بچووکی دانیشتوانیان چێشتوە. ژمارەی قوربانیانی هێندێک لەو کۆمەڵکوژیانە لە پەنجا کەس زیاترەو سەرجەم قوربانییەکان لە ٥٠٠ کەس تێدەپەڕن.

**

نزیک بە پێنج هەزار کادرو پێشمەرگەو تێکۆشەروئەندامی چالاکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە خەبات لە گەڵ دوو ڕێژیمی پاشایەتیو کۆماری ئیسلامیدا شەهید بوون.

**

ڕێژەیەکی بەرچاو لە شەهیدانی کوردستان، لە کەسانێک پێک هاتوون کە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە بەندیخانەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە. لە ڕیزی کاروانی شەهیدانی کوردستاندا، بە سەدان ناو هەن کە دوژمنانی ئازادیی کورد وکوردستان دوای ئەشکەنجەو ئازارێکی زۆر،بە تاوانی ئازادیخوازی، گوللەبارانیان کردون یا لە سێدارەیان داون. ئەمانە بیرخەرەوەی خۆڕاگریو لەشکاننەهاتوویی تێکۆشەرە بەبیروباوەڕەکانی کوردستان لە بەندیخانەکانی دوو ڕێژیمی شایەتیو کۆماری ئیسلامیدان. زەوتکەرانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد، جگە لە ئێعدامی تاکو تەرای خەباتکارانی کوردستان، چەندین جار، لاوانی بەندکراوی کوردیان بە کۆمەڵ ئێعدام کردوە کە بۆ نموونە لە یەکێکیان دا ٥٩ لاو و مێرمنداڵ گیانیان لێ ئەستێندراوە.

**

بەچاوخشاندنێک بە کاروانی دوورو درێژی شەهیدانی کوردستان، جۆراوجۆریی سروشتی ڕەنگاوڕەنگو فرەلایەنی خەباتی ئازادیخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێ. ئەو خەباتە، نەتەوەییو گشتیو سەرانسەرییە. چونکە زۆربەی چینو توێژەکانی خەڵکی کوردستانو خەباتکارانی زۆرترین شارو ناوچەکانی کوردستان، تێیدا بەشدارن. شاری،لادێیی، هونەرمەند،نووسەر، دوکتور، مامۆستا، قوتابی، خوێندکار، وەرزێڕ، کرێکار، ئەفسەرو سەربازی نیشتمانپەروەر، بە شانازییەوە لەم خەباتەدا بەشداربوون. شارو ناوچەکانی خۆی، ماکۆ، سەلماس، ورمێ، شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، مەهاباد، بۆکان، سەردەشت، ڕەبەت، بانە، سەقز، سنە، هەوشار، مەریوان، دیواندەرە، هەورامان، کامیاران، کرماشانو ئیلام هەر هەموویان بە نۆرەی خۆیان پێشوازییان لە کاروانی تێکۆشانو قوربانیدان کردوە و ڕۆڵەی خۆیان ڕەگەڵ خستوە. ئاخێوەرانی دیالێکتە جۆراوجۆرەکانو پەیڕەوانی ئایینو ئایینزا جیاوازەکان، نامۆییان لەو کاروانە نەکردوەو بە هی خۆیان زانیوە. دانیشتوانی ئازەری زمانی کوردستانو ئازەرییەکانی دراوسێی کوردستان، بە شانازییەوە هاتوونە ڕیزی تێکۆشەرانیو بە چەندین کەسیان لە ڕیزەکانی دا گیانیان بەخشیوە.

**

بە سەدان مامۆستای ئایینیی نیشتمانپەروەر، لە ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییو دیموکراتیکی کوردستان دا،گیانیان بەخشیوەو خەبات لە ڕێی نەتەوەو نیشتمان لە ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیان دا، بە تەواوکەری ئەرکە ئایینیو کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان زانیوە.

عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، بەشداریی خۆیان لە خەباتی نەتەوەییو ئازادیخوازیی کوردستان دا، لە گەڵ پێگەی چینایەتیو کۆمەڵایەتیی خۆیان نەک هەر بە ناتەبا نەزانیوە بەڵکوو بە مایەی سەربەرزیو شانازییان داناوە. زۆربەی هۆز و عەشیرەتەکانی کوردستان، لە ڕیزی هێزە خەباتکارەکانی کوردستانو بە تایبەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دا، قوربانیان داوە و شەهیدیان هەیە.

قوربانیدان لە ڕێگای ئازادی، لە کوردستان شارو گوندی نەناسیوە. شارەکان سەردەمانێک ببوونە ئامانجی پەلاماری هەواییو زەمینیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیو دانیشتوانیان شانبەشانی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان بەرەوڕووی هێرشکەران دەوەستانەوە و بە سەدانیان گیانیان دەبەخشی. گوندەکانیش بۆ ماوەی زیاتر لە دوو دەیە بوونە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی هێزی پێشمەرگە لە گەڵ هێزی پۆشتەو پەرداخی کۆماری ئیسلامی. ئەوان هەر تەنیا پەشتو پەنای هێزی پێشمەرگەو دابینکەری نان و ئاویان نەبوون، بەڵکوو سەرچاوەی دابینکردنی بەشی هەرە زۆری هێزی ئینسانیی ئەو خەباتەش بوون. ڕاستە هەر شارێک، هەر گەڕەکێک، هەر گوندێک، پشکێک لە شانازییو بەخشندەیی لە ڕێی ئازادییدا، بەر کەوتوە. بەڵام هێندێک شار، هێندێک گەڕەک، هێندێک گوندو تەنانەت هێندێک بنەماڵە، بەشێکی زیاتر لە قوربانیدانو خۆبەختکردنیان بەرکەوتوە. بزووتنەوەی کوردستان، قەرزدارو قەدرزانی ئەوشارو ناوچەوگوندو بنەماڵانەیە کە لە پێشبڕکێی تێکۆشان و قوربانیدان، لە پێشەوەترن.

**

ژنان و کچان،هەموو کات بەشێکی جیانەکراوە بوون لە خەباتی ڕەوای نەتەوەکەیان. ئەوان هەر بە پشتیوانیی پیاوانی خەباتکار لە شارو گوند نەوەستاون، بۆخۆشیان چوونەتە نیو چەقی مەیدانی بەرەنگاری. لە بەندیخانەکان، لە مەتەریزەکانی چیا، لەڕێکخستنە نهێنییەکانو لە هەموو سەنگەرەکانی تێکۆشان دا، بە پێی تواناو ئیمکان، دیار بوون و لە گیانبەخشین نەسڵەمیونەوە.

**

لە ڕیزی تێکۆشەرانی ئاشکرا و دوورەوڵاتو لە نیوخۆی شاروگوندەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، زۆر مرۆڤی نیشتمانپەروەرو خەباتکارو، زۆر ئەندامو دۆستی وەفاداری حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردستان هەبوون کە تا دواهەناسە بە ڕێگای پڕشانازیی شەهیدان دا ڕۆیشتوون. ئەوانە لە گەڵ ئەوەی بە مەرگی ئاسایی سەریان ناوەتەوە، لە ڕوانگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، لە ڕیزی نەمران دانو لە گەڵ شەهیدان دا، بە ڕیزەوە یادیان دەکرێتەوە.

**

ئەگەرچی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆرترین پشکی لە کاروانی شەهیدانی کوردستاندا هەیە بەڵام گیانبەختکردوانی هەموو هێزە خەباتکارەکانو هەر کەسێک بە هەر بیروباوەڕێک، ژیانوگیانی خۆی لە خەبات لە پێناوی حەقخوازیوداواکردنی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەیدا بەخشیوە، وەک بەشێک لەو کاروانە سەیر دەکا ڕێزیان بۆ دادەنێ.

**

لە حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، هەر لە سەرەتاوە نەریتێک داکەوتوە. نەریتی پێشەنگ بوونی ڕێبەرانو بەرپرسان لە گیانبەخشین لە پێناوی ئامانجە بەرزەکانی گەل و نیشتماندا. دەیان فەرماندەری بە ناوبانگو سەدان کادری بەوەجی بوارە جۆراوجۆرەکان لە ڕیزی کاروانی شەهیدان دا دەبینرێن. زیاتر لە ٢٥ کەس لە کادری ڕێبەریی حیزب لە مەیدانی تێکۆشانو لە کاتی جێبەجێکردنی ئەرکی خەباتکارانەدا گیانیان بەخشیوە. جگە لەمەش هەر سێ ڕێبەری حیزب، قازی محەممەد پێشەوای حیزبو هەر دوو سکرتێری گشتیی حیزب: د. عەبدولرەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی لە لایەن دوژمنانی کوردەوە گیانیان لێ ئەستێندراوە و شەهید کراون.

**

١٠ خاکەلێوە، هەر بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی حیزبی دیموکراتو ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. لەم ڕۆژە جێی خۆیەتی سەرکردە نەمرەکان، ڕێبەرانو تێکۆشەرانی شەهیدی هەموو بەشەکانی کوردستان یادیان بکرێتەوە. ١٠ی خاکەلێوە، بۆنەیەکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری لە گەڵ پێشەوا قازی محەممەدو هەموو شەهیدانی کوردستان. بۆنەیە بۆ چوونە سەر گلکۆی شەهیدانو ئاوڕدانەوە لە بنەماڵە سەربەرزەکانیان. دەرفەتێکە بۆ ڕێزگرتن لە هەموو ئەو مرۆڤانەی بە نرخترین سەرمایەی ژیانیان، لە پێناوی نەتەوە و نیشتمانی خۆیان دا بەخشی.

١٠ ی خاکەلێوە ئەم ڕۆژەیە کە ڕوو دەکەینە شەهیدەکانمانو پێیان دەڵێین بە ئاسوودەیی سەر بنێنەوە. چونکە بە دڵنیاییەوە بە ئامانجەکانتان کە ڕزگاریی کوردستانو نەتەوەی کورد لە داگیرکراویو بندەستییە، وەفادار دەمێنینەوەو هەتا وەدیهێنانی ئامانجە بەرزەکانتان، لە تێکۆشانو خەبات سارد نابینەوە.

پەراوێز:
١) «بۆ کوردستان» هەژاری موکریانی
٢) ڕۆژنامەی «کوردستان»، «تاجی ژین» لە نووسینی دارا بێستوون، ژمارە...

# کۆماری کوردستان  لە ئاوێنەی رووداوەکاندا



ئامادە کردنی:عومەر باڵەکی

رووداوەکانی دوای دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات هەتا رووخانی کۆماری کوردستان
١٣٢٤ ـ ١٣٢٦(١٩٤٥ ـ ١٩٤٧)

١ـ دامەزرانی حیزبی دێمۆکرات لەسەر بناغەی (کۆمەڵەی ژ.ک) ١٣٢٤/٥/٢٥ (١٩٤٥/٨/١٦)

٢ـ بەسترانی یەکەمین کۆنگرەی حیزبی دێمۆکرات لە مەهاباد بە بەشداریی نوێنەرانی کورد لە ئاگرییەوە تا بۆکان ١٣٢٤/٨/٢ (١٩٤٥/١٠/٢٤)

٣ـ بەرێوەچوونی جێژنی سێیەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی کۆمەڵەی«ژ.ک» ١٣٢٤/٥/٢٥ (١٩٤٥/٨/١٦)

٤ ـ دەرچوونی یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردستان ١٣٢٤/٩/١٥ (١٩٤٥/١٢/٦)

٥– هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لەسەر بانی دەفتەری حیزبی دێمۆکرات لە شاری مەهاباد لە ١٣٢٤/٩/٢٦ (١٩٤٥/١٢/١٧)

٦ـ هەڵکرانی ئاڵا لەسەر بانی دەفتەری حیزبی دێمۆکرات لە شاری نەغەدە ١٣٢٤/٩/٢٧ (١٩٤٥/١٢/١٨)

٧ـ هەڵکرانی ئاڵا لەسەر بانی دەفتەری حیزبی دێمۆکرات لە شاری بۆکان ١٣٢٤/١٠/٧ (١٩٤٥/١٢/٢٨)

٨ـ جەلەسەی هەیئەتی فەرهەنگیی کوردستان بۆ دانانی»پشکنێر بۆ مەکتەبەکان» ١٣٢٤/١٠/١٢ (١٩٤٦/١/٢)

٩ـ ئاگاداریی شیرکەتی تەرەقی کوردستان بۆ بەشداریی خەڵک و سەرمایەگوزاری بە ئیمزای «محەمەد موعینی» ١٣٢٤/١٠/١٩ (١٩٤٦/١/٩)

١٠ـ گۆڕانی ناوی مەدرەسەی پەهلەوی بۆ مەکتەبی کوردستان ١٠/٢٠/ ١٣٢٤ (١٩٤٦/١/١٠)

١١ـ جێژنی کردنەوەی ئیدارەی رۆژنامەی کوردستان ١٣٢٤/١٠/٢٠ (١٠ /١٩٤٦/١)

١٢ـ دەرچوونی یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان ١٣٢٤/١٠/٢٠ (١٩٤٦/١/١٠)

١٣ـ بڵاوکرانەوەی ئاگاداریی « کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکرات» دەربارەی بە رەسمیناسینی زمانی کوردی ١٠/٢٠/ ١٣٢٤ (١٩٤٦/١/١٠)

١٤ـ دەرچوونی دوو بڕیار لە لایەن «حاجی بابا شێخ» لەسەر رەدووکەوتنی کچان و پرسەی مردووان ١٠/٢٤ /١٣٢٤ (١٩٤٦/١/١٤)

١٥ ـ کۆبوونەوەی هەیئەتی مودیرەی هەموو لقەکانی حیزبی دێمۆکرات و قەبائیل و عەشائیر بۆ چوون بەرەو پیری دامەزرانی کۆمار ١٣٢٤/١٠/٢٨ (١٩٤٦/١/١٨)

١٦ـ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان ١٣٢٤/١١/٢ (١٩٤٦/١/٢٢)

١٧ـ بەیعەتی پێشمەرگە بە پێشەوا قازی محەممەد وەک سەرۆک کۆماری کوردستان لە ١٣٢٤/١١/٣ (١٩٤٦/١/٢٣)

١٨ـ سەردانی پێشەوا لە پێشمەرگە خانە بە شەو ١٣٢٤/١١/٤ (١٩٤٦/١/٢٤)

١٩ـ سەردانی پێشەوا لە چاپخانەی کوردستان ١٣٢٤/١١/٥ (١٩٤٦/١/٢٥)

٢٠ـ بەڕێوەچوونی جێژن بە بۆنەی راگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن بازرگانەکانەوە ١١/٥/ ١٣٢٤ (١/٢٥/ ١٩٤٦)

٢١ـ بەڕێوەچوودنی جێژن لەلایەن سەرۆک ئێلەکان ئاغایانی شێرزاد و محەمەد حوسێن خانی ئەمیری ١٣٢٤/١١/٦ (١/٢٦/ ١٩٤٦)

٢٢ـ بەڕێوەچوودنی جێژن لەلایەن یەهودییەکانی مەهاباد بە بۆنەی راگەیاندنی کۆماری کوردستانەوە ١١/٦/ ١٣٢٤ (١٩٤٦/١/٢٦)

٢٣ ـ بەڕێوە چوونی جێژن بە بۆنەی راگەیاندنی کۆمارەوە لە لایەن سەرۆک ئێل « عبداللە ئاغای قادری»یەوە.

٢٤ـ بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن «سید عبداللە ئەفەندی»یەوە بە بۆنەی راگەیاندنی کۆماری کوردستان ١٣٢٤/١١/٩ (١٩٤٦/١/٢٩)

٢٥ـ بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن» جەعفەری کەریمی» لە سالۆنی ئەنجومەنی فەرهەنگی بە بۆنەی راگەیاندنی کۆمار ١٣٢٤/١١/١٢ (١٩٤٦/٢/١)

٢٦ـ خوێندنەوەی خوتبەی نوێژی جومعە بۆ یەکەم جار بە کوردی لە مزگەوتی سوور ١٣٢٤/١١/١٢ (١٩٤٦/٢/١)

٢٧ـ گۆڕانی ناوی «سەرباز» بە «پێشمەرگە» ، بۆ هێزی چەکداری کۆمار لە ئاگادارییەک دا کە لە رۆژنامەی کوردستاندا بڵاو بۆوە ١٣٢٤/١١/١٥ (١٩٤٦/٢/٤)

٢٨ـ بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن « سەید عبدالسلام» لە گەردیگلان بەبۆنەی کۆماری کوردستانەوە ١٣٢٤/١١/١٦ (١٩٤٦/٢/٥)

٢٩ـ دیاری کرانی هەیئەت بۆ ڕاگەیشتن بە کارەکانی فەرهەنگ و ئەوقاف ١٣٢٤/١١/١٧ (١٩٤٦/٢/٦)

٣٠ـ بەڕێوەچوونی جێژن لەلایەن «حەمە رەشید خان و چەند سەرۆک عەشیرەت» بە بۆنەی کۆماری کوردستانەوە ١٣٢٤/١١/١٩ (١٩٤٦/٢/٨)

٣١ـ دانانی هەیئەتیک بۆ گۆڕینی زاراوەی بێگانە بۆ کوردی لە عینوانەکانی هێزی پێشمەرگە ١٣٢٤/١١/٢٠ (١٩٤٦/٢/٩)

٣٢ـ بەرێوە چوونی جێژنی راگەیاندنی کۆمار لەلایەن خەڵکی دەوروبەری»کولیجە» لە دیوەخانی شێخ حوسێن ١٣٢٤/١١/٢٣ (١٩٤٦/٢/١٢)

٣٣ـ بەڕێوەچوونی جێژنی پێکهاتنی کۆمار لەلایەن «زێرۆ بەگی هەرکی» لە گوندی بالانیش ١٣٢٤/١١/٢٦ (١٩٤٦/٢/١٥)

٣٤ ـ هاتنی ماڵی مەلا مستەفا بارزانی بۆ شاری مەهاباد ١٣٢٤/١٢/٩ (١٩٤٦/٢/٢٨)

٣٥ـ سەردانی مەلا مستەفای بارزانی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە مەهاباد لە ریکەوتی ١٣٢٤/١٢/١١ (١٩٤٦/٣/٢)

٣٦ـ هاتنی ئێل و عەشائیر بۆ سەردانی پێشەوا لەشاری مەهاباد لە رێکەوتی ١٣٢٤/١٢/١٢ (١٩٤٦/٣/٣)

٣٧ـ سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە چاپخانەی کوردستان، ١٣٢٤/١٢/١٢ (١٩٤٦/٣/٣)

٣٨ـ سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە هەیئەت رەئیسەی میللیی کوردستان ١٣٢٤/١٢/١٢ (١٩٤٦/٣/٣)

٣٩ـ سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە ئیدارەی شارەداری مەهاباد ١٣٢٤/١٢/١٣ (١٩٤٦/٣/٤)

٤٠ـ سەردانی مەلا مستەفا بارزانی لە یانەی فەرهەنگی و دیداری لەگەڵ پێشەوا ١٣٢٤/١٢/١٣ (١٩٤٦/٣/٤)

٤١ـ دامەزرانی یەکێتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان ١٣٢٤/١١/٢٤ (١٩٤٦/٣/١٥)

٤٢ـ دامەزرانی کتێبخانەی میللی ١٣٢٤/١٢/٢٦ (١٩٤٦/٣/١٧)

٤٣ـ پەسندکرانی قانوونی مجازات ١٣٢٥/٢/١ (١٩٤٦/٤/٢١)

٤٤ـ بەسترانی پەیمانی یەکێتی و برایەتی لە نێوان حکوومەتی ئازەربایجان و کوردستان لە تەورێز ١٣٢٤/٢/٣ (١٩٤٦/٤/٢٣)

٤٥ـ رێککەوتنی سوپای کوردستان و ئازەربایجان ١٣٢٥/٢/٣ (١٩٤٦/٤/٢٣)

٤٦ـ سەردانی دەستەی تێکەڵاوی ئازەربایجان و کوردستان بۆ تاران بە سەرۆکایەتیی پێشەوا ١٣٢٤/٢/٨ (١٩٤٦/٤/٢٨)

٤٧ـ هێرشی سوپای ئێران بە پشتیوانیی تۆپ و ٢ تەیارە لە « مەڵقەرەنی و شاخی بێژینگ بەسەر» ١٣٢٥/٢/٩ (١٩٤٦/٤/٢٩)

٤٨ـ دەست بەکارکردنی رادیۆی کوردستان ١٣٢٤/٢/١٠ (١٩٤٦/٤/٣٠)

٤٩ـ گەڕانەوەی ئوردووی سوور بۆ خاکی شووڕەوی ١٣٢٥/٢/١١،١٠ (٤/٣٠و١٩٤٦/٥/١)

٥٠ـ بڵاوبوونەوەی نوتقی پێشەوا لە ڕادیۆ ١٣٢٥/٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢)

٥١ـ وەڵامدانەوەی پێشەوا بە نامەی « ژنەڕال حەمەرەشید خان» لەبارەی جەبهەی بانەو سەقزەوە ١٣٢٤/٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢)

٥٢ـ بەستنی کۆڕێکی رێزگرتن و شێعر خوێندنەوە بە بۆنەی رۆیشتنی ئۆردووی سوور ١٣٢٥/٢/١٢ (١٩٤٦/٥/٢)

٥٣ـ بڵاوبوونەوەی نوتقی پێشەوا لە رادیۆ بە بۆنەی رۆیشتنی ئۆردووی سوور لە رێکەوتی ١٣٢٥/٢/١٥ (١٩٤٦/٥/٥)

٥٤ـ هاتنی فیدائیانی ئێلی قەرە پەپاغ بۆ مەهاباد بە مەبەستی پشتگیری لە کۆماری کوردستان ١٣٢٥/٢/١٦ (١٩٤٦/٥/٦)

٥٥ـ هاتنی ئێلی هەرکی و بەرەو پیلبردنی ئاڵا ١٣٢٥/٢/١٧ (١٩٤٦/٥/٧)

٥٦ـ نوتقی پێشەوا لەسەر دوایین پێکهاتەکان دوای رۆیشتنی ئۆردووی سوور و بە رحەق بوونی کۆماری کوردستان ١٣٢٥/٢/٢٠ (١٩٤٦/٥/١٠)

٥٧ـ گەڕانەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کوردستان و ئازەربایجان لە تاران ١٣٢٥/٢/٢٣ (١٩٤٦/٥/١٣)

٥٨ـ ئیعلامیەی قوام السلطنە دوای گەڕانەوەی هەیئەتی نوێنەرایەتیی کورد و ئازەری ١٣٢٥/٢/٢٣ (١٩٤٦/٥/١٣)

٥٩ـ گەڕانەوەی سەیفی قازی نوێنەری حکوومەتی کوردستان ١٣٢٥/٢/٢٦ (١٩٤٦/٥/١٦)

٦٠ـ هێرشی دوژمن لە جەبهەی سەردەشت ١٣٢٤/٢/٢٨ (١٩٤٦/٥/١٨)

٦١ـ میتینگی سەیفی قازی سەبارەت بە وتوویژ لەگەڵ حکوومەتی مەرکەزی ١٣٢٥/٢/٣١ (١٩٤٦/٥/٢١)

٦٢ـ دیاریکرانی «عەلی خوسرەوی» بە جێگری وەزارەتی تەبلیغات و مودیری رادیۆ ١٣٢٥/٣/١ (١٩٤٦/٥/٢٢)

٦٣ـدانیشتنی «رزم آرا» لەگەڵ نوێنەرانی پێشمەرگە ١٣٢٥/٣/٥ (١٩٤٦/٥/٢٦)

٦٤ـ کۆبوونەوەی کومیتەی مەرکەزیی حیزبی دێمۆکرات دەربارەی وتوویژ لەگەڵ دەوڵەت ١٣٢٥/٣/٦ (١٩٤٦/٥/٢٧)

٦٥ـ شەڕ و پێکدادان لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێران لە کێوی»نەصر ئاباد» پشتی سەقز ١٣٢٥/٣/٨ (١٩٤٦/٥/٢٩)

٦٦ـ چوونی هەیئەتی کورد بە رێبەریی « حاجی بابە شێخ» بۆ سەقز بەمەستی وتوویژ لەگەڵ نوێنەرانی تاران ١٣٢٥/٣/٨ (١٩٤٦/٥/٢٩)

٦٧ـ بۆچوونی فەرماندەی جەبهەی سەقز» حەمەرەشید خان» لەبارەی وتوویژ لە نامەیەکدا ١٣٢٥/٣/١٠ (١٩٤٦/٥/٣١)

٦٨ـ وەڵامی پێشەوا بە حەمە رەشید خان فەرماندەی جەبهەی سەقز لەنامەیەکدا ١٣٢٥/٣/١٣ (١٩٤٦/٦/٣)

٦٩ـ هاتنی نوێنەری تاران بۆ درێژەی وتوویژ بە سەرۆکایەتیی «مظفر فیروز» بۆ تەورێز ١٣٢٥/٣/٢١ (١٩٤٦/٦/١١)

٧٠ـ ئاخر شەڕی هێزی پێشمەرگە و سوپای ئێران : شەڕی مامەشا» ١٣٢٥/٣/٢٥ (١٩٤٦/٦/١٥)

٧١ـ چاوپێکەوتنی «پێشەوا» و «رەزم آرا» لە گوندی سەرا ١٣٢٥/٣/٢٦ (١٩٤٦/٦/١٦)

٧٢ـ بەسترانی پەیمانی دۆستایەتیی تورکیە و عیراق ١٣٢٥/٣/٢٩ (١٩٤٦/٦/١٩)

٧٣ـ تەواو بوونی سەحنەی سینەمای کوردستان ١٣٢٥/٤/٥ (١٩٤٦/٦/٢٦)

٧٤ـ وتوویژی پێشەوا لەگەڵ ئاژانسی «فرانس پرێس» ١٣٢٥/٤/١٠ (١٩٤٦/٧/١)

٧٥ـ سەردانی جەبهەی شەڕ لەلایەن «مەلا مستەفای بارزانی و سەیفی قازی» یەوە ١٣٢٥/٤/١٤ (١٩٤٦/٦/٥)

٧٦ـ دیاریکرانی» سەرهەنگ محەممەدی نانەوازادە» بە سەرپەرستی جەبهەکانی شەڕ بە رێککەوتنی دەوڵەتی ناوەندی و کۆماری کوردستان ٤/١٨/ ١٣٢٥ (١٩٤٦/٦/٩)

٧٧ـ مانۆری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دەوروبەری شاری مەهاباد ١٣٢٥/٤/٢٠ (١٩٤٦/٧/١١)

٧٨ـ بەربوونەوەی فرۆکەی هەڵگری «سەرهەنگ محەممەدی نانەوازدە» لە کەلیخانی بانە و شەهیدبوونی ١٣٢٥/٤/٢٥ (١٩٤٦/٧/١٦)

٧٩ـ حەرەکەتی پێشەوا لە سەفەری تاران و تەورێزەوە بۆ مەهاباد ١٣٢٥/٤/٢٦ (١٩٤٦/٧/١٧)

٨٠ـ پێشوازیکردنی خەڵک لە پێشەوا ١٣٢٥/٤/٢٧ (١٩٤٦/٧/١٨)

٨١ـ درانی سوپاسنامە بە چەند مامۆستایەکی دەرسی کوردی کە لە کوردستانی عێراقەوە هاتبوون ١٣٢٥/٤/٣٠ (١٩٤٦/٧/٢١)

٨٢ـ نوتقی پێشەوا دەربارەی وتوویژ لەگەڵ قوام ١٣٢٥/٥/٤ (١٩٤٦/٧/٢٦)

٨٣ـ کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی ١٣٢٥/٥/٢٠ (١٩٤٦/٨/١١)

٨٤ـ تەسلیم کردنی یادداشتی وەبیرهێنانەوە لەلایەن ئێرانەوە بە سێ دەوڵەتە زلهێزەکە ١٣٢٥/٦/٢١ (١٩٤٦/٩/١٢)

٨٥ـ پێکهێنانی شووڕای شەڕ بە سەرۆکایەتیی « حاجی بابە شێخ» ١٣٢٥/٩/١٤ (١٩٤٦/١٢/٥)

٨٦ـ بانگهێشتی سەرۆک عەشیرەت و ئەندامانی کومیتەی ناوندیی «حیزبی دێمۆکرات» بۆ مزگەوتی هەباس ئاغا بەمەبەستی بڕیاردان لەسەر بەربەرەکانیکردن و نەکردن لەگەڵ سوپای ئیران ١٣٢٥/٩/١٥ (١٩٤٦/١٢/٦)

٨٧ـ لەشکرکێشیی ئێران بۆسەر حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و حکوومەتی کوردستان ١٣٢٥/٩/١٨ (١٩٤٦/١٢/٩)

٨٨ـ گەیشتنی ئەرتەش بۆ میانە ١٣٢٥/٩/٢٠ (١٩٤٦/١٢/١١)

٨٩ـ فەرمان درا بە هێزی پێشمەرگە کە لە بەرەکانی شەڕی» سەردەشت، بانە، سەقز» بکشێنەوە ١٣٢٥/٩/٢١ (١٩٤٦/١٢/١٢)

٩٠ـ ئەرتەش گەیشتە تەورێز ١٣٢٥/٩/٢٢ (١٩٤٦/١٢/١٣)

٩١ـ پێشوازیکردنی ئەرتەش لەلایەن» میرزا ڕەحمەتی شافیعی، شێخ حوسێنی شەمسی بورهان، عەلی ئاغای ئەمیر عەشائیری» ١٣٢٥/٩/٢٣ (١٩٤٦/١٢/١٤)

٩٢ـ سەردانی تاقمێک پێشمەرگە و بەرپرس لە پێشەوا و داوای رۆیشتنی پێشەوا لەگەڵیان ١٣٢٥/٩/٢٣ (١٩٤٦/١٢/١٤)

٩٣ـ رۆیشتنی نوێنەری بازرگانیی رووس و گەڕانەوەی بۆ کۆنسوولخانەی رووس لە ورمێ ١٣٢٥/٩/٢٤ (١٩٤٦/١٢/١٥)

٩٤ـگەیشتنی هێزی سەرهەنگ»غەفاری» و ئێلە هاوپەیمانەکانی بەهێزی هێرشبەر ١٣٢٥/٩/٢٤ (١٩٤٦/١٢/١٥)

٩٥ـ گیرانی شاری مەرەند ١٣٢٥/٩/٢٤ (١٩٤٦/١٢/١٥)

٩٦ـ گیرانی شارەکانی: ماکۆ، خۆی، مەراغە، ورمێ» ١٣٢٥/٩/٢٦،٢٥ (١٩٤٦/١٢/١٧،١٦)

٩٧– بە پیرەوەچوونی ئەرتەش لەلایەن پێشەواوە لە نزیک گوندی گوێک تەپە ١٣٢٥/٩/٢٦ (١٩٤٦/١٢/١٧)

٩٨ـ گیرانەوەی شاری مەهاباد دوای ساڵێک ئازادی لەدەستی حکوومەتی ناوەندی ١٣٢٥/٩/٢٦ (١٩٤٦/١٢/١٧)

٩٩ـ گیرانی پێشەوا و ٢٨ کەس لە سەرکردەکانی حکوومەتی کوردستان ١٣٢٥/٩/٣٠ (١٩٤٦/١٢/٢١)

١٠٠ـ حوکم درانی پێشەوا و هاوڕێیانی ١٣٢٥/١٠/٢ (١٩٤٦/١٢/٢٣)

١٠١ـ گەیشتنی دادگای پێداچونەوە بە مەهاباد ١٣٢٥/١٠/٧ (١٩٤٦/١٢/٢٨)

١٠٢ـ بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی ئەحمەد خانی فارووقی» سالار»، عەبدوڵلاخانی مەتین، محەمەد خانی دانیشوەر»براکانی سالار»، عەلی خانی فاتح، محەمەد بەگی فەیزوڵلا بەگی، حەسەن خانی فەیزوڵلا بەگی، ئەحمەد شەجیعی، شێخ ئەمین ئەسعەدی کەسنەزانی، شێخ سەدیق ئەسعەدی یازی بلاغی، عەلی ئاغای جەوانمەردی، رەسووڵ ئاغای مەحموودی (برای عەلی ئاغا) ١٣٢٥/١٢/٢٦(١٩٤٧/٣/١٧)

١٠٣ـ بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی پێشەواوهاوڕێیانی ١٣٢٦/١/١٠(١٩٤٧/٣/٣٠)

١٠٤ـ بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی» حەمیدی مازووچی، رەسووڵ نەغەدەیی، عەبدوڵلا رەوشەنفکرو محەمەدی نازمی» ١/١٧/ ١٣٢٦ (١٩٤٧/٤/٦)

١٠٥ـ بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی « عەلی بەگی شێرزاد» ١٣٢٦/١/١٨ (١٩٤٧/٤/٧)

# بنەماکانی رێژیمی تۆتالیتێر



رەحمان پیرۆتی

شۆڕشی ١٣٥٧ی گەلانی ئێران بەرهەمی خەباتو خوێنی دەیان هەزار شەهید بوو، لەپێناو ئازادیو رزگاری لە چەنگ حکوومەتی پەهلەوی. گەلانی ئێران بەگشتیو گەلی کورد بەتایبەتی چاوەڕوان بوون بە هاتنەسەرکاری حکوومەتێکی دێموکراتیکو وڵامدەر، وێڕای بەشداری کردن لە حکوومەتو سیستمی دەسەڵاتداریتی وڵات، ئاوڕ لە مەینەتییەکانیان بدرێتەوەو بە داخوازییە مەدەنیو مافە نەتەوایەتییەکانیان بگەن. رێبەرانی مەزهەبی بە بیرۆکەیەکی لەپێش‌داڕێژراوو لەسەر بنەمای دوگمو ئیدیۆلۆژی وشکی مەزهەبی دەسکەوتەکانی شۆڕشیان گەمارۆ داو بە مەبەستی بەلاڕێدابردنی، لە بەرامبەر هەر راوبۆچوونێکی جیاواز هەڵوێستیان گرت. بە زەقکردنەوەی دروشمی ئومەتی ئیسلامیو «حیزب تەنیا حیزب اللهو رێبەر تەنیا روح الله»، هەنگاو بەرەو دەسەڵاتێکی تاکەکەسیو تۆتالیتێر هەڵێنرا. هەموو ئەو بانگەشەو دروشمانەی کە هەوێنی یەکڕیزی خەڵک بوونو شۆڕشی دژە دیکتاتۆڕی پەهلەوییان بە ئاکام گەیاندبوو، لەبیر کرانو کۆماری ئیسلامی لە رێفراندۆمێکی بەرتەسک بە دوو بەربژاری «بەڵێ و نەخێر» لەمەڕ سیستمی سیاسی وڵات، سەپێندراو بوو بە واقیعێک بە سەر گەلانی ئێران‌دا. واقیعێک، بە ناوەرۆکی پاشکەوتوو و نەریتیو بە کارکردی شێوەمۆدێرن، کە نارێک لەگەڵ سەردەمو ناتەبا لەگەڵ هەموو یاساو رێسا سیاسیو کۆمەڵایەتییەکان بوو و دژایەتی لەگەڵ بنەما دێموکراتیکەکانو داخوازییە نەتەوایەتییەکان دەکرد، دەسپێکی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی مسۆگەر کرد.

ئەگەر داخوازییەکانی خەڵک لە سێبەری مۆدێرنیسمی خۆسەری پەهلەوی بێ‌وڵام مانەوە، حکوومەتی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامیش لە وەدی‌هێنانی دروشمەکانی «خەڵکسالاری دینی» ناکام ماوە. زۆری نەخایاند دژایەتی لەگەڵ هەر راوبۆچوونێکی جیاواز نیشان‌داو رێکخراوە سیاسی‌یەکان بە بیانووی جۆراوجۆر لە چالاکی وەستێندرانو هەڵوەشاوە راگەیەندرانو هەڵسوکەوتیان کەوتە ژێر چاوەدێری. بە بەدامەزراوەکردنی ئیدیۆلۆژی وشکی مەزهەبیو بەم رێنمایی‌یە کە «هەر کەسو لایەنێک کە لەو بۆچوونەدا جێ ناگرێ، دژایەتی دەکرێ»؛ ئاستەنگ لە بەردەم نەتەوەکانی‌تر، بەتایبەتی گەلی کورد ساز کراو جیابیران کەوتنە ژێر گوشارو نۆستالژی تێفکرینی پەهلەوی وەرمێن کەوتەوە؛ و «ئێران یەک وڵاتو یەک نەتەوەیەو هیچی‌تر» بوو بە تەوەری سیاسی‌کاری ناوخۆیی کۆماری ئیسلامی. جیاوازی‌یە نەتەوەیی، مەزهەبیو کلتووری‌یەکان پشت-گوێ خرانو هەنگاو بەرەو یەکدەستکردنو یەکڕەنگکردنی دەسەڵات هەڵگیرا.

مەبەست لە رێژیمی ئیدیۆلۆژیک، رێژیمێکی ئامانجدار بە پەرەپێدانی رێبازو ئیدیۆلۆژی خۆیەتی کە بە حەولدان بۆ گشتاندنی ئەو فکرو ئەندیشەیە لە سەرتاسەری وڵات، هەڵسوکەوتی رۆژانەی خەڵک لەو چوارچێوەدا کانالیزە دەکا. تایبەتمەندی سەرەکی ساختاری ئیدیۆلۆژیک ئەوەیە کە بەدەر لە ئیرادەی خەڵکەو کارتێکەری خەڵکی لەسەر نییە؛ بەپێچەوانەی دەزگای کردەکیو یاسادانان دەبینیو لە هەر ئاڵوگۆڕیک لە ساختاری دەسەڵاتی ئیدیۆلۆژیک نیگەرانەو هەر شێوە کردارێکی هاوڕاستا لەگەڵ تەوەری ئیدیۆلۆژیک پاساوهەڵگر دەکاو لەسەر بنەمای ئەو تێفکرینە، شەڕو بەکارهێنانی توندوتیژی بە رەوا دەزانیو لەگەڵ دێموکراسی، ئازادی، رادەربڕینی ئازاد، کۆمەڵگای مەدەنیو لیبراڵیسم دژایەتی دەکا. بەم پێیە لە سیستمە ئیدیۆلۆژیکەکان‌دا رووبەڕووبوونەوەی حکوومەتو کۆمەڵگا بەردەوامو هەمیشەییەو هەنگاو بەرەوپێش نانی هەر کام لەو رکەبەرانە، راستەوخۆ بە مانای پاشەکشەی ئەوی دیکەیە.

ئارمانی ئیدیۆلۆژیک، گریمانەو بەرتەسک بە رای جیاوازو ئازادی تاکو کۆمەڵ ناکرێو باوەڕمەندانی بۆچوونی ئیدیۆلۆژیک، لە سەرووی یاساو مافەکانی کە بە رواڵەت لە هەڵبژاردنەکان‌دا خەڵک کاریگەری‌یان هەیە.

**لە رێژیمە ئیدیۆلۆژیکەکان‌دا تەنیا ئەو کەسو لایانانە دەتوانن لە دەسەڵات نزیک ببنەوەو جێگا بگرن کە باوەڕی تەواویان بە ئیدیۆلۆژی دەسەڵات هەبێو لە دەزگای هەڵاواردنو گۆزینێشی حکوومەت دەرچووبن**

لە رێژیمە ئیدیۆلۆژیکەکان‌دا تەنیا ئەو کەسو لایانانە دەتوانن لە دەسەڵات نزیک ببنەوەو جێگا بگرن کە باوەڕی تەواویان بە ئیدیۆلۆژی دەسەڵات هەبێو لە دەزگای هەڵاواردنو گۆزینێشی حکوومەت دەرچووبن. دەردەکەوێ کە بنەمای بەشداری، شارەزاییو لێهاتوویی نییە، بەڵکوو ئەساس پێوەندی عەقیدەتی‌یەو هیچی‌تر. ئیدیۆلۆژی ئاوێتە بە سیاسەت ، هەر چەشنە رێفۆڕمێکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بە مەترسی لەسەر خۆی تاکو کۆمەڵ دادەنرێنو بۆ هەر چەشنە کردارێک ئامادە دەکرێنو دەرفەتی لادانو دەربڕینی راوبۆچوونی جیاوازیان لێوەردەگیرێت؛ بەم هۆیە کە قایل کراون کە ئەوە ئەرکی پێ‌ئەسپێردراوەو جێبەجێ‌کردنی بە هەر نرخێک پێویستە. بەستراوەیی بە قوتابخانەیەکی فکری داخراو کە هەم بانگەشەی ئارمانی دەکاو هەم بەرنامەکار دەخاتەڕوو و هەم سەرچاوەی شوناسی سیاسییە، جێگایەک بۆ پێداچوونەوەو دوورنواڕیو گۆڕانکاری ناهێڵێتەوە. چوارچێوەیەکی دوگماتیک، کە بە لێڕوانینی باوەڕمەندانی بە پێشهاتو واقیعی حەتمی دەبینرێت، تا ئەو جێگایە کە تووشی لەمپەرو بەربەست نەبێت، پێش‌ڕەوی دەکا. خۆ بواردنی حکوومەتە تۆتالیتێرەکان لە چاکسازیو رێفۆرم، وێڕای تەواوی ناکارامەییو نەگبەتیو رەشەکوژییەکانیانو پێداگری‌یان بۆ لەسەر دەسەڵات مانەوە؛ تا ئەو کاتە کە تووشی هەڵگەڕانەوەو سەرهەڵدانی خەڵک دەبن، سەرچاوەگرتوو لەو تێفکرینە وشکو نەچەمێنەیە.

هەنووکە ئیدیۆلۆژی ئیسلامی تووشی بێ‌باوەڕیکی بەربڵاو هاتووەو ئەوە نیشانەیەکی بەهێزە کە حکوومەتی تۆتالیتێری ئیسلامی لە دەورانی کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوە. ئیدیۆلۆژی ئیسلامی وڵامدەری پێویستییەکانی سەردەم نییە، و سەرەڕای ئەوە کە بە رواڵەتو بە بانگەشە پارێزراوە بەڵام لەراستی‌دا لە کردەوەدا زۆر جیددی وەرناگیرێتو بەردەوام بە پێچەوانەی رێنماییە ئیدیۆلۆژیکەکان هەڵوێست دەگیردرێت. ئیدیۆلۆژی سەرپۆشێکە بۆ ناوەرۆکێکی پوکو پووچ، کە بە کۆمەڵێک «حوکمی حکوومەتی»و فەرمانی رێبەری جێ‌گۆڕکێی پێ‌کراوە. فەلەجی ئەو دەزگا حکوومەتییە بۆ تەواوی سیستمی بۆرۆکراتیکی وڵات تەشەنەی سەندووەو لە راستی‌دا ئەگەر حکوومەتی دینی هەروا بەردەوامە، نەک بەهۆی توانای ئیدیۆلۆژی ئیسلامی بۆ وڵامدانەوە بە پێویستییەکانی کۆمەڵگا، بەڵکوو بەهۆی گۆڕانی حکوومەت بۆ دیکتاتۆڕێکی تۆتالیتێر بووە. پێویستە دەرفەتی لەبار بقۆزرێتەوە بۆ لێدانی گورزی کاریگەر لە چەقی قورسایی حکوومەت. رووخاندنی حکوومەتی ئیسلامی شیاوی رەخسانەو بەدەر لە توانای کۆمەڵانی خەڵک نییە.

# نەورۆز بۆ ئێمە، نەورۆز بۆ ئەوان



م. ئەحمەدی

**بەرایی**

**نەورۆز بۆنەیەکی تایبەتی نەتەوەیەک نییەو هی زۆربەی میللەتانی ئارياییە. ئەم بۆنەیە لە رێکەوتی ٢٤ فێوریەی ساڵی ٢٠١٠دا، لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک «رۆژێکی نێونەتەوەییو فەرهەنگی ئاشتی» لە جیهان‌دا بە فەرمی ناسی. نەورۆز کە ئێستا وارایەتییەکی جیهانیی هەیە، لە نێوان بەشێک لە میللەتانیو وڵاتانی جیهان‌دا بەشێوازی جوراوجۆر یاد دەکرێتەوە. لە کۆی ئەم یادکردنەوانەدا نەورۆز بە واتای نوێبوونەوەو دەست پێ‌کردنی وەرزێکی نوێ دێ. لای ئەو وڵاتگەلەی کە بەپێی رۆژمێری هەتاوی کار دەکەن (وەک: ئێران و ئەفغانستان) نەورۆز بە واتای سەرەتای ساڵی نوێ دێ و لای ئەو وڵاتگەلەی کە بەپێی رۆژمێری زایینی کار دەکەن، رۆژی نەورۆز بە مانای دەسپێکی وەرزی بەهار دێ.**

ئەوەی لەم وتارەدا مەبەستە، یەکەم، روانینێکی گشتییە بۆ نەورۆزو چۆنیەتیی یادکردنەوەکەی، دووەم، روانینێکی تایبەتە بۆ گرنگییەکەی لای کورد. روانینی دووەم، کە تەوەری سەرەکیی وتارەکەیە، قسەکردنە لەسەر سنووربەندیی نێوان نەورۆزی ئێمە (وەک کورد) و نەورۆزی ئەوان (نەتەوە و وڵاتگەلی دیکە). بە واتایەکی دیکە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە ئاخۆ نەورۆز لای ئێمە تەنیا بۆنەیەکی کولتووریو کۆمەڵایەتیی رووتە، یان بۆنەیەکی سیاسیشە؟ چەندە ئێمە لە نەورۆز بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی، بردنە سەرەوەی ئاستیو شیاریی نەتەوەیی، رێکخستنی سیاسیو مانۆڕی نەتەوەیی (بەتایبەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستان) کەڵکمان وەرگرتووە؟ بێگومان قسەکردن لەسەر ئەم پرسیارگەلە، پێویستی بە رامانێکی نوێیەو وەڵامەکەشیان لەهەر کام لە پارچەکانی کوردستان جیاوازە.

### نەورۆز بۆ ئەوان

نەورۆز لای زۆربەی میللەتانی ناوچەکە تەنیا بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیو کولتوورییەو لەو چوارچێوەیەدا بە شێوازی جیا جیا یاد دەکرێتەوە. هۆکاری ئەوە کە تەنیا جەژنێکی کۆمەڵایەتیو کولتوورییە، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ژیانو کێشەکانی ئەو میللەتانە. بەواتایەکی دیکە ئەوان خاکیان داگیر نەکراوە، کیانی سیاسیو سنووری خۆیان هەیە، زمانو کولتووریان مەترسیی لەناوچوونی لەسەر نییە، بۆیە نەورۆز لای ئەوان زتاتر وەک بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیو کولتوورییە.

لە نەورۆزدا، زۆربەی ئەو نەتەوەو وڵاتگەلەی کە ئەم بۆنەیە جەژن دەگرن، کۆمەڵێک نەریتیان هەیە کە ساڵانە لە نەورۆزدا ئەنجامی دەدەن. لەوانە: خاوێنکردنەوە ناوماڵ، سەردانی خزمو کەسو سەیرانو سەفەری ئەم لا و ئەو لا، رازاندنەوەی سفرەی حەوت سین، دروستکردنی خواردنی جۆراوجۆ، گۆرانیو هەڵپەڕکێ، ئاگرکردنەوە، ئەنجامدانی پێشبڕکێو گەمەی جۆراوجۆر و... . هەرکام لەم نەریتگەلە باکگراوندو ئەفسانەیەکیان هەیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، باکگراوندی ئەو نەریتگەلە نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئەو نەتەوە و وڵاتگەلە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتیو کولتووری‌دا یادی نەورۆزیان کردووەتەوەو ئەم جەژنەیان ئاوێتەی سیاسەت نەکردووە. بەم جۆرە لە سەرماو کرێوەی زستانو تاریکی و... ماڵاواییان کردووە و بەرەو پیری بەهارو ساڵی نوێو داوێنی سروشتو ژیانێکی نوێ چوون.

### نەورۆز بۆ ئێمە

ئەگەر چاو لە چەند دەیەی رابردوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەپێچەوانەی نەتەوەو وڵاتانی دەوروبەر، نەورۆز بۆ کورد هەمیشە مانایەکی دیکەی هەبووەو هەیە. بەواتایەکی دیکە نەورۆز بۆ کورد جیا لەوەی بۆنەیەکی کۆمەڵایەتیو کولتووری بووە، هەمیشەش تێکەڵاوی خەمی نەتەوەییو سیاسی کراوە. نەورۆز بۆ کورد دەرفەتێک بووە بۆ ئەوەی خۆی ببووژێنێتەوەو بەشێوازی جۆراجۆر ئەوە پەیامەی پێ دەربڕاوە کە کورد نەتەوەیەکە غەدری لێ کراوە، کوردستان نیشتمانی یەک نەتەوەیەو پارچە پارچە کراوە، زمانمان شێوێندراوەو هەوڵ بۆ ئاسیمیلەکردنمان و... دراوە. بەردەوام گۆرانیو شیعرە نەورۆزییەکان بە پەیامی سیاسیو خەمی نەتەوەیی بار کراون. واتە سروشتی راستەقینەی نەورۆز لای کورد لە فۆرمێکی کولتووریو کۆمەڵایەتییەوە، گۆڕدراوە بۆ فۆرمێکی سیاسی. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین بەردەوام داگیرکەرانی کوردستان بەرانبەر بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی نەورۆز لە کوردستان هەستیار بوونو زۆر جار لەبەرەبەری نەورۆزدا کوردستان ملیتاریزە کراوەو بۆنە نەورۆزییەکان لە زۆر شوێنی کوردستان تێک دراونو کوشتنو زیندانیان لێ کەوتووەتەوە. هەموومان نەورۆزەکانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوومان لە باکووری کوردستان لەبیر ماوە، کە بە چ شێوەیەک خەڵک سەرکوتو شەهیدو دەستگیر دەکران. «زەکیا ئەلکان» کە کچە خوێندکارێک بوو لە شاری ئامەد لە نەورۆز بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیو گەیاندنی پەیامی نەتەوەکەی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. نەورۆزی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی شاری سنەمان لەبیرماوە کە دەیان لاو لە سنە دەستگیر کرانو لە زۆر شوێن بە سەپاندنی کەشێکی ملیتاریستی رێگەیان نەدەدا ئاگریش بکرێتەوە.

لە ساڵانی رابردوودا لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان هەوڵ دراوە لە نەورۆز کەڵک وەربگیردرێ، لە باکوور، چەند ساڵە میتینگی ملیۆنی لە نەورۆزدا بەڕێوە دەچێو ئیرادەو ئیقتداری نەتەوەیەک نیشان دەدرێ. لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای گوشارو زەختی زۆر چەند ساڵە لە هەندێ لە شارەکانو گوندەکان کۆبوونەوەی بەرین لە نەورۆزدا پێک دێو بە خوێندنەوەی شێعر و سروودی جۆراوجۆر، بۆنەکە بەرز رادەگیردرێ. لە رۆژاوای کوردستانیش بە کۆبوونەوەی بەرینی جەماوەری ئەم بۆنەیە یاد دەکرێتەوە. لە باشووری کوردستانیش جیاواز لە پارچەکانی دیکە بەڕێوە دەچێو حکوومەتو دەزگا پێوەندیدارەکانی سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی ساڵانەی نەورۆز لە شارەکان دەکەن.



### نەورۆز لە رۆژهەڵات

بەئاوڕدانەوەیەک لە بەڕێوەچوونی نەورۆز لە باکور لەم بەش‌دا لە رونگەیەکی رەخنەگرانەوە قسە لەسەر بەڕێوەچوونی نەورۆز لە رۆژهەڵات دەکەین. لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و سەرەتای سەدەی بیستویەک، بەڕێوەبردنی جەژنی نەورۆز لە باکووری کوردستان قوربانیو نرخێکی زۆری بەدوای خۆی‌دا هێناو ئێستاش ئەو ڤیدیۆانە ماون کە بە چ شێوەیەک سەربازی تورک خەڵکی کورد سەرکوت دەکەنو هەڵدەکوتنە سەر رێوڕەسمەکانیانو دەستگیریان دەکەن، لێیان دەدەنو لێشیان دەکوژن. سەرەڕای ئەو هەموو گوشارە خەڵک نەسلەمینەوەو نەورۆز لە دوای نەورۆز بە گوڕوتینتر هاتنە مەیدانو لە ئەنجامی ئەو کۆڵنەدانەدا، کەشی سیاسی تورکیا بە قازانجی ئەوان گۆڕاو ئێستا نەورۆزی ملیۆنی لە ئامەد بەڕێوە دەچێ. رەنگە هەموومان بە بینینی وێنەو ڤیدیۆکانی رێوڕەسمە نەورۆزییە ملیۆنییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی باکووری کوردستان هەست بە شانازیو گەورەیی نەتەوەکەمان بکەین، واتە بە زەقی ئیقتدارو گەورەیی نەتەوەیەک نیشان دەدرێو نەورۆز لە باکوور بووەتە مانۆڕێکی سیاسی ـ نەتەوەیی گەورە.

ئەگەرچی ناکرێ، هەلومەرجی سیاسی زاڵ بەسەر باکورو رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ یەکتری بەراوەرد بکەین، بەو حاڵەش چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە نەورۆز لە رۆژهەڵاتی کوردستان رەخنەی لەسەرو رەخنەکانیش بەرۆکی رێکخستنە سیاسییەکانی ئەو پارچەی وڵات دەگرێتەوە. ئەوەی دیارە لە رۆژهەڵاتی کوردستان جیا لە چەند حەرەکەتێکی لاوەکی، لەم چەند ساڵەدا نەتوانراوە لە نەورۆز وەک بۆنەیەک بۆ نیشاندانی ئێقتداری نەتەوەییو گەیاندنی پەیامی سیاسی کەڵک وەربگیردرێ. ئەگەر سەیرێکی ناوەرۆکی پەیامی حیزبەکانی رۆژهەڵاتو ئاخاوتنی کاربەدەستانی حیزبی بەم بۆنەیەوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە پەیامەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پەیامەکانی ساڵانی رابردوو نییەو بەجۆرێک چەند ساڵە کۆمەڵێک قسەی دیاری کراوە دووپات دەکرێتەوەو تەنیا رستەکانو وشەکان ئەملاو ئەو لایەکیان پێ‌دەکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر سەیری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی کەناڵەکانی سەر بە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دەبین خۆیان داوەتە دەستی قەدەر و بێ پلانیان لێ دەبارێ. ناوەڕۆک تەنزەکان، گۆرانییەکانو هەڵپەڕکێ و... ئەوەندە لە ئاستێکی نزمدایە کە بە باوەڕی من نەتەنیا خەڵک بۆ خەباتو کوردایەتی هان نادەنو ئاستی وشیاری نەتەوەیی بەرز ناکەنەوە، بەڵکو کۆمەڵگا بەرەو جۆرێک لە سادەیی لە بیرکردنەوەدا دەبەن. تەنانەت لە کاتی وتاری جیدی کاربەدەستانی حیزبیدا (بە بۆنەی نەورۆزە) خەڵک بیر لەوە دەکەوە کە

ل ١٠

# هەڵبژاردنی شارەوانیو شووڕاکان لە تورکیەو ئاکامەکانی



حەسەن حاتەمی

رۆژی ٣٠ی مارسی ٢٠١٤، هەڵبژاردنە لۆکالییەکانی تورکیەو باکووری کوردستان بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک شارەوانییەکان، ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی، ئەنجومەنی گوندو موختاری گوندەکان بەڕێوەچوو. لە ١٢ ساڵی رابردوو دا، کە حیزبی دادو گەشەپێدان (ئاکەپە) دەسەڵاتی بەدەست گرتوە، هەڵبژاردنەکانی پارلمانیو شاروانییو شووڕاکان بەشێوەی کێبەرکێی حیزبیو تارادەیەک ئازادو دێموکراتیک بەرەو نیهادینە بوونن.

لەو هەڵبژاردنەدا، نزیکەی ٥٣ هەزار کەس مافی دەنگیان هەبوو. نزیکەی ٣ هەزار سەرۆک شاورەوانیو بەرپرسانو ئەندمانی شووڕاکانی شارو گوندو گەرەکەکان هەڵدەبژێردران. لە ٧٦ حیزبو رێکخراوی بەرایی سەرانسەری تورکیە باکووری کوردستان ٢٥ یان بەشدارییان لەو هەڵبژاردنانە دا، کرد.

ئەو هەڵبژاردنەی ئەمجار تایبەتمەندی گرینگی هەبوو، کە بەکورتی بریتی بوون لە:

١- ئیئتیلافی ئاک پارتیو جەماعەتی گولەن کە لە سەرەتای دروستبوونی ئەو حیزبە لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، دەستی پێکردبوو بەرەو هەڵوەشانەوە چووە. رەجەب تەیب ئەردۆغان – سێ جار سەرۆک وەزیری بەهێزی دەزگای ئیجرایی-، لەگەڵ فەتحوڵڵا گولن- رێبەری مەزهەبی زیدە ناسیونالیست، بەتوانا لەبواری ماڵیو خێرخوازیدا، کە لە پێنسیلوانیای ئەمریکا نیشتەجێیە- و یارمەتیدەری ئابووری تورکیە بووەو پشتیوانی ئەو لە ئاکەپە زۆر کەریگەری هەبوو. ئێستا بۆخۆیو رێکخراوەکەی کە بە «کۆمەڵی گولەن» یا «دەوڵەتی هاوتەریب (موازی)» و «دەوڵەتی سێبەر» یش ناوی دەبرێ، لە بەرانبەر یەک دا، راوەستان. لە راگەیەنەرەگشتییەکان هێرشیان بۆ سەر یەکتر دەکردو فەزایەکی نائارام لەنێوانیان دا، دروست ببوو. رۆژنامەو روژنامەنووسانی سەربە گرووپی گولەن، ئەردۆغان بە «دەسەڵاتخواز» و «دیکتاتۆڕ» ناوی دەبرد.

یەکێک لە کێشەکانی گولەن و ئەردۆغان لەسەر پرسی کوردە. چونکە لە فیوریەی ٢١٠٢ دا، دادوەری گشتی کۆماری تورکیە- سەدرەدین ساریکایا-، کە سەر بەگرووپی گولەنە، هاکان فیدان- بەڕێوەبەری دەزگای میت-، ی بۆ دادگا بانگ کردو لەسەر دانوسانەکانی لەگەڵ p.k.k لە ئۆسلۆ- پێتەختی نەرویژ- دا، لێپرسینەوەی لێکرد.

گولەنیەکان، ئەردۆغانیان بەوە تاوانبار دەکرد کە بۆ p.k.k مل کەچ دەکا و ئەو کردەوەیەش بۆ تورکیە جێی مەترسییە. هەروەها دژایەتی لەگەڵ ئیسرائیل، دوورکەوتنەوە لە ئوروپا لە پێناو رۆژهەڵاتی نێوراست دا، نزیکایەتیی لە ئێران، موخالیفەت لەگەڵ میسرو سووریە کۆمەڵە مەسەلەیەکی دیکەی جیاوازی نێوانیانە.

ئەردۆغانیش «کۆمەڵی گولەن» بە دەستێوەردان لەکاروباری دەوڵەت، دروستکردنی دەوڵەتی «هاوتەریب (موازی)» و «دەوڵەتی سێبەر» تاوانبار دەکا کە بێ ئەوەی بەرپرسایەتی سیاسی وەئەستۆ بگرنو بەشداری لە سیاسەت دا بکەن، پۆستی سەرۆکی میت یان گەرەکە.

گرووپی گولەن- کە پێی خۆشە بە گرووپی «خزمەت» بناسرێ-، ٢ هەزار قوتابخانەیان لە ١٦٠ وڵاتی جیهان دا، هەیە. کاتێک نێوانی ئەردۆغانو گولەن خۆش بوو، رووسیە ویستی قوتابخانەی گولون ببەستێ. ئەردۆغان هەڕەشەی پچڕانی پێوەندی بازرگانی لەگەڵ رووسیە کرد. بەڵام ئێستا بە هیچ شێوەیەک پشتگیری لەو قوتابخانانە ناکا.

٢- لەنێوان ئەردۆغانو عەبدوڵڵا گوڵ- سەرکۆماری و کەسی ژمارە ٢ ی ئاکەپە-، جیاوازی بیروڕاو هەڵسوکەوت دروست بووە. نارەزایەتییو خۆپێشاندان و رووداوەکانی پارکی گەزی لە ئیستانبول و شارە گەروەکان لە دوو ساڵی رابردو دا، ئەو جیاوازیانەی نێوان ئەو دوو کەسە بەهێزی نێو ئەو حیزبەی پتر زەق کردۆتەوە. ئەردۆغان خۆپێشاندەران بە «تێرۆریست» دەزانێ. بەڵام گوڵ ئەو نارەزایەتییانەی بە مافی خەڵک دانا. ئەردۆغان جەهەپە بە «پیلانگێڕی نێوخۆییو دەرەویی» دەزانێو گوڵ لەگەڵ کەماڵ قلیچدار ئۆغلوو- سەرۆکی ئەو حیزبە، لە کۆشکی چانکایا چاوپێکەوتن کرد- و دەڵێ: دەنگی نارەزایەتییەکانم بیست.

لەو نارەزایەتیەیانە کە ٦ کوژراو، ١١کەس کوێربوو و سەدان بریندارو سەدان زیندانی کراوی لێکەوتەوە. لەم دوایانەش دا، برکین ئەلوان مێر منالێکی ١٥ ساڵە کە بە گازی فرمێسک رێژی پۆلیس، دوای ٩ مانگ ئیشو ئازار چێشتنو لە کۆما دابوون دا، لە ١٤ ی مارس (٢٣ رەشەممە) بەداخەوە گیانی دا. ئەو رووداوە خۆپێشاندانی زۆر بەرینی لە ئیستانبوڵ، ئانکارو شارەگەورەکانی دیکەی لێکەوتەوە کە بە دژی ئەردۆغان دروشمیان دەداو خوازیاری دەست لەکارکێشانەوەی بوون. ئەردوغان ئەلوانیشی بە «تێرۆڕیست» دانا. بەڵام گوڵ وتی: دەبێ هەوڵ بدین هەتا رووداوەی لەجۆرە دووپات نەبێتەوە.

ئەردۆغان رایەڵکەی نهێنی تەلەیفونی(شنوود)ەکان لە پێوەندی لەگەڵ گەندەڵی ئابووریو گیرانی تۆرێکی زەبلاحی «پوولشوویی» یا خۆدزینەوە لە ماڵیاتەکانو دەورلێدانی گەمارۆکانی سەر ئێران، کە کەسێکی بەناوی رەزا زەڕابی- مێردی ئەبروو گوندیش گورانی بێژی ناسراوی تورکی یان لەگەڵ بوو- و کوڕی سێ وەزیرو تاوانبار کردنی بیلال – کوڕی ئەردۆغانو بانگ کرانی بۆ دادگا- کە بەشەڕی «راگەیانەرەگشتییو کاسێتەکان» پێناسە کران. بیروڕای گوڵو ئەردۆغان لەسەر ئەو مەسەلانە جیاوازیان هەیە.

لەپێوەندی لەگەڵ سنووردارکردنی ئینترنێت لەلایەن ئەردۆغانو پەسندکرانی یاسایەک، لەوبوارە دا، گوڵ بەدرەنگەوە ئیمزای کرد کە جۆرێک نارەزایەتی بوو. لەتورکیە دا، پتر لە ٣٤ میلیۆن کاربەری ئینترنێتی هەن کە لەو ئاکارەی ئەودۆغان رازی نیین.

٣- لە مانگی ئووت یا ئاگۆستی ئەمساڵدا، هەڵبژاردنی سەرکۆماری بڕیارە بەڕێوە بچێ. ئەردۆغان گەرەکیە بە پەسند کردنی یاسایەکی نوێ بۆ یەکەم جار سەرکۆمار راستەخۆ لەلایەن خەڵکانی تورکیەوە هەڵبژێردرێ. ئەو مودێلو سیستمی فەڕانسە رەچاو دەکا کە، سەرکۆمار دەسەڵاتێکی زۆری دەبێو رۆڵی سەرۆک وەزیر کەم دەکاتەوە.

ئەردۆغان پێشتر رایگەیاندوە کە بۆ پوستی سەرکۆماری داهاتوو خۆی بەربژێر دەکا. گوڵ کە پەلەی نییە و ژێربێژانە (منتیقی)، هەڵسوکەوت دەکا، باسی خۆ کاندیدا کردنی نەکردوە. چونکە بە پێی بۆچوونی کارناسانی وەک گۆن گۆڕ- بەرپرسی تورکی رادیوی دویچەویلە-، ناکۆکیی و ململانێکی توند لە کۆمەڵگای تورکیەدا هەیە کە ئێستا داوێنی سەرۆترین کاربەدەستانی دەوڵەتیشی گرتۆتەوە. ئەردۆغان بە گرتنە بەری «سیاسەتی تورەیی» گەرەکیە بیروڕای خۆی بەرێتە پێش.

محەممەد ساڵح خاتەم- رۆژنامەنووس و لێکدەرەوەی سیاسی تورکیە لە ئیستانبوڵ-، پێی وایە: ئەگەر عەبدوڵڵا گوڵ بیهەوێ خۆی بەربژێری سەرکۆماری بکا؛ ناچار دەبێ لە ئاکەپە بێتە دەر. چونکە ئەو حیزبە ئەردوغان نامزەد دەکا.

ئەوەش دەتوانێ رەهەندێکی دیکە ناکۆکییەکانی نێوخۆیی تورکیە زیاد کا. لەوبوارەوە دەڵێن: ئیمکانی سەرکەوتنی گوڵ زۆرە. چونکە گوڵ پتر هەوڵی بۆچوونی نێو یەکیەتیی ئورووپاو چاکسازیو ریفۆرم بەرەو مۆدێرنیزم دەدا. بەڵام ئەردۆغان زیاتر بۆ لای وڵاتانی ئیسلامیو عەرەبیو تەنانەت ئێرانیش هەنگاو دەنێ.

٤- رووداوەکانی پارکی گەزی لە ١٩ ی مەی ٢٠١٢ وە کۆمارخوازەکانی ناسیونالیستی توندئاژۆیی دەمەزەرد کردۆتەوە. ئەوان کە جەهەپە(حیزبی جمهووری دێموکڕاتیکی خەلق- گەورەترین حیزبی موخالیفی دوڵەت- و مەهەپە (حیزبی نەتەوەپرستی ناسیونالیست)، موخالیفو ردە سێی پارڵمانیو جەماعەتی گولەنو نیزامییەکانی لایەنگری کوودێتاو بەشێک لە لائیکەکانو ژمارەیەک دیکە لە موخالیفانی ئەردۆغان کە ئەو بە «ئیسلامی ئەمریکایی» ناوی دەبن، یەکیان گرتوە.

٥- ئەدۆغان کە زۆربەی قەیرانەکانی تا ئێستا تا رادەیەک بە سەرکەوتوویی تێپەڕ کردوە، بەهێندێک کرانەوەی دێموکراتێک بەرووی کوردەکاندا، شەریکێکی مەزنی لە مەیدان دا، هەیە. نەورۆزی ٢٧١٣ی کوردی بۆ یەکەم جار ئاپۆرای چەند میلیۆنی کوردان لە ئامەدو پەیامی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان- رێبەری زیندانی کراوی p.k.k لە ئیمرالی و کلیلی چارەسەری بە هێمنی پرسی کورد لە باکوور و لەوانەیە رۆژئاوای کوردستانیش-،



بە ئاشکرا، خوێندراوە و لاپەڕیەکی نوێ لە چارەسەری کێشەی کورد لە باکووری کورستان بەشێوەی ئاشتی خوازانە، کرایەوە. ئەمساڵ (٢٧١٤)ی کوردیش کارناواڵی بەرینی کوردان لە دیاربەکر و زۆربەی شارە کوردەکان لە فەزایەکی ئارام دا، نەورۆزیان پیرۆز کردو بەرگی چارەسەری ئاشتیخوازانە لەهەردوو لا نوێ بۆوە.

ئۆجەلان لە پەیامی نەورۆزی ٢٧١٤ ی کوردی دا، دەڵێ: زەبر وەشاندن لە ئەردۆغان، زەبر وەشاندنە لە پرۆسەی ئاشتبوونەوە لەگەڵ کورد. ئەو لاگیری ئەردۆغانە لە کێشە نێوخۆییەکانی تورکیەدا. بۆ وێنە: پشتیوانی نەکردن لە خۆپێشاندانەکانی پارکی گەزی دا. زۆر گەورە نەکردنەوەی کەیس (پەرەوەندە)ی گەندەڵی ئابووری لە ١٧ ی دیسامبری ٢٠١٣ دا، لایەنگری لە رێفۆرم و کرانەوەی دێموکراتیک، بە دژایەتیی لەگەڵ کوودێتاچییەکانو نەتەوەپەرسەکان دا. ناوبراو لە پەیامەکەیدا، باسی کردوە کە: پرۆسەی ئاشتی لە تورکیە پێویستە. گەلی کورد هیچ کات لە ئاشتی نەترساوە. ئۆجەلان سڵاوی نارد بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە رۆڵیان هەبوە لە هەنگاونانو هێنانی رەوتی ئاشتیدا.

ئەمساڵیش وەک پار، ئاپۆڕای میلیونی خەڵک لە ئامەد کۆبوونەوەو پەیامەکەی ئۆجەلان بە کوردی لەلایەن پەروین بوڵدان – هاوسەرۆکی فراکسیۆنی پارتی ئاشتیو دێموکڕاسی (بەدەپە)،و بە زمانی تورکی لەلایەن سڕی سورڕەیا تۆندەر- جێگری هاوسەرۆکی پارتی دێموکڕاتی گەلان (هەدەپ)، خوێندرایەوە. بولەنت ئارنج- جێگری سەرۆک وەزیر-، پەیامی نەورۆزی ئۆجەلانی بە باش زانی و وەک زامنی ئاشتی دانا. لەحاڵێک دا، دەوڵەت باغچەلی- رێبەری پارتی بزووتنەوەی ناسیونالیستی- و مستەفا دەستەجی- رێبەری پارتی یەکگرتووی گەورە-، دژایەتی توندیان لەگەڵ پەیامەکەی ئۆجەلان دەربڕیو هێرشیان کردەسەر.

لەیلا زانا لە ئاپۆڕای خەڵکی باتمان دا کوتی: هەڵبژاردنی ٣٠ ی مارچ، تەنیا هەڵبژاردنی چەند شارەوانییەک نییە بۆ ئیدارەکردنی چەند شاری گەورەو بچووک. ئەم بابەتە پێوەندی هەیە بە پرسە گشتییەکانی کورد لە تورکیەدا. ئەگەر کوردەکان دەنگی زۆرتر بێننەوەو دەنگ بە کاندیداکانی بەدەپە بدەن، بەڕێز ئۆجەلان لە دانوسان لەگەڵ تورکیەدا، بەهێز دەبێ. کاتێک سەرکەوتنی مەزن وەدەست هات؛ نەورۆزی ساڵی داهاتوو بەڕێز ئۆجەلان لە لای ئێمە دەبێو هەموومان دەتوانیین ئازادیی ئۆجەلان ببینین.

ئاکامی نزیکەی ٩٨٪ ئەو هەڵبژاردنە بەپێی بڵاوکروەکان بەم جۆرەیە: ئاکەپە پتر لە ٤٣٪ ، جەهەپە پتر لە ٢٥٪، مەهەپە پتر لە ١٧٪ و بەدەپە نزیک ٥٪ - میلیۆنێکو نۆسەدو چلو حەوت هەزار-، هەدەپە نزیکەی ٩٠٠ هەزار، ئەحمەد تورک- بەربژاری سەربەخۆ، نزیکەی ٢٠٠ هەزار دەنگ، هۆداپار- حیزبێکی نەتەوەیی- ئیسلامی یە-، پتر لە ٩٠ هەزار و هەکپارا- کەماڵ بورکای سوسیالیست-، پتر لە ٤٠ هەزار دەنگیان هەبووە کە سەرجەم پتر لە ٣ میلیون دەنگن.

لێداون و قسەکانی بەڕێزان، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، جەمیل بایەک، مراد قەرەیەڵان، لەیلا زانا، سەلاحەدین دەمیرتاش، ئەحمەد تورک و .... کاریگەریی رێژیی لە سەر دەنگەکانی کوردان بەرەو هەڵکشان هەبوو.

ئاکەپە سەرکەوتنێکی گەروەری وەدەست هێناوە و بەدەپەش دەنگەکانی رێژەیی زیادیان کردوە و پتر لە ١٠٠ شارەوانییان وەدەست هێناوە. ئامەد، وان و ماردین سێ پارێزگای گەورەن کە بەڕێزان، گولتەن کشاناک و... بوون بەشارەداری ئەم شوێنانە.

سەرکۆمارو سەرۆک وەزیرانی زۆر وڵات پەیامی پیرۆزباییان بۆ ئەردەغان- سەرۆک وەزیری تورکیە – نارد. ماری هاف – وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بەداخستنی ماڵپەڕی تویتێر بە هۆی ئەردۆغانو سەرکوتی دژبەرەکان، رەخنەی لە ئەردۆغان گرت. بەڵام رێزی لە دەنگ دەرانی لە تورکیە کرد.

کاک مەسعوود بارزانی – سەرۆکی هەرێمی کوردستان-، یش پەیامی پیرۆزبایی بۆ ئەرۆغانو بەدەپە نارد. ناوبراو لە بەشێک لە پەیامەکەی بۆ ئەردغان وتبووی: بێگومان ئەو هەڵبژاردنە هەنگاوێکی پڕبایەخی تورکیە بوو بۆ پتەوکردنی بنەماکانی دێمۆکڕاسیو دەسەڵاتی گەل.

کاک مەسعوود بۆ بە دە پەش وتبووی: «مایەی خۆشحاڵی ئێمەیە دۆزی گەلی کورد لە باکووری کوردستان لە رێی خەباتی سیاسیو دێموکڕاسییانەی خۆی رۆژبەرۆژ بەرەو پێشیوە دەچێ. بیگومان ئەودەسکەوتانە بەهۆی خەباتی ئاشتیانە و دێموکڕاتیانە دەێنە دی. بەهادارو کاریگەرنو دەبنە هۆی قوڵتر بوونی تەباییو برایەتییو پێشکەوتنی زیاتر».

ئەو هەڵبژاردنە، هەوڵێکی نوێی دیکەیە بۆ گەلەکەمانە کە لە رێگای سندووقەکانی دەنگ دان هەوڵی بوونی خۆی وەک نەتەوەی دوویەم سەلماند. ئەگەر پارتو رێکخراوەکانی کوردی لە باکووری کوردستان بە هاوپەیمانیو یەک دەنگ رێککەوتبان، دەنگی پتر و کاریگەری زۆرتریان دەبوو.

بۆیە وێڕای پیرۆزبایی لەسەرکەوتنی نەتەوەکەمان لە باشووری کوردستان، ئومێدی تەبایی زیاترو دەستکەوتی مەزنتر لە خەبات و بەرخۆدانی کوردان دەکرێ. پێویستە دەوڵەتی رەجەب تەیب ئەردۆغانیش، سەرکەوتنی بەرفروانی خۆی بکاتە فرسەتێکی دیکە بۆ هەنگاوی زیدەتری کردنەوەی دێموکراتیک و چارەسەری پرسی کوردان، بەرەهەندی ئاشتیانە و بە پێی بەندەکانی جارنامەی مافی مرۆڤی جیهانی و هەڵکشان بەروە گەشە پێدان بە وتووێژەکان.

**سەرچاوەکان:**
**ئاوێنە نیوز**
**ئێران گڵۆباڵ**
**رۆژهەڵات تایمز**
**رۆژنامەی هەولێر**
**کوردستان و کورد**
**کورد پرێس**
**ماڵپەڕی رووداو و رووداو تی ڤی**

---

درێژەی:

## نەورۆز بۆ ئێمە، نەورۆز بۆ ئەوان

هەرچی زووترە وتارەکە کۆتایی بێ و هەڵپەرکێ و گۆرانییە بێ ماناکان دەست پێ بکا. ئەمەش هەڵگری ئەو پەیامەیە کە خەڵک ماندوو بووەو نایەوێ هەموو ساڵێک گوێ لە یەک پەیام بێ. بەجۆرێک دەکرێ بێژین پەیامو بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانی سەربە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر خراپیش لە ژێر کاریگەری تەلەفزیۆنەکانی باشووری کوردستانو فەزای تەمبەڵ پەروەی باشووردایە.

بەکورتی، لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی نەورۆز ئاوێتەی سیاسەتو پەیامی نەتەوەیی بووە، بەڵام نەمانتوانیوە وەک پێویست ئەم هەلە بقۆزینەوە بۆ نیشاندانی ئیرادەی نەتەوەییو بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی. هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کەمکاری حیزبەکانو نەبوونی جیدیەتێکی خەباتکارانەی مەدەنی بۆ رێکخستنی خەڵکو دروست کردنی نارەزایەتی. بەشێکیشی بۆ ئەو فەزایە دەگەڕێتەوە کە ئەمرۆ بەسەر رۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە و هەموو شتێک لە روانگەیەکی ئەمنییەتییەوە لێک دەداتەوە.

### کۆتایی

پێم وایە نەورۆز بۆ نەتەوە و وڵاتانی دیکە لە ناوچەکەدا دەکرێ لەم شێعرەی «حافظ»دا کورت بکەینەوە کە ئەێژێ :» نفس باد صبا مشک فشان خواهد شد / عالم پیر دگرباره جوان خواهد شد». ئەمە بەتەواوەتی ئەوەمان پێ دەسلمێنی کە نەورۆز بۆ ئەوان ئاوێتەی سیاسەت نەبووە و وەک سروشتی خۆی گرێدراوی بەهارو وەرزی نوێو ساڵی نوێو ... بووە. بەپێچەوانەی گەلانی ناوچەکە نەورۆز بۆ کورد جیاواز بووەو ئەمەش رەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی کوردیدا رەنگی داوەتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە شیعری شاعیرانی کورددا گرنگی بە هاتنی وەرزی نوێو نوێ بوونەوەی سروشت و ... دراوە، ئەو لایەنەشی دیارە کە نەورۆز تێکەڵی سیاسەتو پرسی نەتەوەیی کراوە. بۆ وێنە پێرەمێرد ئەێژێ:» نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە / لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە / ئەوا رۆژهەڵات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە / خوێنی شەهیدە رەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە / تا ئێستە رووی نەداوە لە تاریخی میللەتا / قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا.»

هەروەها شاعیری گەورە «عەبدولا پەشێو» لە شێعری « ئەمساڵ بێ چیا، نەورۆز ناکەم « بە تەواوەتی دیوی سیاسی نەورۆز لای کورد زەق دەکاتەوە. بەگشتی دەتوانین بێژین کە نەورۆز بۆ کورد بۆنەیەکی گرنگەو ئەم بۆنەیە جگە لەوەی بۆنەیەکی کولتووریو کۆمەڵایەتییە، بۆنەیەکی سیاسییە. ئەمرۆ لە باکوری کوردستان ئەم بۆنەیە بۆ نیشاندانی ئێقتداری نەتەوەییو ئیرادەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت کەڵکی لێوەرد دەگیردرێو کاریگەریی خۆشی داناوە. بەداخەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەتوانراوە ئەم دەرفەتە کەڵکی لێوەربگیردرێ، هەرچەند کۆمەڵێک هەوڵو چالاکیی خۆرسک هەیە، بەڵام ئەوانە وەڵامدەر نینو پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێ.

کوردستان

ژمارە: ٦٢٩

١٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٣

٥ی ئاوریلی ٢٠١٤

# ئەدەب و هونەر

# لە بەرە بەری ساڵیادی ڕۆژنامەگەری کوردیدا، وەفایێک بۆ ژۆرناڵیستێکی دەروەست!



عەلی لەیلاخ

دوای داهێنانی سەنعەتی مەزنی چاپ لە سەردەستی «یوحەنان گوتەنبرگ (١٤٦٨/١٣٩٨) کە بۆ بەهۆی پەرەپێدان بە هزوبیری ئینسانەکان و گەشەی چاپەمەنیوبەرزبوونی ئاستی شارستانیەت. یەک لەوانە کە بە دوای سەرهەڵدانی سەنعەتی چاپ لە دایک ببوو، بڵاوکروەوایەکە بە ناوی «ڕۆژنامە»و پیشەیەک بەناوی ڕۆژنامەنووسی.

ڕۆژنامە هەڵگری هێندێک تایبەتمەندییە کە لێرە بە گوێرەی لێکولەرێکی ئالمانی بە ناوی «ئۆتۆگروت» کە لە ٥ خاڵدا ئاماژەی پێ کردووە دەیخەینەروو:

١-بە شێوەیەکی دەوری لانیکەم هەفتەی جارێک دەربچێت.

٢-گرینگیدانوخستنە بەرباسی کێشەکانی سەردەمی خۆی

٣-بە ئامێری چاپ بنووسرێت

٤-هەموو کەسێک بتوانێ بە پارەی خۆی دەستی بکەوێت

٥-پێویستە ناوەڕۆکی هەمە جۆر پێوەندی بە چین وتوێژەکانی کۆمەڵانی خەڵکەوە بێت.

هەروەها یەکەم حەوتوونامە لەشاری سترانسبۆرگ بە ناوی پێوەندی (ڕێلە بیشن) لە ساڵی ١٦٠٩ لە لایەن جۆرج کارلۆس چاپوبڵاوکرایەوە، دوای ئەمە یەکەم ڕۆژنامەی ڕۆژانە لە لەندەن بە ناوی (دیلی کرانت) لەساڵی ١٧٠٢دا لە سەر دەستی « ئیدوارد کرانت»بڵاوکرایەوە.

**مێژووی ڕۆژنامەگەری کوردی؛**

٢٢ی بانەمەڕی ساڵی ١٨٩٨ ڕۆژێکی مێژوویيە لە ڕۆژمێری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامەوانی کوردی کە بۆ یەکەم جار لە سەردەستی «میقداد بەدرخان» لەشاری قاهیرەی میسر یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بە ناوی (کوردستان) لە دایک بوو. شایانی باسە لە ٣٠٠٠دانەی ئەم ڕۆژنامە کە چاپ دەکرا نزیک بە ٢٠٠٠دانەی بە خۆڕایی لە کوردستان دابەش دەکرا. ئەگەرچی بەداخەوە بە هۆی نەبوونی دەسەڵاتی سەربەخۆی سیاسیوکیانی کوردی، ڕۆژنامەی کوردی لە تاراوگە چاپ کراو دەستی بە چالاکی کرد، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی نالەباری سیاسیودۆزی کورد بە گشتی، بەڵام دەتوانین وەکوو بەربەرەکانییەک لەسەردەمی گەشەی ناسیونالیزمی کوردی چاوی لێبکەین. جێگەی خۆیەتی کە ئاماژەیەک بە ناوی چەن ئەستێرەی جڵەوکێشی ئەم کاروانە بکەین، شۆرە سوارانێک وەکوو:

میقداد میدحەتی بەدرخان (١٨٩٨)

-عەبدولکەریمی ئەفەندی (ڕۆژی کورد ١٩١٣)

-مستەفا پاشای یامولکی (گۆڤاری بانگی کوردستان١٩٢٢)

-مێژوو نووس حوسەین حۆزنی موکریانی (گۆڤاری زاری کرمانجی١٩٢٦)

-ئیبراهیم ئەحمەد (گەلاوێژ١٩٣٩)

-عەلاعەدین سەجادی (گۆڤاری نزار)

-پیرەمێردی شاعیر(گۆڤاری ڕۆژانەی ژین)

-مەلا شەریف ڕەنگەرێژی (ڕۆژنامەی ئازادی ١٩٤٥)

کاروانی ڕۆژنامەگەری کوردی ئەگەرچی تا ئێستا نە حەساوەتەوەو هەردەم تووشی کۆسپ وگرفت بۆتەوە، بەڵام شلگیرانە خەریکی چالاکی هزریی وڕۆشنگەرییە. ئەگەرچی کورد بە هۆی چارەنووسی نەخوازراو لە چەند سەدەی ڕابردوودا بە ناچار بۆ گەیشتن بە مافە ڕەواکانی خۆی دەستی داوەتە خەباتی پارتیزانیوشەڕی بەرگریوچەکدارانەی دەستپێکردووە، بەڵام هاوکات لە گەڵ شۆڕشی چەکداری بۆ گەیاندنی دەنگی حەقخوازانەی خۆیوخەباتی ڕەوای گەلی بن دەستی کورد، لە مەیدانی ڕۆشنبیریوخەباتی هزرییوفەرهەنگی تائێستا کەمتەرخەمی نەکردووە. هەرچەند نەبوونی کیانی سەربەخۆ و دەسەڵاتی سیاسی دەیانوسەدان گرفتی لەسەر ڕێی چاپەمەنی کوردی بەتایبەت لە بواری ڕۆژنامەگەریدا دروست کردووە بەڵام هەمیشە هاوتەراز لە گەڵ شریخەی تفەنگ چەکی قایموبەهێزی قەڵەمیشی بەکار هێناوە. بۆ نموونە لە شۆڕشی شیخ مەحموودی حەفید لەبن بەردو ئەشکەوتی «جاسەنە»دا، چاپخانەی کوردی، ڕۆژنامەی «بانگی کوردستان» چاپوبڵاو دەکاتەوە. هەروەها لەسەردەمی کۆماری مەزنی کوردستان دەیان بڵاوکراوەی کوردی دەخرێتە بەردیدەی خوێنەرانولەم ڕێگەیەشەوە کورد تێدەکۆشی هەم بەشێوەی مەدەنیوهزریی داکۆکی بکات لەسەر ویست وداخوازیەکانی، هەمیش وەکوو بەڵگەیەک لە ئارشیڤی مێژوو خەباتی بێ وچانی خۆی تۆمای بکات.

ڕۆژنامەی «کوردستان» زمانحاڵی سەردەمی کۆمارو ڕاگەیاندنی ڕەسمی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە تائێستاش هەر بەردەوامە نموونەیەکی هەرەبەرچاوە لە خەباتی ڕووناکبیرانەوچالاکیی فەرهەنگیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەرچەند بە هۆی کێشەوگرفتی دوورەوڵاتیونەبوونی دەسەڵاتی سەربەخۆ، ئەم بڵاوکراوە بە تەواوی ناچێتە خانەی «ڕۆژنامە»وە، بەڵام تا ئێستا هەم سیاسەتەکانی حیزبی ڕاگەیاندووە هەمیش بووتە مەکتەبێک بۆ بارهێنانوفێرکردنی دەیان قەڵەم بەدەستی دەروەستوهەڵسووڕ.

***

بە پێی ڕاپۆرتی هەرساڵەی پەیامنێرانی بێ سنوورو، ڕێکخراوەی هەڵمەتی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان، ڕەوشی چالاکانی بواری ڕۆژنامەگەری لە وڵاتانی ئێرانوعیراق وتورکیا یەگجار نالەبارەو لە ئاستێکی بەرزدا مافی ڕۆژنامەنووسانی کورد پێشێل دەکرێت.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەیان ساڵە قەڵەم بەدەستانوڕۆژنامەنووسانی کورد کەوتوونەتە بە دەستگای ڕەشی سانسۆرودەسەڵاتی پێشێلکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران. لەسەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕێژیمە هیچکات ڕۆژنامەیەکی کوردیوڕۆژنامەنووسێکی کورد نەیانتوانیوە بێ کێشەوچەرمەسەری درێژە بەکاری فەرهەنگی بدەن. بە بیانووی «هەوڵدان بە دژی ئەمنییەتی ئێران» و بە تۆمەتی(محاربە) دەیان بڵاوکراوەیان جوانەمەرگ کردوەوچەندین نووسەروڕۆژنامەنووسیشیان ڕەوانەی زیندانەکان کردووە. بۆ نموونە «عەدنان حەسەن پوور»بە کۆنترین ڕۆژنامەنووسی زیندانی لە ئێران ناسراوە، عەدنان حەسەنپوورکە لەرۆژی٥ ڕێبەندانی ١٣٨٥هەتاوی لە لایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیرکرا سەرەتا بە ئێعدام مەحکووم کرا، دواتر ئەم حوکمە کرا بە ٣١ساڵ زیندانو لە کۆتاییدا بە ١٥ ساڵ زیندان حوکم درا. جێی ئاماژەیە یاسای قەزایی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ئەم ڕۆژنامەنووسەدا بە پێچەوانەتر لە جاران جووڵاوەتەوە چونکە دوای تێپەرکردنی نیوەی زیاترلە زیندانی بوونەکەی نەک ئیزنی مەرەخەسی پێ نەدراوە، بەڵکوو سەدان کیلۆمیترلە خاک وزێدی خۆی دوورخراوەتەوەو ئێستا لە بەلووچستان لە زیندان دایە.



جیگەی خۆیەتی کە ئەمساڵ لە ساڵیادی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، دۆسیەی ئەم ڕۆژنامەنووسە کە نمادی قەڵەمێکی دیل کراوو ژۆرنالیستێکی دوورخراوەی کوردە لە کۆمەڵگایەکی نادیموکراتیک، زیاترو باشتربخرێتە بەرباس وڕای گشتیوهەموو ناوەندە پێوەندیدارەکان ببنە دەنگێک بۆ گەیاندنی دەنگی کپ کراوی ئەم قەڵەمە دیل کراوە، هەتا لە زۆترین کات ئازاد بکرێو دیسانەوە درێژە بەچالاکیوخزمەتی فەرهەنگی بدا.

شایانی باسە لە ماوەی نزیک بە ٨ساڵ زیندانی بوونی «عەدناندا» هەر قەڵەمەکەی بە تین وگڕماوە وچەندین بابەت و وتاری بەنرخ لەم نووسەرە دەروەستە بڵاوکراوەتەوە.

**بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانترده‌بێ**

**قۆڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە!**

**ژێدەر: ماڵپەڕی ویکیپیدیا،نووسەراوەکانی عەدنان حەسەن پوور..**

هەڵچینی

# چنینەوەی هەڵەی خۆم



مستەفا شێخە

ئەمەی خوارەوە بابەتێکە لە گۆشەی «هەڵەچینی»ی ژمارەی رابردووی ئەم ڕۆژنامەیەیەی بەردەستتاندا بڵاوم کردۆتەوە. چاوی جاسووسیم کوێر بێتو قامکی پەلاپیتکیم شکێت، خۆ منیش وەک خەڵکی دیکە نەمئەنگاوتووە. دوای بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە، هاوڕێیەکی زۆر زۆر زۆر نزیکم، هەڵەکانی چنی، لەناو کەوانەدا ڕاستەکانی نووسی و پێی دامەوە. منیش بە هەموو لایەکی دەسەلمێنم خۆم بەڕاستی هەڵەچێنم.

بابەتە «هەڵەئامێز»ەکە: (ببوورن، هەڵەئامێزیش هەر هەڵە چاندنە)

یادی زگچوونی تیپی زەیتوون دەکرێتەوە

پێش ئەوەی مەکتەبخانە بگاتە گوندو شارۆچەکە (شارۆچکە)و شارەکانی ئێمە، دەوڵەمەندو زەنگینو پارەدارو ئاغاوەتی دەست ڕۆیشتوو، کەسێکی خوێندەواریان دەدۆزیەوە (دەدۆزییەوە) و لای خۆیان ڕایاندەگرت. بە تەغارو پووتو بارو کەویژو عەربە، گەنمیان دەدایەو منداڵەکانیان دەنایە بەردەستیانو ئەوانیش فێری خوێندنو خوێندنەوەیان دەکردن. هێندێک کەسیش منداڵە نازدارەکانیان دەنایە بەردەستی مامۆستای ئاوایی. مامۆستاش ئەو منداڵانەی بە نیوەمەلای لەخۆی کەم خوێندەوارتر دەئەسپاردو نیوەمەلاکە موستەعیدیان پێدەگوتو فێروخوازەکانیش (فێرخوازەکانیش) بە سوختە نێودێر دەکران.

سوختە دەکەوتە بەردەستی موستەعیدو موستەعید لەبەردەست مامۆستا دابوو. ئەگەر مەلا لەماڵەوە لەگەڵ مەلاژنەدا نێوانی خۆش بوایە، ئەوە بە قازانجی موستەعید بوو. بەڵام موستەعیدەکان بە پڕۆسەی پڕ لەهەورازو نشێوی هاوسەرگیریدا تێنەپەڕیبوون. لە ئەنجامدا سوختە ناچار بوو بەشێک لە قورسایی بێ مەلاژنیی موستەعیدیش بخاتە سەرشان. فێرخوازانی بەردەستی مەلا لە ژوورێکی نزیک مزگەوتی ئاوایی بەناوی حوجرە دەرسیان دەخوێندو منداڵانی بەردەستی میرزای بەکرێگیراوی ئاغاواتو دەوڵەمەندەکانیش لە سووچێکی دیوەخان لەبەردەم کابرای خۆێندەوار (خوێندەوار) لە سەر ئەژنۆیان دادەنیشتنو دەرسیان دەخوێند. فێرخوازانی هەردوو بوارەکە لە خوێندنی دوو کتێبی گوڵستانو بوستانی سەعدیی شیرازیدا هاوبەش بوون. ئەوکاتو دوای دامەزرانی (دامەزرانی) مەکتەبخانەی مۆدێرنو سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی مۆدێرنیش، بەشی هەرە زۆری باوکان بەو تەمایە کوڕەکانیان دەنایە بەرخوێندن کە کاتێک دەچنە شارانو بە وڵاتاندا دەگەڕێن، وەک کوێران نەبن. باوکان پاساویان ئەوەبوو، دەیانگوت: تا ئێستا خۆمان نەخوێندەوارینو وەک کوێرین. واباشە منداڵەکانمان لانیکەم فێری خوێندنەوە بنو ئەگەر چونە (چوونە) شاران بتوانن تابلۆی شەقامو سەر نۆڕینگەی پزیشکانو ئیدارە حکوومیەکان بخوێننەو (بخوێننەوە و) ناچار نەبن پرسیاری هەموو شوێنێک لەخەڵکی شارەکە بکەن.

دوای ئەوە قوتابخانەی مۆدێرن لە شارو گوندان دروست کرانو کچانو کوڕان بە لێشاو چوونە بەرخۆێندن (خوێندن)و خوێندن، پەروەردەی نوێ پسپۆڕو ماموستای بوارە جیاوازەکانی بەرهەم هێنا. خەڵک پۆل پۆلو دەستە دەستە وەک مێگەلە مەڕی نێریکێش کراو سەریان بە ژووری پۆلی زانکۆکاندا کردو خوێندەواری پلە بەرزی قەپۆز بەرانیی لووت بڵند لەم خوێندنگایەنەوە گەڕانەوە ناو کۆمەڵگا.

زمانیش وەک سەرکیترین (سەرەکیترین) کەرەستەی پەیوەندی گرتنی مرۆڤەکانو کانگای بیرو ئەندیشەو فەرهەنگو تێگەیشتن کەوتە بەر تیشکی لێکۆڵینەوەو گەلێک مرۆڤی شارەزا لەبارەی زماندا بەڵگەنامەی بەرزیان لە زانکۆکان وەرگرت.

لەم چەند ڕۆژەی رابردوودا لە خزمەت کۆمەلێک لە ماموستاو نووسەراندا بووم. لەو شوێنەی لێی بووین، لەناکاو لەسەر دەرگای ژوورێکدا چاوم بەم رستەیە کەوت:

«هۆڵی یادەوەری ڕەوانکردنی تیپی زەیتوون».

چەندی لەخۆم نووسامو فشارم بۆ ئەم چەندگرامە شلەپەتەی ناو کاژەڵاکم هێنا، ئەویش هیچی بەدەستەوە نەدا، هەر دەیگوت تێی ناگەم. هەر لەو شوێنە کۆڕێکی گەورەی ئەدەبی بۆ نووسەرانی پایەبەرزی کورد گیرابوو. نووسەرو شاعیرو ڕەخنەگری یەکەیەکەو بەناوبانگو ناوبەدەروەی (ناوبەدەرەوەی) لێبوون. هەر بە ڕێکەوت چەند دانەیەکم هەڵبژاردو بەرەو ئەم دەراگایە (دەرگایە) ڕۆیشتمو گوتم ببوورن ماموستایان، چەندی دەکەم لەم ڕستەیە ناگەم! هیچکامیان وڵامێکی وەک ئەوەی دیکەی پێ نەبوو. ئەو ماموستایانەی دەمبردنە بەر ئەو دەرگایەی ئەم ڕستەیەی لەسەر نووسرابوو، پێکەنینێکی تاڵیان دەهاتێ. بەرەو ڕستەکە گڕ دەبوونەوەو پشتیان تێدەکردو دەڕۆیشتن. لەدوورەوەش ئاوڕێکیان وێدەداو بە بزەیەکی تاڵترەوە ڕێگەیان دەگرتەوەبەر. بە موبایلەکەم وێنەیەکی ڕستەکەم گرتو بردم پێشانی سەرۆکی یەکێک لە زانکۆ بەرزەکانی کوردستانمداو ئەویش گوتی تێی ناگەم.

بە ناچاری هەر خۆم بیرم لێکردەوە. لە دەروونی خۆمدا گوتم هۆڵ یانی»هاڵ، ژوورێکی گەورە، قاعە، حەوشەی ماڵ»، یادەوەرەیش (یادەوەریش) یانی «بیر هێناوە (بیرهێنانەوە) و بیر کەوتنەوە و وەبیر هێناوە (وەبیرهێنانەوە)». راونکردنیش (ڕەوانکردنیش) وشەیەکە زۆر هەڵدەگرێت: «ناردن، بەڕێکردن، تووشی زگچوون کردن، لەبەر کردنو شتی دیکەش». تیپی زەیتوونێش (زەیتوونیش) بەو بەشە لە سوپای کۆریای باشوور دەگوترێت کە شان بەشانی سوپای ئەمریکا لە عێراق دژی سەدام و کەسوکار و حیزبەکەی جەنگان.

**دوای لێکدانەوەیەکی زۆر بەم ئاکامە گەیشتم ئەمە مانای ئەم ڕستەیە بێت:**

**«هۆڵی وەبیرهێنانەوەی تووشی زگچوون کردنی تیپی زەیتوون»**

**ئەگەر واش بێت، دیارە هۆڵە خاوێن کرابۆوە، چونکە لەوێ کەس هەستی بە بۆنی ناخۆش نەکرد.**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 629 5 april 2014

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137
polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508578190
Tashkilat.kdp92@gmail.com

بەر لە ماڵاوایی

# پارێزگاری لە ژینگە ئەرکێکی گشتیو نەتەوەییە



کوێستان فتووحی

سێزدەبەدەر لەلای ئێرانییەکان‌و ئەوانەی لە ئێران‌دا دەژین بە ڕۆژی «طبیعت» واتە سروشت ناسراوە. جگە لەوەی بە ڕۆژی سروشت ناسراوە، وەک ڕەسم‌و نەریتێک خەڵک لە ماڵەکانیان دەچنە دەرو بە ناوی سێزدە دەرکردن ئەو ڕۆژە لە نێو داوێنی سروشت‌دا بە شادی‌و خۆشی ڕادەبوێرن. لێرەدا ناچمە سەر بابەتی سێزدەبەدەر لەچییەوەهاتوەو هی چ نەتەوەیەکە، تەنیا سێزدەبەدەر دەکەمە بەهانەیەک بۆ باس کردنی مەسەلەیەک کە لە سێزدەبەرە گرنگترە. ئەویش باس لە ژینگەوسروشتە کە چۆن لەکاتی ئەو سەیران‌و گەشتە بەهاریانەدا کە خەڵک بۆ کەڵک وەرگرتن لە سروشتی جوانی کوردستان و حەسانەوەو هەڵمژینی هەوایەکی خاوێن لە وەرزی بەهارو هاوین‌دا لە شارو ماڵەکان دەچنەدەرو دەیانەوێ چێژ لە ژیان وەربگرن، بپارێزن.

قسەکردن لەسەر ژینگەو ژینگەپارێزی، کاری پسپۆران‌و شارەزایانی بواری ژینگەیە، بەڵام ئەوەی منی هاندا لەوبارەیەوە چەند دێڕێک لەسەر کلتووری ژینگەپارێزی بنووسم، ڕۆڵ‌و ئەرکی ژنان‌و چالاکانی ژینگەپارێزە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دروست کردنی کلتووری ژینگەپارێزی‌دا. ئەمڕۆکە پاراستنی ژینگە وەک یەکێک لە گرنگترین بنەماکانی گەشەسەندنی جیهانی، پێویستیی بە بەشداریی راستەقینەو ئاگایی کۆمەڵگە هەیە. ژنان بە هۆی ئەوەی نەخش و ڕۆڵی گرنگیان لە ئیدارەی بنەماڵە و پەروەردە و فێرکردنی منداڵ‌دا هەیە، دەتوانن وەک هێزیکی کاریگەر، هەر وەک چۆن دەتوانن نیگابان و پارێزەری منداڵەکانیان بن، هەر ئاواش دەتوانن نیگابان‌و پارێزەری ژینگە بن. هەر تاکێک لە دەست خۆی دایە کە شوێنی ژیانی خۆی چۆن دەپارێزی یا وێرانی دەکا. زۆرن ئەو مرۆڤانەی بۆ ژیانی خۆشیان بایەخ دانانێن‌و ڕیزی لێ‌ناگرن. هەر بۆیە دەبینین بەگشتی لە کەلتووری زۆربەی خەڵکدا زۆر بەکەمی دەبینرێ گرنگی بە پاراستنی ژینگە بدرێ.

ئایا چەند سەعاتێک گەشت‌و سەیران‌و شادی بایەخی ئەوەی هەیە بۆ چەندین ساڵ زیان بەو سەیرانگاو ئەو سروشت‌و شوێنەی دانیشتووین و حەساوینەتەوە، بگەیەنین؟

بەخۆشییەوە چەند ساڵێکە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەنێو کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنی‌و تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادیی‌و نیشتماندۆستی، نەریتێکی جوان‌و ژینگەدۆستی، دەستی پێ‌کردوەو لەحاڵی‌پەرەسەندن دایە کە جێگای خۆشحاڵی‌یە بۆ هەموو ئەوانەی لە خەمی ژینگەو نیشتمانی خۆیان دان. ئەوان دەزانن پارێزگاری لە ژینگە لە پلەی یەکەم‌دا لەدەستی ئەو هێزو لایەنانەدایە کە دەستەڵات‌و سامان‌و بوودجەی وڵاتیان بەدەستەوەیە، بەڵام دەزانن کە تاکەکانیش دەبێ لەم بوارەدا وەخۆکەون تاکوو ژیان بۆ منداڵانی دواڕۆژ جوانتر بکەن.

شکاندنی تفەنگە شکارییەکان‌و ئازادکردنی باڵندەکێوییەکان، پاکوخاوێنی سەیرانگەو شوێنەگشتییەکان، ڕێگرتن لە سووتاندنی دارستانەکان‌و .... لە لایەن چالاکانی ژینگەپارێزەوە، هەموو ئەوانە دانانی بناغەی ئەو فەرهەنگەیە کە منداڵانی ئەمڕۆ دەبێ فێری ببن. منداڵ دەبێ فێربن کە چۆن ژینگەو نیشتمانەکەیان خۆشبوێ. ئینسانەکان دەبێ ڕفتاری دروست‌و ئینسانی لە گەڵ سروشت‌و گیانلەبەران لە منداڵییەوە فێرببن. ڕێزگرتن لە مافی ئەوی دیکە، ئینسانییەت و مێهرەبانی دەبێ لە منداڵییەوە فێر ببن، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە کوردستان، منداڵان زۆرتر هەر نامێهرەبانی لەگەڵ سروشت‌و گیانلەبەران لە گەورەکان دەبینن‌و فێر دەبن. خۆشەویستی وڵات هەر ئەوە نیە ئاڵای کوردستان بەرز بکەینەوەو هەڵبلێین بەسەر مێژووە پڕلە خەباتەکەمان لە دژی داگیرکەران، ئەوە تەنیا لایەنێکیەتی. کەسێک کە بەڕاستی وڵاتی خۆی خۆش بوێ‌و بیهەوێ لە زیان‌و مەترسییەکانی دوژمن بیپارێزێ، دەبێ ئەو دەروەستییەشی تێدا بێ، کە ژینگەکەی، وڵاتەکەی لە زبڵ‌وزاڵ‌و پاشماوەکانیش بیپارێزێ. هەرکەس لەئاست خۆیەوە بەتایبەتی دایکان‌و باوکان لەم بوارەوە ئەرکێکی زۆر بەرپرسانەیان لەسەرشانە. ئەوان دەبێ نەوەیەک بۆ ئەو نیشتمانە پەروەردە بکەن کە سروشتیان خۆشبوێ‌و ڕێزی لێ‌بگرن‌و پێوەندییەکی دۆستانەیان لەگەڵی‌دا هەبێ. ئەمانە دەبێ وەک تایبەتمەندیی بەرزو جوانی ئینسان سەیر بکرێ. ئینسانەگەورەکان بەرپرسن لە ئاست سروشت‌دا بە هەموو پێکهاتەکانیەوە. ئەوە ئەرکێکی نیشتمانی‌و نەتەوەییە. ئارامی‌و خۆشی تەنیا مافی ئینسان نیە بەڵکوو گیانلەبەران‌و سروشتیش ئەو مافەیان هەیە کە ڕێزیان لێ‌بگیرێ. ئەو ڕەوتەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن تێکۆشەرانی ژینگەپارێزەوە دەستی پێکردوە، دەبێ وەک خەباتێکی نەتەوەیی‌و نیشتمانی ببینرێ‌و بەپێزانینەوە سیری بکرێ. کوردستان نیشتمانێکی جوانە، پارێزگاری لەوجوانییە، ئەرکی هەموو تاکێکی ئەو وڵاتەیە. ئەگەر تێکۆشەرانی ژینگەپارێزی لە کوردستان بەمشێوەیەی ئێستا کار بۆ ئەم عەقڵیەتە بکەن‌و پەرەی پێ‌بدەن، بە دڵنیاییەوە ژیانی منداڵانمان لە داهاتوودا ڕوونتر و گەشتر دەبێ. بەڵام ئەوەی من لە ماوەی چەند ساڵ ژیانم‌دا لە باشووری کوردستان دیومە کەمتر مەترسیدارتر نیە لە توانەوەی کێوە سەهۆلەکان، کە هەزاران‌و میلیۆنان مرۆڤ گیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە. هەر ئێستا لە باشووری کوردستان بەهۆی ئەو ژینگە پیسەی کە خەڵک بۆخۆی دروستی کردوە، بە هەزاران ئینسان گیانی لە مەترسی‌دایە. ئەگەر بەمشێوەیە بڕوا هەتا چەندساڵێکی دیکە لێرە لە باشووری کوردستان کێوی زبڵ‌و پاشماوە دروست بێ. دڵنیام حکوومەتی هەرێمی کوردستان هێندێک کار دەکا لە پێوەندی لەگەڵ ژینگەو ژینگە پارێزی‌دا، بەڵام بەداخەوە تائێستا نەیتوانیوە لەنێو خەڵک‌دا کەلتوورێک دروست بکا کە ئەوان نیشتمانەکەیان لە پیس بوون بپارێزن.

منداڵان لەگەڵ عەرزو ئاسمان‌و گیانلەبەران ڕووحێکی پاک‌و بێگەردیان هەیە کەچی بەداخەوە لەم وڵاتانەی ئێمەدا زۆربەیان کە گەورە دەبن لەگەڵ سروشت‌و گیانلەبەران وەک دڕندەیەک دڵڕەقانە دەجووڵێنەوە.

بەو هیوایە ڕەوتی پارێزگاری لەژینگە ببێتە کەلتوورێکی گشتی‌و هەموو لایەک بەئەرکی نەتەوەیی‌ونیشتمانی بزانن‌و منداڵانی داهاتووی ئەم نیشتمانە داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانییان بکا.

**سەرکەوتن بۆ تێکۆشەرانی ژینگەپارێزی لە کوردستان**

## بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە سارمەدین سادق وەزیری لە ئەورووپا




کۆمیتەی بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە سارمەدین سادق وەزیری ڕایگەیاندوە کە ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە سارمەدین سادق وەزیری بۆ بەرزنرخاندنی ٧٠ ساڵ خەبات لەپێناو ئازادی و مافی مرۆڤ، بە هەوڵی کۆمەڵێک لە ڕێکخراو و ناوەندەکانی شارستانیی و مافی مرۆڤی کورد و کۆمەڵێک لە دۆستان و هاوکارانی بەڕێزیان، ڕۆژی شەممە ١٧ی جۆزەردانی ١٣٩٣ی هەتاویی لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان بەڕێوە دەچێ.

سارمەدین سادق وەزیری کەسایەتییەکی خۆشەویست و خەباتکارێکی ئازادیخوازە کە زیاتر لە نیو سەدە لە ژیانی خۆی بۆ هاتنەدیی ئازادیی و دێموکراسیی لە ئێران بەتایبەت لە کوردستان تەرخان کردووە. بەڕێزیان زیاتر لەناو کۆڕ و کۆمەڵە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی ئازادیخواز و دێموکراتیکی ئێران، لە زەینی مێژوویی چەند دەیەی ڕابردوودا شوێنی تایبەتیی هەبووە. ئەمەش ڕێز و پێگەیەکی تایبەتی بەو بەخشیوە کە بەڕاستییش شایانی خۆیەتی.

ئەم کەسایەتییە ناسراوەی لایەنگری مافی مرۆڤ، کەسێکی درووستکار، خاوەن بڕیار لە پێگەی مافناسیکدا، سیاسەتوان، قازیی و پارێزەری دادوەریی، نەخشێکی زۆر کاریگەر و بەرچاوی لە ڕێنیشاندان و پێشەنگایەتیی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوە بندەستەکان لە ئێران لە بەرامبەر حکوومەتە سەرەڕۆکان هەبووە.

ڕێوڕەسمی ڕێزلێنان لە بەڕێز سارمەدین سادق وەزیری پێک دێت لە پێشکەشکردنی وتار، هۆنراوە، پێشاندانی فیلم و مۆزیکی ڕاستەوخۆ.

## پیشاندانی فیلمی دیکۆمێنتیی هەزارویەک سێو لە ئەکادیمیای بریتانیا

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ٢٦ ساڵ بەسەر کۆمەڵکوژیی ئەنفال‌دا، فێستیڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن فیلمی دیکۆمێنتیی هەزارویەک سێو، لە دەرهێنانی هونەرمەندی کۆچکردوو تەها کەریمی لە ئەکادیمیای بریتانیا بۆ هونەری فیلم‌و تەلەفزیۆن پیشان دەدا.

ئەو فیلمە ڕۆژی یەکشەممەی حەوتووی داهاتوو، ٢٤ی خاکەلێوە پیشان دەدرێ‌و هەروەها لە هۆڵی میوانداریی ئاکادیمیاکەدا کۆمەڵێک بەرهەمی هونەری دەربارەی ژینۆسایدکردنی کورد لەلایەن هونەرمەندانی کوردو بیانییەوە پیشان دەدرێن‌و پاش پیشاندرانی فیلمەکەش مێزگردێک بۆ گفتوگۆ دەربارەی سینەمای کوردی‌و ڕەنگدانەوەی ژینۆساید لە سینەماو هونەری کوردیدا، لەلایەن فیلمسازان‌و ڕەخنەگرانی بواری سینەماوە ڕێک دەخرێ.




## دۆزرانەوەی دوو پەیکەری بەردین لە ئەشکەوتی چیای بالوقایەی سەقز

بە پێی نوێترین زانیارییەکان دوو پەیکەرەی بەردینی گەورە لەناو ئەشکەوتەکانی چیای بالوقایەی گوندی ئەحمەدئاوای سەربە شاری سەقز دۆزراونەتەوە کە مێژوویان بۆ سێ هەزار ساڵ لەمەو بەر دەگرێتەوە.



دۆزینەوەی ئەو پەیکەرانە ئاماژەیەکی گرنگن بە مێژووی کۆن و شارستانییەتی لەمێژینەی نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئەم هەواڵە لە ئاکاونتی کاک عومەر فاروقی مێژووناس‌و لێکۆڵەری خەڵکی شاری سەقزدا وەرگیراوە.

کاک عومەر فاروقی سالانێکە خەریکی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیە لە مێژووی کوردستان، یەکێک لەوشوێنانەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوە ئەشکەوتی بالوقایەی گوندی ئەحمەدداوای سەربەشاری سەقزە کە ڕۆژی ١٥ی خاکەلێوە لەگەڵ تیمەکەی کە بۆ لێکۆڵینەوە چووبوونە ئەشکەوتەکە، کەوتوون بەسەر ئەو پەیکەرانەدا.

## یەکەم ژمارەی گۆڤاری کوردیا بڵاوکرایەوە

گۆڤاری «کوردیا» کە گۆڤارێکی سیاسییەو گرنگی و پرسە نەتەوەیی و ستراتیژییەکان دەدات، یەکەم ژمارەی بڵاوکرایەوە.

«کوردیا»، یەکەم گۆڤاری کوردییە کە سەرجەم بەڕێوەبەرانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن‌و لە باشووری کوردستان دەردەچێ. ستاقی بەڕێوەبەری ئەم گۆڤارە پێکهاتووە لە: کۆمەڵێک چالاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

یەکەم ژمارەی کوردیا بۆ تاوتوێ کردنی پرسی کۆنگرەی نەتەوەیی‌و هۆکارەکانی دواخستن‌و پێک نەهاتی ئەو گۆنگرەیە تەرخان کراوە. لەم ژمارەیەدا وێڕای چەندین ڕاپۆرت‌و وتاری ڕەخنەگرانە، کۆمەڵێک چاوپێکەوتن لەگەڵ زۆربەی حیزبە سەرەکییەکانی هەر چوارپارچەی کوردستان بەرچاو دەکەوێ.







پاراستنی ژینگە ئەرکێکی سەرەکی هەر تاکێکی کۆمەڵگەیە